ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان


# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره۷۳۲ ▪ چوارشەممە ۳۱ی گەلاوێژی ۱۳۹۷ _ ۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۱۸

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## گەندەڵەکان دەپارێزرێن و لەقاودەرانیان دەگیرێن



نادر فتوورەچی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس بە تاوانی! لەقاودانی گەندەڵییەکی ماڵی لە تاران بانگ کرایە دادگا و لەبەر ئەوەی توانای دابینکردنی بریگرتەی نەبوو، خرایە زیندانەوە. نادرفتوورەچی پێشتر گەندەڵییە ماڵییەکان لە سندووقی پاشکەوتی فەرهەنگییانی لە هەڵلا دابوو و، ئاشکرای کردبوو کە بۆ دابینکردنی تێچووی زنجیرە فیلمی «شهرزاد» لە سندووقی پاشکەوتی فەرهەنگییەکان بڕی ۱۳۰ میلیارد تمەن دزی کراوە.

ئاشکرابوون و کاردانەوە بەو بابەتە لە بیروڕای گشتیدا کاری گەیاندە ئەو جێیەی کە مەحموود سادقی، نوێنەری شاری تاران لە مەجلیس کاردانەوەی توندی هەبێ و بڵێ: «دیسان لەجیاتی گرتنی گەندەڵەکان، لەقاودەری گەندەڵییەکان گیرا و، ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسە بەزووترین کات ئازاد نەکرێ، بەڵگەکانی سەلمێنەری ئەم دزییە بڵاو دەکەمەوە.»

ئەو کاربەدەستەی ڕێژیم ئەوەی گوت، بەڵام نەیگوت باشە ئەدی چۆنە هەتا هەواڵی دزییەکە ئاشکرا نەببوو، دزەکە یان دزەکان ئاسوودە پاڵیان دابۆوە و کەس متەقی دەرنەدەهات؟ ئێستاش پرسیار ئەمەیە مەگەر بەڵگەکان بۆ لەقاودانی دزی و گەندەڵییەکان بۆ ساتوسەودای سیاسیی باڵباڵێن لەگەڵ یەکترین یان بۆ بەدواداچوون؟ یان بۆچی لە خەڵکیان دەشارنەوە؟

# «گەلاوێژ» باوەڕ و ڕووناکایی ڕێی گەلێک

▪ سەروتار

## ۳۹ ساڵ جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان

د. ئاسۆ حەسەنزادە

۲۸ی گەلاوێژ لە بیرەوەریی بەکۆمەڵی گەلی کورد لە ئێراندا ڕۆژێکی ڕەشە. ۳۹ ساڵ پێش ئێستا، لە ۲۸ی گەلاوێژی ۱۳۵۸دا، واتە تەنیا چەند مانگ پاش ڕزگاربوونی گەلانی ئێران لە چنگ دیکتاتۆریی شاهەنشاهی، ئایەتوڵلا خومەینی فەتوای جیهاد بە دژی گەلی کوردی دەرکرد و دەستووری بە هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمەکەی دا بە توندترین شێوە خەڵکی ئازادیخوازی کورد و هێزە سیاسییەکانی کوردستان سەرکوت بکەن. چەند مانگ پێشتریش ئەرتەشی ئێران بەتایبەتی لە سنە خەڵکی بێدیفاعی بۆمباران کردبوو و بە سەدان کەسی لێ کوشتبوون، بەڵام ئەم فەتوای جیهادە ڕاگەیاندنی ڕەسمیی شەڕ و دەسپێکی هێرشێک بۆ سەر کوردستان بوو کە لەڕووی بەربڵاوی و جبەخانەی بەکارهاتوو لەلایەن ڕێژیمەوە هیچی لە کێشەیەکی چەکداریی نێودەوڵەتی کەمتر نەبوو.

سەرەتا مەریوان و پاوە، ئینجا مەهاباد و سەرجەم شار و شارۆچکەکانی کوردستان کرانە ئامانج. لەپێناو سەرخستنی کەمپەینی داگیرکردنەوەی کوردستان و زاڵبوون بەسەر خۆڕاگریی پێشمەرگەکانی کوردستان، ڕێژیم وێڕای گەمارۆ خستنەسەر کوردستان، پەنای بۆ وەحشیانەترین و قەدەغەکراوترین جۆرەکانی توندوتیژی برد. ئاخوند خەڵخاڵی لە دادگا نمایشی و سەرپێیەکانیدا بە سەدان کەس لە لاوانی کوردستانی ئێعدام کرد، فانتۆم و هێلیکۆپتێر و تۆپخانەی ڕێژیم نێو شارەکانیان بۆردوومان کرد، خەڵکی بێدیفاع لە گوندەکان قەلاچۆ کران. قارنێ، قەڵاتان، چەقەڵ مستەفا، خەلیفەلیان (لە نەغەدە)، ئیندرقاش، وسووکەند، سەوزی و قەرەگۆل (لە مەهاباد)، هەڵەقۆش و گێچە (لە ورمێ)، ساروقامیش (لە بۆکان)، سۆفیان (لە پیرانشار)، بایزاوێ (لە شنۆ) تەنیا بەشێک لەو گوندانەن کە کۆمەڵکوژییان تێدا کرا. تەنانەت زۆر گوندی کوردستان بۆ نموونە لە دەڤەری برادۆست بە تەواوی لە دانیشتووانیان پاک کرانەوە. هەمووی ئەمانە تاوانی شەڕ، تاوان بەدژی مرۆڤایەتی و تاوانی ژێنۆسایدن.

فەتوای جیهادی خومەینی بەدژی گەلی کورد لە کاتێکدا بوو کە هەلومەرجێک کە لە کوردستاندا زاڵ بوو هاوشێوەی ئەوە بوو کە لە باقیی شوێنەکانی ئێران هەبوو،

۲









ڕۆژی پێنجشەممە ۲۵ی گەلاوێژ لە قەڵای دێموکرات، بەبەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب و، نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسی و حکومییەکانی شاری کۆیە؛ یادی ۷۳ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرز ڕاگیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا کاک مستەفا مەولوودی، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان وتاری حیزبی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد.

زەروورەتەکانی دامەزرانی حیزب لە کاتی خۆیدا، دەسکەوتەکانی حیزب لە ڕەوتی ۷ دەیە خەبات و ئەو ڕەخنانەی لەو ماوەیەدا دەکرێ لە حیزبی دێموکرات بگیرێ، هەروەها سیاسەت و خوێندنەوەی حیزب لەبارەی گۆڕانکارییەکانی ڕۆژ لە ئێران و کوردستان، چەند تەوەرێکی وتارەکەی سکرتێری گشتی بوون.

کاک مستەفا مەولوودی گوتی حیزبی ئێمە توانی عەقڵییەتی سیاسیی کورد بگۆڕێ و لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبیدا هەنگاو بۆ مافە نەتەوەییەکان هەڵگرێ و لەسەر ئەم بیرۆکەیە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. ئاڵا، سروود، هێزی بەرگریی نیشتمانی، پێشمەرگە، گوتاری نەتەوەیی و زۆر هێما و پرەنسیپی نیشتمانی و نەتەوەیی دیکە، داهێنان و لە میراتە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

خوێندنەوەی پەیامی لایەنە سیاسییەکان، سروود و چەند بڕگەیەکی هونەری بەشەکانی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.

## شەپۆلێکی نوێ لە خۆکوشتنەکان لە کوردستان

لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ۷۹ کەس لە کوردستان بە شێوازی جۆربەجۆر خۆیان کوشتووە. شەپۆلی نوێی خۆکوشتنەکان لە کوردستان دوای ئەوە دێ کە فشارە ئابووری و ڕووحییەکان هێندەی دیکەی ژیان لە خەڵک تاڵ کردووە و بێهیوا بە ژیان و داهاتووی کردوون.

لە یەک ساڵی ڕابردوودا ۱۴۰۰ کەس لە کوردستان هەوڵی خۆکوشتنیان داوە و بە بەراورد لەگەڵ ئاماری خۆکوشتنەکان لە ئاستی ئێراندا، کوردستان پشکی سەتا ۲۸یان لەو خەسارە کۆمەڵایەتییە بەردەکەوێ.

ئامارە ڕەسمییەکان لە ئێران دەڵێن لە ماوەی ساڵی ۱۳۹۶ی هەتاویدا ٤۹۹۲ حاڵەتی هەوڵدان بۆ خۆکوشتن لە ئێراندا تۆمار کراوە. پارێزگای ئیلام بە ۵۵۰ هەزار کەس حەشیمەتەوە بە ۸۰۰ حاڵەتی خۆکوشتن لە ساڵێکدا لە ڕیزی یەکەمی ئەو پارێزگایانە دایە کە زیاترین هەوڵی خۆکوشتنیان تێدا تۆمار کراوە. دوای پارێزگای ئیلام، پارێزگاکانی کرماشان، ورمێ و سنە لە ڕیزی شەشەم، دەیەم و چواردەیەمدا جێیان گرتووە.



## هەموو شتێک گران بووە جگە لە ماددەی هۆشبەر

دوابەدوای هەڵدێرانی نرخی دراوی ئێران لە بەرامبەر دراوی بیانیدا و چوونەسەرێی نرخی هەموو جۆرە کاڵا و شمەکێک لە ئێران، تەنیا ماددەی هۆشبەرە کە نرخەکەی وەستاوە و گران نەبووە.

کارناسان بازاڕ دەڵێن هۆکاری گراننەبوونی ماددی هۆشبەر بۆ «مودیرییەت»ی سەرکەوتووی بازاڕی ماددەکانی هۆشبەر لەلایەن قاچاغچی و مافیاکانەوە دەگەڕێتەوە. مافیاکانی قاچاغ وبڵاوکردنەوەی ماددەی هۆشبەر نرخەکان لە خوارێ ڕادەگرن و بەوەش قازانجی زیاتر دەکەن، بە جۆرێک کە لە حاڵێکدا نرخی هەموو کەلوپەلێک لە ئێراندا هەرنەبێ دوو هێندە گران بووە، بەڵام نرخی ماددەی هۆشبەر هەروا سەقامگیرە و بۆ نموونە تریاک چەند ساڵێکە کیلۆی لە ٤ میلیون تمەن تێ ناپەڕێ.

ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن دوو میلیون و ۸۰۰ هەزار کەس لە ئێران موعتادن، بەڵام کارناسانی سەربەخۆ دەڵێن ئاماری ڕاستەقینەی خووگرتووان بە ماددەی هۆشبەر لە ئێران لانی کەم سێ هێندەی ئامارە ڕاگەیەندراوەکانە.






وتاری ۲۵ی گەلاوێژی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان/۲_۳



حیزبی دێموکرات و داهاتوو وتووێژ لەگەڵ کەماڵ کەریمی/۴_۵



لە بەرژەوەندیی گشتییەوە تا کۆنتراکتی سیاسیی هاوبەش/۶




ئێران لە عێراق بەدووی چیدا دەگەڕێ/۷



دیاردەی گەندەڵی لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا!/۸



سێ پیشمەرگە و زەبوونیی سوپایەک/۱۰



چریکەیەک لە بێستوونەوە /۱۱

# وتاری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزب



**له تەواوی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا، خەڵکی کوردستان بەردەوام و بە هەموو جۆرێک و شێوەیەک لە مەیدانی خەباتدا، لە پشتی ئەم حیزبە بوون. ئەو کاتانەی کە بە هەر هۆیەک تێکۆشانی ئاشکرای حیزب سنووودار کرابێ، خەڵکی کوردستان ئازایانە بە بزاوت و حەرەکەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕێگای خەباتی شوناسخوازیی خۆیان گرتووەتە بەر و، بە دژی پیلانەکانی ڕێژیم لە مەیداندا بوون و بە تێکۆشان و چالاکی لە بەستێنی مەدەنی و کولتووریدا سەنگەری خەباتیان ئاوەدان ڕاگرتووە و بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکرات و بزاوتی مەدەنی خەڵکی کوردستان بەتەواوی ئاوێتەی یەکتری و تەواوکەری یەکدی بوون**

**هاونیشتمانییە بەڕێزەکان!**
**خەڵکی خەباتکاری کوردستان!**
**بنەماڵەی بەڕێز و سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!**
**ئەندامان و کادر و پێشمەرگە تێکۆشەرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**میوانە بەڕێزەکان!**

بەخێربێن بۆ ڕێوڕەسمی یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان. بەم بۆنەیەوە، بە نوێنەرایەتیی ئەندامان و ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان جوانترین پیرۆزبایتان پێ دەڵێم و، سلامەتی بۆ ئێوە و، سەرکەوتن بۆ حیزبەکەمان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئاوات دەخوازم.

دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان لە پەیامێکدا کە بەبۆنەی ٤٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێشکێشی کردوە، لە چەند بەشێکدا بەمجۆرە باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دەکا:

«حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێگایەکی دوور و درێژی بڕیوە، ڕێگایەک کە پڕ بووە، لە تەنگ و چەڵەمە، لە هەوراز و نشێو، لە شکست و سەرکەوتن، بەڵام هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار و هیچ سەردەمێکی ڕەش نەیتوانیوە پێشگیری لە درێژەدان بە خەباتی حیزبەکەمان بکا و ئاڵای بەرزی ئەم خەباتە هەر شەکاوەتەوە.

پێکهاتنی حیزبی دێموکرات پێویستیەکی مێژوویی بوو، لەو کاتەدا حیزبی دێموکرات و شۆڕشگێر پێویست بوو کە بەرنامەیەکی ڕوونی هەبێ و بتوانێ بزووتنەوەی پان و بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەڕێوە بەرێ و، ئەو بزووتنەوەیە بخاتە نێو ڕێبازێکی دێموکراتیک و پێشکەوتنخوازانە. حیزبێک کە بتوانێ پەیوەندیی پتەو لە نێوان جووڵانەوەی میللی ـ دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان و سەراسەری ئێران پێک بێنێ و هەر لەو کاتەدا خۆیشی بۆ وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی ئامادە بکا.

بە شانازییەوە دەڵێین کە حیزبی ئێمە تەمەندرێژترین و بەئەزموونترین ڕێکخراوی سیاسی و مێژوویی کوردستانە. ئەوە هەم جێگایەکی تایبەتی لە خەباتی دوور و درێژی نەتەوەی کورددا بۆ حیزبی دێموکرات دیاری دەکا و هەم مەسئوولییەتێکی گەورەی دەخاتە سەر شانی. ئێمە دڵنیاین کە لەم خەباتە دژوار و خوێناوییەدا کە خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات درێژەی پێ دەدا، سەرکەوتن هەر بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگێری گەلی کوردە، چوونکە داخوازەکانی ڕەوایە، چونکە ئەم بزووتنەوەیە ئی هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.»

**بەشدارانی بەڕێز!**

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو بەشە لە قسەکانی نەمر دوکتور قاسملوو، باشترمان بۆ دەردەکەوێ کە حیزبی دێموکرات بە چ مەبەستێک دامەزراوە، ڕێگای خەباتی چەندە سەخت و دژوار بووە و چ مەسئوولییەتێکی مێژوویی دەکەوێتە سەرشان. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ماوەی ٧٣ ساڵ خەبات و تێکۆشانیدا بەپێی هەلومەرجی گونجاو لە هەر چەشنە مێتۆدێکی شۆڕشگێری و خەباتکارانە بۆ بردنەپێشێی دۆزی کورد لە ئێران کەڵکی وەرگرتووە. حیزبی ئێمە لە هەموو قۆناغەکانی خەباتدا بەدوای چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد بووە، هەر کاتێک کە زەمینەی وتووێژ و دیالۆگ ڕەخساوە. لەگەڵ حکومەتی ناوەندی کەوتۆتە دانوستان و ویستوویەتی لە ڕێگای وتووێژەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی خەڵکی کورستان بدا، خۆ ئەگەر حکومەتی ناوەندییش بەربەستی لەسەر ڕێگای دیالۆگ دروست کردووە و ویستوویەتی بە زەبری هێز کوردستان لە پاوانی خۆی بگرێ و خەڵکی کوردستان سەرکوت بکا، حیزبی دێموکرات بە خەباتی پێشمەرگانە و بەپشتیوانیی خەڵکی کوردستان بەرگریی لە مافەکانی خەڵکی کوردستان کردوە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی کوردستانی بەهێز و سەنگەری بەرگریی لەسەرپێ ڕاگرتووە.

هەڵبەت حیزبی دێموکرات هەر بەوەندە شێوازەش لە خەبات و تێکۆشان بەسەندەی نەکردووە، بەڵکوو بە کاری دیپلۆماسی و پەیوەندیگرتن بە کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و مرۆڤدۆستانە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا هەوڵی داوە حەقانییەتی بزووتنەوەی ڕەوای خەڵکی کوردستان بە جیهان بناسێنێ و ڕەفتاری دوژمنکارانەی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران لە دونیادا لە قاو بدا، بەو جۆرە سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ مەسەلەی کورد و مافی خەڵکی کوردستان ڕابکێشێ.

دیارە لە هەموو ئەو ماوەیەدا و لەگەڵ ئەوەدا ئەم حیزبە تێکۆشەرە لە ماوەی پتر لە ٧ دەیە تەمەنی خۆیدا بەهۆی سیاسەتی زەبروزەنگی حکومەتە ناوەندییەکان لە ئێران چەند ساڵێک نەبێ ئەوەی دیکەی نەیتوانیوە بە ئازادی و بەبێ بەربەست و گرفت لە کوردستان تێکۆشانی سیاسیی هەبێ، بەڵام وەک دەبینین حیزبی دێموکرات لە ڕێگای سازماندانی خەڵک لە نێو شانە و هەستەکانی حیزبیدا و پەیوەندیی نەپساوەی لەگەڵ چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و، هەروەها کۆی ئەو دەسکەوتە مێژووییانەی بۆ بزووتنەوەی کوردی دەستەبەر کردوە، ئێستاش هەر حیزبی جێی هیوا و هۆمێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە. بەتایبەتی بەهۆی کارە گەورە و مێژووییەکانی حیزبی دێموکرات کە لە ماوەی ئەو ٧٣ ساڵەدا کردوونی؛ وەک: دامەزراندنی کۆماری کوردستان، خەبات و تێکۆشانی بەردەوام، واقعبینانە سیاسەتکردن و بەرپرسانە جووڵانەوە لە هەمبەر ویست و داوای خەڵکەکەی؛ دایرەی پەیوەندیی حیزبی دێموکرات سنووری تەشکیلاتی تێپەڕاندوە و بووەتە حیزبی هەراوی خەڵکی و جەماوەری و؛ پەیوەندیی هەمەچەشنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەنانەت کولتووری لەنێو خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا دروست بوون و ئاوێتەی یەکتری بوون. هەر بۆیەشە خەڵکی کوردستان بەو متمانەیەی بە حیزبی دێموکراتیان بووە، لە پێناو ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا کە خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی، دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادییە، تێچوویەکی زۆریان داوە و خوێن و گیان و ژیان و ماڵی زۆریان بەخشیوە. لە تەواوی ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکراتدا، خەڵکی کوردستان بەردەوام و بە هەموو جۆرێک و شێوەیەک لە مەیدانی خەباتدا، لە پشتی حیزبی دێموکرات بوون. ئەو کاتانەی کە بە هەر هۆیەک تێکۆشانی ئاشکرای حیزب سنوودار کرابێ، خەڵکی کوردستان ئازایانە بە بزاوت و حەرەکەتی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕێگای خەباتی شوناسخوازیی خۆیان گرتووەتە بەر و، بە دژی پیلانەکانی ڕێژیم لە مەیداندا بوون و بە تێکۆشان و چالاکی لە بەستێنی مەدنی و کوولتوریدا سەنگەری خەباتیان ئاوەدان ڕاگرتووە و بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین چالاکیی سیاسیی حیزبی دێموکرات و بزاوتی مەدەنی خەڵکی کوردستان بەتەواوی ئاوێتەی یەکتری و تەواوکەری یەکدی بوون. ئەوەش فەزایەکی تەواو سیاسی و شۆڕشگێرانەی لە کوردستاندا پێک هێناوە کە لە ئەگەری هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکدا دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کوردستان دەسکەوتی زۆر گەورەی لێ چاوەڕوان بکرێ.

**هاونیشتمانیانی خۆشەویست!**

تایبەتمەندی و شانازییەکانی حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی خەباتی نەتەوەییدا، لە قۆناغەکانی ئیدارە و بەڕێوەبەریی وڵاتدا، لە بواری دروستکردنی نەتەوە و شوناسخوازیدا زۆریان لەسەر گوتراون و نووسراون.

حیزبی ئێمە توانی عەقڵییەتی سیاسیی کورد بگۆڕێ و لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبیدا هەنگاو بۆ مافە

⇦

دریژەی:

## ٣٩ ساڵ جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان

واتە هەلومەرجێکی ئینقلابی کە لەودا خەڵک بە هەوڵ و لە خۆبوردوویی خۆیان شۆڕشیان سەرخستبوو و کۆنتڕۆڵی بارەگاکانی دەوڵەت و پادگانەکانیان بەدەستەوە گرتبوو. بەو جیاوازییە کە خەڵکی کوردستان ڕازی نەبوون بەرهەمی خەبات و فیداکارییان لەلایەن ئاخوندەکانەوە بەتاڵان بچێ. ئەوان هەر لە سەرەتاوە ماهییەتی ڕێژیمی تازەیان ناسیبوو و کوردستان تەنیا بەشی کۆمەڵگەی ئێران بوو کە ڕێفراندۆمی دیاریکردنی نیزامی بایکۆت کردبوو. کێشەی کوردستان بۆ دەسەڵاتی تازەی تاران هەر ئەوە نەبوو کە کوردەکان داوای خودموختارییان دەکرد، بەڵکوو بەپێچەوانەی ئەو فەزا داخراو و کۆنەپەرستانەیە کە ئاخوندەکان دەیانویست بەسەر ئێرانیدا بسەپێنن، لە کوردستان فەزایەکی لائیک و کراوە زاڵ بوو، فەزایەک کە لەودا هەموو فکرەکان بە ئازادی ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە و بە کردەوە کار بۆ یەکسانیی ژن و پیاو دەکرا. لە تارانیش هاواری ئازادیخوازی کپ کرا، لە تورکمەن سەحراش ویستی شوناسخوازانە خەڵتانی خوێن کرا. بەڵام لە هیچ شوێنێک بە ئەندازەی کوردستان دڕندەیی و بەربەرییەت بەکار نەبرا، چونکە کوردستان لە هەموو شوێنێکی ئێران زیاتر لەسەر دیفاع لە ئازادی سوور بوو؛ هەر لە بنەڕەتەوە مۆدێل و جەهانبینیی کوردستان لە هەموو ڕوویەکەوە پێچەوانەی مۆدێل و جەهانبینیی کۆماری ئیسلامی بوو. سەرەڕای تەبلیغاتێک کە کۆماری ئیسلامی هەمیشە ویستوویەتی لە بیروڕای گشتیی ئێراندا جێی بخا، کوردەکان ئاشقی شەڕ و توندوتیژی نەبوون و نین؛ ئاشقی ژیان و خوازیاری ئاشتین. ئەوان هەمیشە پشتیوانی کرانەوە و بەشداریی سیاسی بوون و تەنانەت ڕێبەرانیان لەسەر مێزی وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت تێرۆر کراون. کەچی ئەوەی ٣٩ ساڵ پێش ئێستا لە ٢٨ی گەلاوێژدا ڕووی دا، هەموو ساڵێک و هەر ساڵە بە چەشنێک لە خەڵکی کوردستان دووبارە بۆتەوە. لەو چوار دەهەیەدا کوردەکان هەروا قوربانیی ستەم و تەبعیزی دوو چەندان بوون؛ هەزاران کەس لە چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد لە زیندانەکاندا شکەنجە و ئێعدام کراون؛ پارتە سیاسییەکان و پێکهاتە مەدەنییەکان لە هەر جۆرە دەرەتانێکی ڕاستەقینەی تێکۆشانی ئازاد بێبەشن؛ خوێندن بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان هەروا قەدەغەیە؛ دێموگرافیی قەومی لە دەڤەرە ستراتژییەکانی کوردستان تێک دراوە؛ تەنانەت زیانی گەورەیان بە ژینگەی کوردستانیش گەیاندووە: بە ئەنقەست ئاگر لە دارستانەکان بەر دەدەن، ئاوەکانی کوردستان لە ناوچە ناوەندییەکانی ئێران دەگرن، ئاسار و کانزا گرانبایەکانی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچە جنووبییەکانی کوردستان بە تاڵان دەبەن. کوردستان زیاتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێران لە گەشەسەندن بێبەش کراوە؛ هێزە ئەمنییەکان تەنانەت دەست لە کۆلبەرانیش ناپارێزن و هەموو ڕۆژێ چەند کەسێکیان دەکەنە قوربانی. ٣٩ ساڵە فەتوای جیهادی خومەینی لەژێر سانسۆری دەوڵەت بۆ سەر پرسی کوردستان و لە تەقریبەن بێتەفاوەتیی کۆمەڵگەی سیاسیی ئێراندا بەڕێوە دەچێ. ئێستا کە تێگەیشتنی ٣٩ ساڵ پێش ئێستای کوردەکان بۆ ماهیەتی کۆماری ئیسلامی و چارەنووسێک کە ئەو ڕێژیمە بۆ ئێرانی بە دیاری هێنا دروست دەرچووە؛ ئێستا کە ڕێژیم لەژێر باری فشارە دەرەکییەکان و ئیعترازاتی خەڵکدا لە سەرەولێژیی ڕووخان دایە هەموو لایەک دەبێ بزانن کە لەژێر پێستی نەخشەی سیاسیی ئێراندا ئەوەی هەیە تەنیا ویستی ئازادی و دێموکڕاسی نییە. فرەچەشنییەکی نەتەوایەتیشە، شوناسخوازییەکی ڕەوا و مەعقولیشە. ئەوانەی ئایندەی ئێرانیان بۆ گرینگە دەبێ بزانن کە بەبێ دەرس وەرگرتن لە ٢٨ی گەلاوێژ و ئاوڕدانەوەی دروست و ئازایانە لە پرسی کوردستان و بەگشتی مەسەلەی پێکەوەژیانی گەلان لە ئێران، ئەو وڵاتە هەرگیز ئەو ئایندەیەی نابێ کە ئەوان ئارەزوویانە. چەند ساڵێکە بەتایبەتی بەهۆی ڕۆڵی پێشمەرگە لە شەڕی تێرۆر و داعشدا دەرکەوتووە کە کورد فاکتەرێکی گرینگی ئایندەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە. بەڵام لێرەشدا کوردەکانی ئێران لەبیر کراون و پەراوێز خراون. ئاشتی و سەقامگیری لە ڕۆژهەڵات نێوەڕاست و پێوەندیی سالمی ئەم ناوچەیە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەبێ هاتنەسەرکاری ڕێژیمێکی دێموکڕات و میانەڕەو لە ئێراندا مومکین نییە. هەر دەوڵەتێک، هەر لایەنێک، ئەو ڕاستییەی قبووڵ بێ دەبێ بزانێ کە پشتیوانی لە کوردەکانی ئێران و بەهێزکردنیان، یارمەتی بە وەدیهاتنی ئەو ئامانجە دەکا.

***



نەتەوەییەکان هەڵ گرێ و لەسەر ئەم بیرۆکەیە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. ئاڵا، سروود، هێزی بەرگریی نیشتمانی، پێشمەرگە، گوتاری نەتەوەیی و زۆر هێما و پرەنسیپی نیشتمانی و نەتەوەیی دیکە، داهێنان و لە میراتە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکان بۆ بەرجەستەکردنی خەبات، ڕەچاوکردنی هەموو شێوازەکانی تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانە، پرەنسیپەکانی دۆستایەتی و پێوەندی سیاسی، ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی و بە تێچووی قورسی گیانی ڕێبەرانی شەهیدمان پرستیژێکی تایبەتیی بە حیزبی ئێمە بەخشیوە و پاشخان و ئەزموونێکی زۆر و بەبایەخی بۆ وەسەر یەک ناوین.

حیزبی دێموکرات وەک باسمان کرد ئامانجەکەی وەدەستهێنانی مافی نەتەوایەتی، دابینکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستانە. خۆ ئەگەر سەرنج بدەینە شیعاری سەرەکیی حیزبی دێموکرات؛ چ کاتی خۆی، کە دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان شیعاری ستراتیژیکیی ئەو حیزبە بوو و، چ ئێستا کە «دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی فیدراڵ» دروشمی ئەم حیزبەیە؛ دەبینین کە هەڵبژاردنی ئەم شیعارانە زۆر واقعبینانە و بە لەبەرچاوگرتنی خواستی زۆرینەی خەڵکی کوردستان و بە پێی هەلومەرجی سیاسیی جیهان و ناوچەکە و پێکهاتەی ئێران بووە. وردبوونەوە لەو هەلومەرج و بارودۆخە پێمان دەڵێ ئەو ئامانجانەی کە حیزبی دێموکرات بۆیان تێ دەکۆشێ دەکرێ لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا بێنە دی، بەجۆرێک کە هەموو ئێرانییەک بەشێوەی ئازاد و دێموکراتیک لە ئیدارە و بەڕێوەبەری وڵاتدا بێ جیاوازی بەشدار بێ. هەرێمە نەتەوەییەکانی ئێران هاوکات کە دەبێ لە ئیدارە و بەڕێوەبەریی سەراسەری وڵاتدا بەشدار بن، لە هەرێمی خۆیاندا خاوەنی سیستمی بەڕێوەبەریی خۆیان دەبن. بەم جۆرە هەم یەکیەتیی گەلانی ئێران پارێزراو دەبێ و هەمیش مافی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە دابین دەبن.

هەر بۆیە حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانیدا هەوڵی داوە بۆ ئامانجی یەکخستنی وزەی خەباتگێڕانە و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ هێنانەسەرکاری ڕێژیمێکی سیاسیی دێموکرات و سیستمێکی فیدراڵ، لەگەڵ پێکهاتە و نەتەوەکانی ئێران و هێزە سیاسییەکانی ئەو وڵاتەدا پێوەندیی هەبێ. لە ئێستاشدا دەبینین کە بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەنەکان و حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ نیزیک بە ساڵێکە یەکیەتییەک لەنێو ١٠ ڕێکخراوی سیاسیی پێکهاتەکانی ئێراندا بەناوی «شورای دێموکراسیخوازان» پێک هاتووە کە هەر چەندە ئەوە بە تەنیا کافی نیە، بەڵام ناوەندێکی گونجاوە بۆ کۆکردنەوەی هێزە دێموکرات و پێشکەوتووخوازەکان و ئادرسێک بۆ زمانحاڵی ئۆپۆزیسیونی ئێران.

**حیزبی ئێمە توانی عەقڵییەتی سیاسیی کورد بگۆڕێ و لە چوارچێوەی کاری ڕێکخراوەیی و حیزبیدا هەنگاو بۆ مافە نەتەوەییەکان هەڵگرێ و لەسەر ئەم بیرۆکەیە کۆماری کوردستان دابمەزرێنێ. ئاڵا، سروود، هێزی بەرگریی نیشتمانی، پێشمەرگە، گوتاری نەتەوەیی و زۆر هێما و پرەنسیپی نیشتمانی و نەتەوەیی دیکە، داهێنان و لە میراتە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانن**

هەڵبەت حیزبی دێموکرات هەر بەوەندە نەوەستاوە، بەڵکوو کار دەکا بۆ پێکهێنانی یەکیەتیی دیکەش کە زۆربەی ئەو لایەنانە لەخۆ بگرێ کە باوەڕیان بە ماف و ئازادییەکانی پێکهاتەکانی ئەم وڵاتە هەیە، هەتا بە هەموومان بتوانین ئۆپۆزیسیۆنێکی کاری و کارا بین لە دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران .

### خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

دەزانین خەڵکی کوردستان لە تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی و لە سەنگەری بەرەنگاری لەهەمبەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا تێچوویەکی زۆری داوە، بەڵام ئەو گەلە ئازادیخوازە کۆڵی نەداوە و سەری خۆی بەرز ڕاگرتووە. بۆیە سەرەڕای هەموو ئەو فشارانەی لەسەر خەڵکی کوردستان بووە و سەرباری هەموو سیاسەتی ڕاگرتنی کوردستان وەک بەشێک لە ئێران لە پاشکەوتوویی و پەرەنەسەندندا؛ بەڵام بەهۆی لە مەیداندا مانەوەی هێزە خەباتکارەکانی و ئازایەتی و مافخوازیی خەڵکەکەی؛ ئەمڕۆکە لە کوردستان فەزایەکی تەواو سیاسی لە دژی حکومەت ڕەخساوە. خەڵکی کوردستان لە ئێستادا سیاسییانەتر و سازماندراوتر لەسەر هەست و، لەسەرپێن و؛ لەپێناو قۆستنەوەی دەرفەتەکان بۆ گۆڕانکاری هەنگاو دەنێن. بەڵام نابێ ئەوەش لە بەرچاوی خۆمان ون بکەین کە بەداخەوە بەقەرا زەرووورەتە مێژووییەکە و هەروەها چاوەڕوانی خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەگشتی نەیانتوانیوە هاوکاری مەیدانیی هاوبەشیان هەبێ و لە ئاستی پێویستییەکاندا بەیەکەوە بن و بزووتنەوەی کوردستان بە ئاراستەی دڵخوازی خەڵک و سەردەمدا هیدایەت بکەن.

دیارە پاش هەوڵ و تێکۆشانی زۆربەی حیزبەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە نێوان پێنج حیزبی خەباتکار و بەڕابردووی کوردستاندا پێکهاتووە و ئەگەرچی لە ماوەی کەمی پاش ڕاگەیاندنی هەندێ هەنگاوی هەڵگرتوون، بەڵام سرووشتییە کە هەموو لایەک چاوەڕوانیی کاری جیددیتر و زۆر لەوە زیاتریان لەو ناوەندە هەبێ. حیزبی ئێمە لە سەرەتاوە بە هەستکردن بە مەسئوولییەتی مێژوویی خۆی کاری بۆ بەهێزکردنی «ناوەندی هاوکاری» و هەروەها هاوکاریی زیاتر لەگەڵ هێزەکانی دیکەی کوردستانی ئێران کە لە دەرەوەی ئەم ناوەندەدا هەن کردوە و پێی وایە کە بە هەموو لایەک دەبێ بیر لە بەرنامەی بەربڵاوتر بۆ کاری هاوبەش و بەیەکەوە کارکردن بکەینەوە و هەنگاوی بەکردەوەی بۆ بنێین.

ئێمە لە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە ڕۆژی هەڵسەنگاندن و ئاوڕدانەوە و بەخۆداچوونەوەیە، ناچارین باس لە واقعێکی ناخۆشی تەشکیلاتی واتە لەتبوون و دابڕانەکان لە حیزبی دێموکراتدا بکەین کە دابڕانەکەی ١١ ساڵ پێش ئێستا دواهەمینیانە.

ئێمە دوای نیزیک بە شەش ساڵ ئاڵوگۆڕی بیروڕا و دانووستان لە پێناو یەکگرتنەوەدا و تا پێش کۆنگرەی دواجاری هاوڕێیانمان لە حدکا لێک تێگەیشتنێکی باش لە نێوانماندا دروست ببوو، هەر بۆیەش لە سەروبەندی گرتنی کۆنگرەکەیاندا دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان نامەیەکی ڕوو بە ئەندامانی کۆنگرە بڵاو کردەوە و داوای لێ کردن مادام بەخۆشییەوە زەمینەیەکی باش بۆ یەکبوونەوەی دوو لایەنی دێموکرات ڕەخساوە، هەوڵ بدرێ بەستێنێکی لەبارتر بۆ چارەسەری پرسەکە خۆش بکرێ؛ بەڵام بەداخەوە ئەو کۆنگرەیە بەهۆی هێندێک بڕیاری تەشکیلاتی وای کردوە ڕەوتی دانیشتنەکانمان لەگەڵ یەکتری بە تەواوی لە کزی بدا. لامان وایە ئەو کەسانەی بەدواداچوون بۆ ئەو پرسە دەکەن، دەزانن حیزبی دێموکراتی کوردستان چەندە لەو پێوەندییەدا بەرپرسانە جووڵاوەتەوە بۆ حەللی مەسەلەکە و، تەنانەت زۆر مایەشی لە خۆی داناوە. دیارە هەر چەندە ئێمە بە دروستی نازانین ڕێگای دیالۆگ و قسەکردن بەربەستی بێتە پێش، بەڵام ئەگەر حاڵەتی لەم جۆرە ڕوو بدا، ئەوا بەرپرسایەتیی ڕاوەستانی وتوویژ بۆ یەکبوونەوەی دێموکراتەکان لە ئەستۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان نییە.

**قۆستنەوەی هەل و دەرفەتەکان بۆ بەرجەستەکردنی خەبات، ڕەچاوکردنی هەموو شێوازەکانی تێکۆشانی سیاسی و پێشمەرگانە، پرەنسیپەکانی دۆستایەتی و پێوەندی سیاسی، ناساندنی پرسی کورد بە کۆمەڵگەی جیهانی لە ڕێگەی دیپلۆماسی و بە تێچووی قورسی گیانی ڕێبەرانی شەهیدمان پرستیژێکی تایبەتیی بە حیزبی ئێمە بەخشیوە و پاشخان و ئەزموونێکی زۆر و بەبایەخی بۆ وەسەر یەک ناوین**

### بەشداربووانی بەڕێز!

ئێمە لە کاتێکدا یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەکەینەوە کە وڵاتی ئێران بە هەلومەرجێکی زۆر دژواردا تێدەپەڕێ و خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەلومەرجێکی زۆر سەخت و دژوار دان. حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٤٠ ساڵ حاکمییەتی خۆیدا زۆر کێشە و قەیرانی قووڵی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی بۆ کۆمەڵگەی ئێران دروست کردوە و لە ئێستادا زۆربەی زۆری کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی لەخۆی بێزراو کردوە.

دەسەڵاتی خۆسەپێن، سەرەڕۆ و نادێموکراتیکی زاڵ بەسەر ئێران سەرچاوەی هەموو قەیرانەکانی ئێستای ئێرانە کە ژیانیان لە خەڵکی وڵاتەکەمان کردووەتە دۆزەخ، بەڵام دەسەڵات لە ئێستاشدا و سەرەڕای هەموو ئەو گوشارانەی لە سۆنگەی سیاسەتی چەوت و قەیرانخوڵقێنیی بەرەوڕووی ئێرانی کردووەتەوە، لە ڕەفتارەکانی خۆی بەردەوامە. ئەو ڕێژیمە لە کاتێدا خەڵکی وڵات بەرەوڕووی کارەساتبارترین ڕووی دیاردەکانی بێکاری و هەژاری بوونەتەوە، هەمدیسان لە گەندەڵییەکانیان و بەفیڕودانی سامانی گشتیی وڵات لەپێناو سیاسەتی هێژمونیخوازانەی خۆیان لە ناوچە بەردەوامن و بەردەوامیی مەترسییەکانی ئێران لەسەر سەقامگیری و ئەمنیەتی ناوچە و جیهانی لە ئێستادا؛ لەبەریەک ڕاوەستانی وڵاتانی ناوچە و ئەمریکا لە دژی ڕێژیمی لێ کەوتووەتەوە. لەم لەبەریەکوەستانەدا بەهۆی ڕەفتار و بڕیاری توند و شێلگیرانەی ئەمریکا هەر لە ئێستاوە نیشانەکانی پاشەکشێ و نەرمی نواندنی کۆماری ئیسلامی لە سیاسەتی دەرەوەیدا دەبینین، بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئێستا نەیویستووە پاشەکشەی لێ بکا و نەرمی لەسەر بنوێنێ، ڕەفتاری لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و، بیستنی دەنگی ئەوان و، گۆڕان لە بەرژەوەندیی خەڵک دایە. دەکرێ بڵێین کە کۆماری ئیسلامیی ئێران خەڵکی وڵاتی بە بارمتە گرتووە و وڵاتی کردووە بە زیندانێکی گەورە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران.

لە ئێستاشدا کە بەردەوامیی پێشێلکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵک و قوڵبوونەوە قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەستێنی لەباری بۆ نارەزایەتییە گشتییەکان لە دژی دەسەڵات ڕەخساندوە؛ لەبەریەکوەستانی خەڵک و حاکمییەت پتر لە هەموو کاتێک دیار و بەرهەستە و، ئەوەش زەمینە و دەرفەتی جیددتری ڕەخساندوە بۆ خەبات و تێکۆشان. لەو هەلومەرجەدا ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ئاستی ئێران و کوردستاندا نابێ ئەم دەرفەتە بە کۆماری ئیسلامی بدەن تا لە ئەگەری سازان لەگەڵ دنیای دەرەوە لەسەر هەندێ تەوەر و بابەتی وەک چەکی ناوکی، مووشەکی بالستیک و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی دیکەدا؛ ئەوەندەی دیکەش هەناسە لە خەڵکی توند بکا. ئەوە ئەرکی هەموو تاکەکانی کۆمەڵ، حیزب و لایەن و ڕەوتە سیاسی و مەدەنییەکانە بە یەکخستنی توانا و وزەی خەباتگێڕییان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار بە پاشەکشەی گەورە و چۆکدادان لەبەرابەر ویست و ئیرادەی خۆیان بکەن.

حیزبی ئێمەش لە سەنگەری پێشەوەی ئەم خەباتەدا خۆی بە پشت و پشتیوانی نارەزایەتییەکان و بزاوت و خەباتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەزانێ و کار دەکا کە باشتر لەو دەرفەتانە کەڵک وەربگیرێن هەتا نەخش و دەوری کاریگەرتریان لە بردنەپێشیی بزووتنەوەی سیاسیی ئێران و کوردستاندا هەبێ.

**بەهیوای سەرکەوتنی خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران**
**سەرکەوێ بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و**
**پیرۆز بێ ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان**

## سەردانی هەیئەتی حیزب لە ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سلێمانی_ هەڵەبجەی پارتی دێموکرات



ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی گەلاوێژ هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و سۆران نووری، ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لە سلێمانی سەردانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی سلێمانی_هەڵەبجەی پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد و لە لایەن عارف تەیفوور، بەرپرسی ئەنجومەنەوە بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەم سەردانەدا کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە وەزعیەتی سیاسیی ئێستای کورد لە ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان، خرایە بەرباس و گفتوگۆی لەسەر کرا و هەیئەتی حیزب بە ئاوڕدانەوە لە هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و هاوکێشە سیاسییەکان، یەکیەتی و یەکڕیزیی نێو ماڵی کوردیان لەم دۆخەدا بە زەرووری زانی.

هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و پرسی کورد لە پارچە جیاجیاکانی کوردستان و پێوەندی و کارتێکەریی خەباتی کورد بەتایبەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی باسەکانی ئەم دیدارە بوون.

## یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بناری هەڵگوورد



هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی یادی ٢٥ی گەلاوێژ، لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە دەرەوەی وڵات، کۆمیتەی سنووریی حیزب لە بناری هەڵگووردیش، ڕێوڕەسمێکی بەو بۆنەوە بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا سامان فەقێ نەبی، کادری سیاسیی حیزب باسێکی لەسەر مێژووی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و تایبەتمەندییە سیاسییەکانی ئەو حیزبەی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

سامان فەقێ نەبی، بە ئاماژەدان بە ئامانج و پرنسیپەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکەوە تا ئێستا، کۆمەڵێک خاڵی گرینگی لەو بارەوە خستەڕوو و بە ئاماژەدان بە بارودۆخی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان، جێگە و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە هاوکێشە سیاسییەکاندا، بۆ پێشمەرگەکانی بناری هەڵگوورد شی کردەوە.

دواتر پێشمەرگە خۆنەویستەکانی شاخ، بە بڵاوکردنەوەی شیرینی و هەڵپەڕکێی گشتی، سەلماندیان، کە بە ورەبەرزییەوە وەفادارن بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و، یادی دامەزرانی حیزبەکەیان بەرز ڕاگرت.

## کۆبوونەوەی سیاسی_تەشکیلاتیی کۆمیتەی ترۆندلاگ



کومیتە ناوچەی ترۆندلاگی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژی شەممە، ٢٠ی گەلاوێژ کۆبوونەوەیەکی سیاسی_تەشکیلاتیی بۆ عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێک هێنا. عومەر باڵەکی لەو کۆبوونەوەیەدا بە ئاماژە بە لەڕێدابوونی ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب، ئاوڕێکی کورت و پوختی لە سەر گرینگیی دامەزرانی حیزب و هەروەها بناغەی دامەزرانی ئەو حیزبە لەسەر سێکوچکەی دێموکراسی، پرسی نەتەوایەتی و چینایەتی دایەوە و باسی لە دەسکەوتەکانی دامەزرانی، حیزبی دێموکرات، یەکەم حیزبی مۆدێرنی کوردی لە کوردستاندا کرد.

باس لە هەلومەرجی ئاستەم و قۆناغی ئیستای خەباتی حیزب و کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەروەها بارودۆخی سیاسی لە ئیران و گۆڕانکارییەکان لەو وڵاتە بەشێکی گرینگی دیکە لە شیکردنەوەکانی بەڕێزیان بوون. بەڕێز باڵەکی پێی وابوو کە ئەگەر کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی ڕێک بخا و بە گرینگییەوە بەرەو پیلی ڕووداوەکانی داهاتوو بچێ، کۆماری ئیسلامی کە دەرقەتی ململانێ و بەرەبەرکانی لەگەڵ ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نایە، چارەنووسی بە بارێکدا دەکەوێ کە بەقازانجی گەلانی ئێران دەشکێتەوە. بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بۆ پرسیار و سەرنج و تێبینییەکانی بەشدارانی کۆبوونەوەکە و وەڵامدانەوەیان تەرخان کرابوو.

# کەماڵ کەریمی:

# لە جیاتی پێشبڕکێی خەباتی پێشمەرگانە، دەبوا ستراتیژی و بەرنامەی هاوبەشمان هەبا بۆ ئەو مەبەستە

دیمانە: مەنسوور مروەتی



**حیزبی دێموکراتی کوردستان یەک لەو حیزبە بەختەوەرانەیە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانیدا توانی یەکەم دەوڵەتی مۆدێڕنی کوردی دابمەزرێنێ. ئەو سیمبولانەی ئەمڕۆکە لە دنیادا کوردی پێ دەناسرێ، بەشێک لە داهێنان و دەسکەوتە مەعنەوییەکانی حیزبی دێموکراتن. ئێستا پاش ٧٣ ساڵ ئەم حیزبە لە چ پێگەیەدا وەستاوە؟ بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستاش بەرەو کام داهاتوو هەنگاو دەنێ؟ ئەم بابەتەمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ کاک کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات هێناوەتە بەرباس:**

**دەگوترێ کە حیزبی دێموکرات داهێنەر و خاوەنی ئەو سیمبولانەیە کە ئەمڕۆ کوردی پێ دەناسرێتەوە. وەکوو دەوڵەتی کوردی، ئاڵای کوردستان، ناوی پێشمەرگە و سروودی نەتەوایەتیی کورد، ئەم قسەیە تا چەندە ڕاستە؟**

دەکرێ بڵێین پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتیش ڕەنگبێ باس لە دەوڵەتی کوردی کرابێ، دەزانین کە کورد خاوەنی زیاتر لە سەدە و نیوێک خەبات و تێکوشانە بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت بۆ دابینکردنی مافەکانی خۆی. ئەوەی گرینگە لە تەواوی ئەو قۆناغانەدا کورد لە هەر شوێنێک توانیبێتی ڕاپەڕێ، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خۆی گەلێک لەم دەستەواژانە ڕەنگە باس کرابن. مەسەلەی دەوڵەتی کوردی دەزانن لە جەریانی پەیمانی سیڤەر و پەیمانی لۆزاندا مەترەح بووە، زۆر پێشتر لەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دابمەزرێ، وشەی پێشمەرگەش کە ناوێکی پیرۆزە بۆ هەموو ئەو خەباتکارانەی کە چەک هەڵ دەگرن بۆ بەرگری لە نەتەوەکەیان و بەرەنگاربوونەوەی دوژمن لە دەستدرێژییەکانی بۆ سەر مافەکانی خەڵکی کوردستان وشەیەک بووە ڕەنگە زۆرجار بەکار هاتبێ، ئاڵای کوردستان ئەو ئاڵا سێ ڕەنگەی کە ئێستاش بە ڕەسمی لانیکەم لە پارچەیەکی کوردستان واتە لە هەرێمی کوردستان وەک ئاڵای ڕەسمی کوردستان ناسێندراوە ئەویش پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕەنگبێ بیری لێ کرابێتەوە و قسەی لێ کرابێ، تەنانەت وەک باس دەکەن لە پەیمانی سێ سنووری کورداندا دانانی ئاڵایەکی ئاوا هاتووەتە بەر باس؛ بەڵام ئەوەی گرینگە دامەزراندنی حیزبی دێموکرات ڕسمییەتی دا بەم سیمبولانە. دڵدار شێعری «ئەی ڕەقیب»ی پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان هۆندبۆوە، بەڵام کە حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا و بە پێی بەرنامەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆماری کوردستان دامەزرا، ئەم شێعرە بوو بە شێعری سرودی نەتەوەیی و خەڵکی کوردستان لەو دەمەوە تا ئێستا وەک سروودی نەتەوەیی قبوڵیانە و دەیڵێنەوە. وشەی پێشمەرگە کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێشنیار کرابوو، لە حکوومەتی کۆماری کوردستاندا بە بڕیارێکی ڕەسمی بوو بە ناوی ئەو چەکدارانەی کە چەک بۆ پاراستنی کۆماری کوردستان و بو پاراستنی نەتەوەی کورد هەڵ دەگرن. بۆیە ئەگەر بڵێین پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کورستانیش ئەم هێما و سیمبولانە هەبوون، هەرچەند بەو جۆرە مەترەح نەبوون؛ بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان شانازیی ئەوەی پێ بڕاوە کە ڕەسمیەت بدا بەم دەستەواژانە و وەکوو کۆمەڵێک بایەخی نەتەوەیی بە ڕەسمییەتیان بناسێنی کە هەتا ئێستاش لای نەتەوەی کوردەوە قبووڵ کراوە.

**بەڵام ئەم حیزبە ئێستاش بە ئامانجە سەرەکییەکەی نەگەیشووە و زۆر کەسیش نیگەرانی ئەوەن کە نەکا داهاتووی حیزبی دێموکرات وەک داهاتووی حیزبی تودەی ئێرانی لێ بێ. لەو بارەوە دەڵێن چی؟**

من ئەوەندەی دەزانم لەو بەشە لە کوردستان کە ڕوژهەڵاتی کوردستانە هەتا ئێستاش پێگەی حیزبی دێموکرات بە گشتی لەنێو خەڵکی کوردستاندا پێگەیەکی یەکجار زۆر بەهێزە، ئەمە ڕەنگبێ لە ڕوژێکی وادا وەک پڕوپاگەندە بچێ بۆ حیزبێک کە ئێمە بوخۆمان خاوەنداریێتیی ئەو حیزبە دەکەین و پێشمەرگەی ئەو حیزبەین، بەڵام ئەوە واقعییەتێکە لە زمان خەڵکەوە دەیبیستی. ئەمە ڕاستییەکە زۆرێک لە تەحلیلگەران و زۆر لە لێکۆڵەرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی تەنانەت دەروونناسەکان دانی پێدا دەنێن. هۆکارەکەشی ڕابردوویەکی دووروودرێژی خەباتی ٧٣ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستانە. ئەم حیزبە کۆمەڵێک کاری پڕبایەخی کردوە، کە هەندێ شتی لەنێو کومەڵگەی ئێمەدا جێ خستوە. بۆیە ئاسان نییە کە ئەم حیزبە لە خەڵک داببڕێ و بیر لەوە بکەینەوە ئاخۆ داهاتووی ئەم حیزبە لەنێو خەڵکدا چیی لێ دێ. من دڵنیام ئەم پرنسیپە جێکەوتووە وای کردوە خەڵک هەتا ئێستاش لە ڕوژهەڵاتی کوردستان ئومێدیان بە حیزبی دێموکرات بێت و ئەمە بۆخۆی دەری دەخا حیزبی دیموکرات ئەو جێگە و پێگە هەمیشەیەی خۆی هەیە. لەوانەیە جەریاناتی سیاسیی دیکەش هەبن، لەوانەیە ڕووداوی سیاسی هاتبێتە پێش یا دیسان بێتە پێش و مومکینە هێندیک هەڵە و نەدانەم کاری لە حیزبێکی سیاسی وەک حیزبی دێموکراتیش ڕووی دابێ کە خەڵکی لی دڵمەند بووبن، یا نیگەرانی درووست بکا؛ بەڵام بە بڕوای من ئەم پرنسیبانەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ماوەی ٧٣ ساڵ خەباتدا لەنێو خەڵکدا جێی خستوون بۆخۆی بووەتە چەند کۆڵەکەیەکی بەهێز کە حیزبی دێموکراتی لەسەر ڕاوەستاوە و کردوویەتیە حیزبی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک.

**واتە حیزب بووە بە بەشێک لە کولتووری خەڵک؟**

بەڵێ بەڕاستی وای لێ هاتووە. ئەتۆ بێهینە بەرچاوی خۆت ئەو وەختانەی کە لە حیزبی دێموکراتدا کێشەیەک دروست دەبێ، بۆ وێنە لە کونگرەی ١٣دا کێشەیەک دروست بوو کە بەداخەوە دوای زیاتر لە ساڵێک دەوامی کێشەکان لە حیزبی دێموکراتدا و چارەسەرنەکردنی بەهۆی هێندێک نەزانکاری لەلایەن ڕێبەریی ئە وەختی حیزبەوە، حیزبی دێموکراتی تووشی لەتبوون کرد. خەڵک نەیان توانی بە نسبەت ئەمەوە بێ تەفاوت بن. هەر ئەمە بوخۆی دەلیلێکە بو ئەوەی خەڵک چەندە ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و چەندە نیگەرانن لە وەزعییەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ١١ ساڵە ئەم حیزبە لەت بووە و دوو حیزبی دێموکرات بە جودا کاری سیاسیی خۆیان درێژە دەدەن بەڵام یەک زەڕەش لە نیگەرانییەکانی ئەو خەڵکە کەم نەبووەتەوە.

خەڵکی کوردستان ئێستاش هیوایان بە حیزبی دێموکراتە و حیزبی دێموکرات هەرچەند بە دوو حیزبی دێموکرات تێکۆشانی خۆی درێژەی دەدا؛ بەڵام هەموو لایەک وەکوو یەک هەڵدەسەنگێنن، وەک یەکی دەبینن و ئەگە یەکیان هەڵە دەکا پێیان ناخۆشە و، یەکیان کاری چاک دەکا پێیان خۆشە. یانی وا نەبووە کە خەڵک لە ڕووی زێهنییەوە لانیکەم ئەم دوگانەگییەی قەبووڵ کردبێ، ئەمە بوخۆی نیشانەی ئەوەیە کە ئەم خەڵکە دیسانیش ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و ئومێدیان بە داهاتووی حیزبی دێموکراتە؛ لەبەر ئەوەی داهاتوی خۆیان گرێ داوە بە داهاتوی حیزبی دێموکراتەوە و داهاتووی باشی خۆیان لە داهاتوی باشی حیزبی دێموکرات دا دەبینن. دیارە هاوکات لەگەڵ باسکردنی ئەمانە، دەبێ کەموکوڕییەکانی حیزبی دێموکراتیش دانەپوشین و چاوپوشی نەکەین لە هەڵەکانمان. بەڵام لەگەڵ دیتنی هەڵەکانمان ئەمن پێم وایە دیسانیش ئەوەی کە ئومێدبەخشە بۆ داهاتووی خەباتی ئێمە لە کوردستان و لەنێو خەڵکی خۆماندا دیسانیش ئەو گرێدراوییە بەهێزەیە. ئەو کولتوورسازییەی حیزبی دێموکراتە کە لە ٧٣ساڵدا لە نێوان خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکراتدا دروست بووە.

**کاک کەماڵ ئەو خەڵکە وەک خۆت فەرمووت نیگەرانن لەو وەزعەی کە ئێستا ئەو حیزبە گەورەیە تووشی بووە. ئێستا دوو حیزبی دێموکرات هەیە و دوو هەیئەت هەیە بۆ یەکخستنەوەی حیزبی دێموکرات. جەنابیشت بەرپرسی هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی. پرسیار ئەوەیە داهاتووی حیزب چی ئەبێ؟ ئایا هەروا بە دوو باڵ ئەڕوا؟ چۆنی یەک ئەخەنەوە و چۆن خەڵک دڵنیا دەکەنەوە کە ئەو حیزبە یەک دەگرێتەوە؟**

بە داخەوە ناخوشە کە بڵێم جارێ دانوستانەکانمان ڕاوەستاوە، ئەویش هۆکارەکەی بەداخەوە وەک بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە وتووێژێکی لە ڕادیۆ ئەمریکادا گوتی، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیەی ئەخیری ئەوان لەزستانی ڕابردوودا و ئەوە بووە هۆی وەستانی دانیشتنەکانمان. بەڵام لە مێژە گوتومانە و ئەوەی کە لەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ڕاگەیەندراوە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات مەحکوومە بە بەیەکەوە بوون. ئەمە شتێک نییە لە ئێرادەی ئێمەدا یا لە ئێرادەی ئەواندا بێت. ئەمە لە ئێرادەی گشتیی خەڵکی کوردستان و لە ئێرادەی گشتی ئەو دێموکراتانەیە کە دڵسۆزانە لە خەمی داهاتووی حیزبی دێموکرات دان. چەندە حەق بەمنە یا چەندە حەق بە تەرەفەکەمە لە دانیشتنەکاندا ئەوە هیچ لەم بیرۆکەیە ناگۆڕێ کە مادام خەڵکی کوردستان ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و داهاتووی خۆیان بە داهاتووی حیزبی دێموکرات گرێ داوە، کەوابوو ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن بزانن حیزبی دێموکرات ئەم داهاتوویە چۆن دەنەخشێنێ، بۆیە دەڵێم مەحکوومین بەیەکەوە بوون.

---

## لە ٣٩ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستاندا

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**خەڵکی مافخواز و خۆڕاگریی کوردستان!**
**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

٣٩ ساڵ لەوەپێش و لە وەها وەرزێکدا، حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نوێنەرایەتیی بیرۆکەی بناژۆخوازیی مەزهەبی، کە دەیەویست وەک هاوتا داعشەکانی ئەم ساڵانەی دوایی خۆی پێناسە بکا، لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا، بە بیانووگەلێکی بەدوور لە ڕاستی و بێبنەما، دەستی دایە هێرشێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە بۆ سەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تەنیا ٩ مانگ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و لە کاتێکدا کە کوردستان وەک دوورگەی ئەهوەن و سەقامگیر وێنا دەکرا، لە تاران و لە پشت مێحرابی مزگەوتەکان و تریبوونە جۆراوجۆرەکانەوە، دەنگۆ و بۆختان بۆ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵ دەبەسترا و بە ئاشکرا بۆ کوشتن و بڕینی خەڵکی کوردستان بانگەوازی جیهاد دەکرا.

خۆمەینی تازە بەدەسەڵاتگەیشوو، کوردەکانی وەک کافر و فاسد پێناسە دەکرد و فتوای جیهادی لە دژیان دەردەکرد و لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی دیکەی ئەم ڕێژیمە بە هاندانی هێزە سەرکوتگەر و دەمارگرژەکان، ڕشتنی خوێنی خەڵکی کوردستانیان بە حەڵاڵ دەزانی و بڕیاری پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەم میللەتەیان دەردەکرد.

لەم ماوەیەدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژیان و گوزەرانی خەڵک لە کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزە سیاسییەکان کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە گەشانەوە و پێشکەوتن هەنگاوی دەنا، بەپێچەوانەکەی لە تاران و شوێنەکانی دیکەی ئێران، لە ژێر چەپۆکی بیری کۆنەپەرەستانەی کۆمەڵێک ئاخوند و فاشیزمی مەزهەبیدا شێوی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەخێرایی بەرەو پاش دەگەڕایەوە، ژنان بەردەباران دەکران و چارشێوی ڕەش بەسەریاندا دەکێشرا، تاقم و گرووپی تۆقێنەر بەناوی حیزبوڵڵا ئازادییەکانیان لە خەڵک زەوت دەکرد، دەنگی ناڕازییان و دژبەران کپ دەکران، مافی کەمایەتییە ئایینییەکان پێشێل دەکران و ماڵ و سامانیان تاڵان و ئاگر تێبەر دەدرا، جیابیران دەمکوت دەکران، پێنووسە ئازا و سەربەخۆکان دەشکێندران و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان یەک لەدوای یەک دادەخران.

لەو کاتە کورتماوەیە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خەڵکی کوردستان سەردەمێکی نوێی لە ئازادژیان و پێکەوەژیانیانی دێموکراتیکانەی تەجرووبە دەکرد. شۆرای گوند و شارەکان و ئەنجوومەنە سینفییەکان دامەزرا بوون و خەڵک ئازادانەدا خۆیان بەڕێوە دەبرد. لایەنە سیاسی و فکرییەکان ئازادانە بیرۆکەی خۆیان بانگەشە دەکرد و کرانەوەیەکی سیاسیی واقعی سەری هەڵدابوو. ڕێز لە بیروڕا جیاوازەکان و باوەڕە جۆراوجۆرە ئایینییەکان دەگیردرا و ژنان وەکوو نیوەی هێز و وزەی کۆمەڵگا لە گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕەکاندا لە گەشەسەندا بوون. بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان ئازادانە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان بڵاو دەکردەوە و ڕێکخراو و یەکیەتییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەرەو پەرەسەندن دەچوو؛ لە پەرەسەندندا بوون.

زۆری نەخایاند کە بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی بەدەسەڵاتگەیشتوو ڕوون بوویەوە، تاقە ڕێگای داسەپاندنی دەسەڵات بەسەر وڵاتدا، دژایەتیکردنی کورد و کوردستان و لەنێوبردنی ئەو ئەزموونە ساوا و لە هەمان کاتدا سەرکەوتوویەی کوردستان بوو. لای ئەوان سەرکوتکردنی کوردستانی ئازاد، گرتنی دوایین سەنگەری ئازادی لە ئێراندا بوو. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی ئەو هێرشە، نەک ئەو ئیدیعا و چەواشەکارییە پووچ و بێمانایانە بوون کە دەکران، بەڵکوو هەبوونی کوردستانێکی ئازاد و دێموکرات و سکوڵار بوو کە بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازی ناوەند قەبووڵ نەدەکرا. هەر بەم بۆنەوە، لە ناوەندەوە و ڕاست لە لایەن نوێنەرانی بیرۆکەی ڕەشی مەزهەبییەوە فەرمان دەرکرا، بۆ ئەوەی هەموو هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە هەموو شوێنەکانی ئێرانەوە ڕەوانەی کوردستان بکرێن.

بەڵام جەماوەری خۆڕاگری گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی، کە چەند مانگ پێشتری بە شێوازی دێموکراتیک و مەدەنیانە بە بەشدارینەکردن لە بەناو ڕێفراندۆمی! خاکەلێوەی ١٣٥٨دا، بەم ڕێژیمەیان وتبوو نا، بڕیاریان دا بۆ پارێزگاری لەو دەسکەوت و بەهایانەی کە دەستیان کەوتبوو، لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا بە هەموو تواناوە لە بەرامبەر هێرشی هێز و لەشکری سەرکوتکەرا بوەستنەوە و بۆ جارێکی دیکە [نا]یەکی دیکە بەم نیزامە دژەگەلییە بڵێنەوە. لە ئاکامی ئەم بەرەنگارییە ڕەوایەدا بەرانبەر بە هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستاندا بە "بەرگریی خەڵکی کوردستان لە شەڕی سێ مانگە"دا ناسراوە، ڕێژیم ناچار بە وتوویژ و گوێڕاگرتن لە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کرا.

بەم شێوەیە بوو کە کوردستان بە خۆڕاگرییەکی بێوێنە و فیداکردنی گیانی سەدان و هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر و خەباتکار، خۆی وەک یەکەم سەنگەری بەرەنگاری...

درێژە ٥

**وەک فەرمووت و کاک مستەفا هیجریش باسی کردووە، کۆنگرەی دواجاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووەتە هۆی پەککخستنی دانیشتنەکان. ئێوە دەفەرموون مەحکوومین بەوە کە یەک بین. ئەدی باشە ئێوە چۆن دیسان دەست پێ دەکەنەوە؟**

بە بڕوای من سەخت نییە. بەپێی ئەو باسانەی کە لە نێوخۆماندا هەمانە و بە تایبەتی لە دەفتەری سیاسیدا، ئێمە هەست دەکەین کە کارێکی سەخت نییە.

> پێم ناخوشە کە دەڵێم جارێ دانوستانەکانمان لەگەڵ لایەنەکەی دیکەی دێموکرات ڕاوەستاوە، ئەویش هۆکارەکەی بەداخەوە وەک بەڕێز کاک مستەفا هیجری لە وتووێژێکی لە ڕادیۆ ئەمریکادا گوتی، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بەستنی ئەو کۆنگرەیەی ئەخیری ئەوان لەزستانی ڕابردوودا و ئەوە بووە هۆی وەستانی دانیشتنەکانمان. بەڵام لە مێژە گوتومانە و ئەوەی کە لەلای حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە ڕاگەیەندراوە ئەوەیە کە حیزبی دێموکرات مەحکوومە بە بەیەکەوە بوون

**ئەی بۆچی جێبەجێ ناکرێ؟**

جێبەجێ نابێ لەبەر ئەوەی کە کارێک نییە کە یەکلایەنە بە ئێمە بکرێ. دەبێ هەر دوو لایەن بە یەکەوە بیکەین، بەڵام تەنها لەبەر ئەوەی کە دەڵێین مەحکوومین بە بەیەکەوە بوون، لانیکەم ئەمن دەڵێم لە ئێستا بە تایبەتی لە وەزعیەتی ئێستای ئێراندا ئێمە بڕوانینە مەوزوعەکان کە دەبینین کاری زۆر بەپەلە بۆ ئەو بابەتە لە بەردەست دایە و ئەگەر ئێمە ئەمڕۆ ناتوانین ئەم حیزبە یەک بخەینەوە و بیکەینەوە بە حیزبێکی واحید، بەڵام هێندێک شت مەجبوورمان دەکا ئێمە وەکوو یەک تەعاموول بکەین لەگەڵ ڕووداوەکان، وەک ئەوەی لە ڕوانگەی خەڵکەوە ئەمن بڕوانمە مەوزووعەکە نەک لە ڕوانگەی خومەوە.

**ڕوانگەی خەڵک چۆن؟**

ڕوانگەی خەڵک ئەوەیە کە ئومێدیان بە حیزبی دێموکراتە و داهاتووی خویان بە داهاتووی حیزبی دێموکرات گرێ داوە، ئەو حیزبی دێموکراتەی کە ئەوان دەیبینن نە ئەمن دەیبینم، نە تەرەفەکەم دەیبینێ، ئەوەی کە خەڵک دەیبینێ. ئەگەر خەڵک ئومێدی بەوەیە کە ئەم حیزبە ببێتەوە یەک حیزب. بە بڕوای من لە قوناغی ئاوادا زۆر کێشەی گرینگ لە بەر دەممان دایە کە ئەمن دەڵێم مادام خەڵک چاوی لەوەیە کە حیزبی دێموکرات دەبێ گرێگوشای کێشەکانی ئەوان بێ ئەم حیزبی دێموکراتە دەبێ دانیشێ ئەگەر بیر لەوە ناکاتەوە یەک بگرێتەوە بیر لەوە بکاتەوە چۆن بەیەکەوە ڕووبەڕوی ئەم پرسانە ببنەوە؟ چۆن بیر لە چارەسەری ئەم کێشانە بکەنەوە؟ چۆن دانیشن نەخشە ڕێگە دانێن بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی لەگەڵ ئەم کێشانە؟ ئێران بەرەو قەیرانێکی قووڵ ڕۆیشتووە و ئەم قەیرانە لە هەر حاڵدا ئێرانی خستووتە سەر دووڕێیانی ڕووخان یا گۆڕان. دەڕووخێ ئێمە چ دەکەین، دەگۆڕێ ئێمە چ دەکەین؟ ئەمە کاری هەموو حیزبەکانە و ئەمن نالێم تەنیا کاری ئێمەیە. بەڵام پێش هەموو کەس ئەگەر لە دیدی ئەو خەڵکەوە بڕوانین عەکسی ڕوانگەی ئەم دو حیزبی دێموکراتەیە. کە وابوو ئەگەر بیر لەوە ناکەینەوە جارێ چۆن یەک دەگرینەوە مەجبوورین بیر لەوە بکەینەوە چون دادەنیشین بەیەکەوە نەخشە ڕێگایەک بدۆزینەوە بۆ ڕوبەروبوونەوە لەگەڵ ئەم چالشانە و بۆ ئەوەی ئەم کێشانە چارەسەر بکەین.

**کاک کەماڵ لە ئێستادا ئینترنێت و تۆڕە کومەڵایەتییەکان بوون بەبەشێک لە ژیانی خەڵک بەتایبەتی تێکۆشەرانی سیاسی و مەدەنی. زۆر خەڵک کە لە دنیای مەجازی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دان لە کاروکردەوەی ئەندامانی هەردوو لا نیگەرانن. دیارە ئەمن نامهەوێ بڵێم ئەم لا باشە ئەو لا خراپە، یا فەرق و جیاوازییەک دابنێم. خەڵک نیگەرانە، دەزانن ئەگەر سەرکردایەتیی هەردوولا بیرێک نەکەنەوە دوارۆژ تووشی شتی قەرەبوونەکراوە دەبین ئێوە چ دەڵێن بە خەڵکێک کە نیگەرانە لەو بارەیەوە؟**

بەو خەڵکە دەڵێم ئەو نیگەرانییە زۆر زۆر لە جێی خۆی دایە و ئەگەر بێتوو ڕێبەریی ئەم دوو حیزبی دێموکراتە ناتوانن ڕێگە چارەیەک دابنێن یان هەوڵ بدەن بۆ یەکگرتنەوەیەکی یەکجاری کە بتوانن ببنە خاڵێکی بەهێز بۆ ئەو بزووتنەوە و هیوا بەخش بن بۆ خەڵکەکەمان بە نیسبەت ڕوانگەیان بۆ داهاتوو، بەڵام لە ئێستادا پێویستە حەتمەن بیر لەوە بکەنەوە کە هەر دوو لایەن مەجبوورن بەیەکەوە تەعامولێکی دروستیان هەبێ بۆ ئەوەی بتوانن بەرەوڕووی ئەو کێشانە ببنەوە کە ڕۆژانە لە کوردستان ڕوو دەدەن. با وا بکەین خەڵک واقعبینانە بیربکەنەوە، واقعبینانە شتەکان لە زمان ئێمەوە ببیستن، ئێمە دەڵێین ئەم دوو حیزبە هەر دووکیان دوو هێزی پێشمەرگەی بەهێزیان هەیە، کامیان زیاتر، کامیان کەمتر، کامیان بەتەجروبەتر یا کامیان کەم ئەزموونتر؛ ئەمانە هیچ لە مەوزووعەکە ناگۆڕێ. بەڵام دەڵێین ئەگەر بۆ وێنە بێتوو لە جیاتی ئەوەی پێشبڕکێ بکەین بۆ خەباتی پێشمەرگانە، ئەگەر بێتوو دانیشن بەیەکەوە بیر لەوە بکەنەوە کە ستراتیژیی چەکدارانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە و بە پێی ئەو ستراتیژییە هەنگاو بنێین. بەرنامەیەکی هاوبەش دانێین بۆ کاری پێشمەرگایەتی. بێگومان ئەمە زۆر سەرکەوتووتر دەبێ لەو کارەی کە لە ئێستادا دەکرێ.

نموونەیەکی دیکە دەڵێم ئەگەر حیزبی دێموکرات یەک بێت لە دنیای دەرەوە گوێبیستی زۆر زۆر دەبێ.

**ئێستا ئەوانەی ئەم وتووێژە دەخوێننەوە و بەتایبەتی ئەوانەی کە خەمخۆری هەر دووبەشی دێموکراتن، دەزانم دەڵێن ئێمە جگە لە یەکگرتنەوەی دێموکرات هیچی دیکەمان ناوێ، بۆیە ئەو پرسیارە لە جەنابت دەپرسم و کۆتایی بەو باسە دێنم. جەنابت وەکوو کەسێک کە لەو بوارەدا بەرپرسایەتیت هەیە بۆ یەکگرتنەوەی ئەم دوو باڵی دێموکراتە هیوادار هەی؟ چی بە خەڵک دەڵێی؟**

ئەو داوایەی خەڵک زۆر پیرۆزە، ئەو داوایە تازە نییە لە ڕاستیدا پێش لەتبوونی حیزب ئەو داوایە هەبوو. ئەمن بەبیرم دێ پێش لەتبوونی حیزب دەستە دەستە لەو دیوەوە خەڵک دەهاتن دیداریان دەکرد لەگەڵ برادەرانی ئێمە و لەگەڵ کاک مستەفای هیجری و لەگەڵ خەڵکی دیکە، بۆ ئەوەی کە ڕێگە چارەیەک بخەنە بەردەم ڕێبەریی ئەودەمی حیزب کە پێش بەوە بگیردرێ. بەڵام بەداخەوە چارەسەرەکەی بە دەست ئێمە نەبوو. نیگەرانییەکەیان ئێستاش لە جێگای خۆیەیەتی، من ئێستاش دەڵێم ئەگەر ئەوان نیگەرانن ئێمەش نیگەرانین. ئێمەش دەڵێین بەڵێ هەرکاتێک زەمینەیەکی لەبار خوڵقا و ڕوانگەیەکی هاوبەش دیتراوە بۆ ئەوەی کە ئەم حیزبە ببێتەوە یەک نابێ بە هیچ جۆر ڕۆژێک وەدرەنگیی بخەین. ئێستا بە هەر هۆیەک کە ئەم ئامادەییە لە هەردوو لا نییە، دەکرێ بیر لەوە بکەینەوە بزانین چی دەتوانێ ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە و چ ڕێگەیەکی ترمان لەبەر دەمدا هەیە کە یەکبوون و یەکگرتویی حیزبی دێموکرات نیشان بدات. بەبڕوای من ئەوەی کە یەک حیزبی دێموکرات هەبێ زۆر باشە، بەڵام ئەگەر نەبوو بیر لەوە بکەینەوە دێموکراتەکان لە بواری ستراتیژیی سیاسی و لەباری ستراتیژیی چەکدارییەوە ڕوانگەی هاوبەشیان هەبێ. یانی لە هەر بوارێکدا دەبێ بە کاری هاوبەش قەرەبووی ئەوە بکەینەوە. هەرچەند هیوادارم زیاتر بەرەو ئەوە بڕۆینە پێشەوە کە حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە یەک.

> ئێمە دەڵێین ئەم دوو حیزبە هەر دووکیان دوو هێزی پێشمەرگەی بەهێزیان هەیە، بەڵام لە جیاتی پێشبڕکێی خەباتی پێشمەرگانە، دەبوا بەرنامەی هاوبەشمان هەبا بۆ ئەو مەبەستە. دەبوا پێکەوە لەسەر ئەوە کارمان کردبا کە ستراتیژیی چەکدارانەی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چییە و بە پێی ئەو ستراتیژییە هەنگاومان نابا

**زۆر کەسیش نیگەرانی دەستتێوەردانی ئەحزابی پارچەکانی دیکە کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانن و نایشارمەوە دیسانەکە لەوبارەوە مەسئوولییەتی گەورە دەخەنە ئەستۆی حیزبی دێموکرات. لەو بارەوە دەڵێن چی؟**

ڕاستییەکەی ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات نەتەنیا ئێستا، بەڵکوو لە٤٠ ساڵی ڕابردوودا، لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، یەکێک لەو شتە گرینگانەی کە گوتومانە ئەوە بوە کە حیزبی هیچ پارچەیەکی دیکە حەقی دەخالەتی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا نەبێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە مەسئولییەتەوە لە تەواوی تەمەنی خۆیدا ئەمەی پاراستووە. کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوای دامەزراندنی کۆماری کوردستان کە پێشنیار کراوە بە قازی محەممەد کە لقێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە باشووری کوردستان، یا لە باکووری کوردستان بکرێتەوە، قازی محەممەد ئەوەی قەبووڵ نەکردووە. قازی محەممەد سفارشی کردووە کە لەوێ حیزب دابمەزرێنن. هەر بۆیە ساڵی دواتر لێرە پارتی دێموکراتی کوردستان دادەمەزرێ. هەر لەو وەختەوە ئەم سیاسەتە هاتووە و سیاسەتێکی درووستە. ئەو وڵاتانەی ئێمە خەباتی تێدا دەکەین سنووری قانوونیی خۆیان هەیە، ڕاستە ئێمە ئەو سنوورانەمان قبووڵ نییە، کوردستان یەک کوردستانە و کورد یەک نەتەوەی دابەش کراوە، بەڵام مادام تۆ خەبات دەکەی دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە ئێستا لەو پارچەیەی خۆت ئەو خەباتە بە کوێ دەگەیەنی. بەڵام بەداخەوە ئەمە زۆر جار نە پارێزراوە ئێمە پاراستوومانە خەڵکی دیکە نەیپاراستووە. هێندێکیان بە ناوی دۆستایەتی یان بە ناوی هاوکاری لەگەڵ حیزبە دۆستەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتوون ئەو کارەیان کردووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێمە هەمیشە پێمان وابووە ئەمە تەنیا دەبێ لەسەر داوای قانوونیی ئەو حیزبانە بێ کە داوا بکەن لە حیزبێک کە یارمەتیی بدات، ئێمە لێرە لەشەڕی داعشدا هێزێکی چەکداریی یەکجار زۆر و بەهێزمان هەبوو، فەرماندەی زۆر بە وەج و لێزانمان هەبوو بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ داعش داوامان لە حکوومەتی هەرێم کرد کە ئەگەر ئەوان پێویستییان بە ئێمەیە ئامادەین یارمەتییان بدەین. بۆخۆمان نەچووین ملی پێوە نێین. نەدەکرا و ئەمە بە دەخالەت دەزانین لە کاروباری ئەواندا و ئەگەر ئەوان داوایان بکردایە زۆر ئاسایی بوو کە ئێمەش لە مەیدانی شەڕدا، نەک هەر لە شەڕی داعشدا، بەڵکوو لە هەر شەڕێکدا کە ئەوان داوا لە ئێمە بکەن و پێیان وابێ کە پێویستە ئێمە هاوکارییان بکەین دیسانیش هەر ئامادەییمان هەیە و ئەمە ڕێگەیەتی. بەداخەوە ئەم نیگەرانییە هەیە، نیگەرانیەکەش زۆرتر بەداخەوە خەڵک لە پەکەکەی هەیە کە بەناوی جۆراوجور کار دەکا لەوەدا، دەبینن لە باشووری کوردستان، لە ڕۆژئاوای کوردستان یان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوی جۆراوجۆر حیزب درووست دەکا و واش دەکا کە نیشان بدا ئەو حیزبە ئی ئەوانە. ئەم حیزبانە بۆخوشیان ناتوانن جورێک عەمەل بکەن یا جورێک قسە بکەن یا جورێک سیاسەت بکەن کە نیشان بدەن کە نا وانین. هەر بۆیە ئێمە ئەوە بە دەخالەتێکی ناڕاست و ناپێویست بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دەبینین. بەڵێ ئەگەر حیزبی دێموکرات یەک بێت و یا ئەگەر هەر دوو لای دێموکرات بەیەکەوە پلانێکی ستراتیژیی باش دابڕێژن، دەکرێ بە شێوەیەکی مەنتقی ڕوبەرووی ئەم کێشەیە ببینەوە.

> ئەوەی کە یەک حیزبی دێموکرات هەبێ زۆر باشە، بەڵام ئەگەر نەبوو با بیر لەوە بکەینەوە کە لە بواری ستراتیژیی سیاسی و لەباری ستراتیژیی چەکدارییەوە و لە بوارەکانی دیکەشدا یەک ڕوانگەمان هەبێ و بە کاری هاوبەش قەرەبووی ئەوە بکەینەوە. هەرچەند هیوادارم زیاتر بەرەو ئەوە بڕۆینە پێشێ کە حیزبی دێموکرات ببێتەوە بە یەک

**چی ئەڵێن بە خەڵکێک کە کوڕیان لە ڕیزی پەکەکە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان شەهید بووە؟**

ئێمە نامانهەوێ بە خەڵک بڵێین کە سەربەست نەبن لە بیر کردنەوەدا، خەڵک ئازادن لە بیرکردنەوەکانی خۆیاندا و مافێکی زۆر سەرەتاییە بۆ هەر ئینسانێک لە هەر کومەڵگەیەکدا کە ئازادانە بیر بکاتەوە، بەڵام کە دێتە بواری سیاسی و کاری عەمەلییەوە ئێمە پێمان وایە هەموو تاکەکانی خەڵکی کوردستان دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە کوردستانی گەورە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی جیایە و لە باری سیاسییەوە، کولتووری موبارزاتیی خۆی هەیە. خەڵک دەبێ بیر لەوە بکەنەوە کە چۆن سیاسەت دەکەن، بە پێی ئەم کولتووره دەبێ ڕێنمایی پەکەکەش بکەن، کە جێگای ئەوان باکووری کوردستانە؛ چونکە لێرەدا پەکەکە هیچ ڕێگاچارە و هیچ بەرپرسایەتییەکی نییە بۆ چارەسەری پرسی کورد لە ئێراندا.

**وەکو دوایین پرسیار، حیزبی دێموکرات پاش ٧٣ساڵ جگە لە ساڵی یەکەم تا ئێستا نەبووە بە دەسەڵات ئەی کەی دەبێ بە دەسەڵات؟**

٧٣ ساڵ تەمەن بۆ حیزبێکی سیاسی تەمەنێکی کەمە بۆ ئەوەی کە تو بڵێی توانیبێتی بە ئامانجەکەی بگا یا نەگا، بەتایبەتی کە بیر لەوە بکەینەوە ئێمە لە وڵاتی خۆماندا نین کە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەوڵ بدەین. هەروەها ئێمە لە وڵاتێکدا خەبات دەکەین کە کەمینەیەکین و زۆرینەی ئەو وڵاتە تا ئێستا لەگەڵ ئێمە هاوڕا نەبووە، زۆرینەی ئەو وڵاتە بەردەوام دژایەتیی ئێمەیان کردوە، نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران نەیانتوانیوە بێن بگەنە ئەو ئاستە کە بتوانن لەگەڵ ئێمە لە خەباتدا هاوڕا بن، لە دۆخێکی ئاوادا حیزبێکی سیاسی ئەگەر لە ٧٣ ساڵی تەمەنی خۆشیدا نەیتوانیوە بگاتە دەسەڵات، ٧٣ ساڵ نابێ زۆر بۆی بنووسرێ. بەڵێ ئێستا ئەگەر من کوردستانم هەبێ و هەوڵ بۆ دەسەڵات بدەم لە٢٠ ساڵی ئەوەڵدا نەمتوانی بە دەسەڵات بگەم، ئەوە حیزبەکەم کێشەیەکی هەیە یا دەبێ هەڵوەشێتەوە یا ستراتیژییەکانی بگۆڕدرێ؛ بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێی ستراتیژییەکی دروست کاری کردوە کە توانیویەتی ٧٣ساڵ وەکوو پێشڕەوترین و گەورەترین حیزبی خەڵکی کوردستان بمێنێتەوە. ئەگەر حیزبی دێموکراتی کوردستان شایەنی ئەوە نەبایە و خاوەنی ئەو ستراتیژییە دروستە نەبوایە لەو ٧٣ساڵەدا بێگومان ئێستا دەبووە حیزبێکی چکۆلەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەو جورەی کە پێشتر باسمان کرد کەس بە جێگای ئومێدی خۆی نەدەزانی.

***

## سمیناری «ڕۆژی بەرەنگاریی نەتەوەیی کورد»



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی فەتوای جیهادی خومەینی لەدژی گەلی کورد، سمینارێکی پێک هێنا. ئەو سمینارە دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٢٧ی گەلاوێژ لە بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو. ئەو سمینارە لە پێنج پانێلدا بەڕێوە چوو کە تەوەرەکانی بریتی بوون لە:

- «هۆکارەکان و دەرەنجامەکانی ئەم هێرشە بۆ سەر خەڵک و شۆڕشی کوردستانی ئێران»، کە ئەو باسە محەممەد نەزیف قادری بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کردی.
- «نەبوونی گوتاری هاوبەشی حیزبەکان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی بەرامبەر بە ڕێژیم»، کە ئەم باسە هێمن بایەزیدپوور بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کردی.
- «بە لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی ئەوکاتە و ئەمڕۆی کوردستانی ئێران ئەگەری دوبارە بوونەوەی ڕووداوی وەها هەیە؟ و ڕێکاری بەرگیری لە دووپاتبوونەوەی ئەم جۆر ڕووداوانە چین»؟ کە ئەم پانێلە ئیسماعیل شەڕەفی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە پێشکێشی کرد.
- «چۆنیەتیی دەرکردنی فەرمانی جیهاد و ڕەهەندەکانی بەردەوامی پێبەخشینی»، کە ئەو باسەش شۆڕش حاجی بە نوێنەرایەتیی سازمانی خەباتی کوردستان کردی.
- «شێواز و ئامانجی بەرەنگاربوونەوە، هەیئەتی هاوبەشی کورد لەو سەردەمەدا و پرسی دانووستان لە ئەمڕۆدا، کە ئەم باسەش ساڵح شەریفی بە نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پێشکێشی کرد».

دوابڕگەی سێمینارەکەش تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و تێبینی و سەرنجی بەشداربووان لەسەر نێوەرۆکی باسەکان کە لەلایەن هەر کام لە پانێلگێڕانەوە پرسیارەکانی پێوەندیدار بە باسەکانی خۆیان وڵام درانەوە.

## سەردانی نوێنەرایەتیی کۆمیتەی ئۆتریشی حیزب لە بارەگای پارلەمانتەرانی پارتی لیبراڵ



ڕۆژی سێشەممە، ٢٣ی گەلاوێژ محەممەد فەقێ عەلی، ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش، لە سەرداوای پارتی لیبراڵ سەردانی بارەگای پارلەمانتەرانی ئەو حیزبەی کرد و ل لایەن خاتوو دوکتور کریسپەر شتێفانی، ئەندامی پارلەمان و بەرپرسی کاروباری دەرەوە و ئورووپا و هەروەها مافی مرۆڤ لە سەر لیستی پارتی ناوبراو پێشوازیی لێ کرا. لەو دیدارەدا پرسی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستان، هەڵاواردنە نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزییەکان؛ گرتنی سەرەڕۆیانە و ڕەشبگیرەکان لە کوردستان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و، دیاردەی کۆڵبەری و کوشتاری کۆڵبەران لە کوردستان خرانە بەر باس. ئەندامی کۆمیتەی حیزب لەو دیدارەدا بە توندی ڕخنەی لە سیاسەتی نەرم و بەرژەوەنیخوازانەی حکومەتی ئوتریش لەگەل کۆماری ئیسلامی ئێران گرت و لەم بارەوە چەند نموونەی وەبیر دووکتور کریسپەر هێنایەوە کە یەک لەوان پرسی تێرۆری د. قاسملوو لە ڤییەن بوو و، لەو بارەیەوە گوتی: پەردەپۆشکردنی تێرۆری ڕێبەری حیزبەکەمان لە لایەن دەزگای داد و حکومەتی ئوتریش پەڵەیەکی شەرمە بۆ ئوتریش و هەروەها غەدرێکی زۆر گەورەیە دەرحەق بە نەتەوەی کورد.

## ١٥٠هەزار میلیارد تمەن لە گیرفانی ١١٠ کەس دایە



١٥٠هەزار میلیارد تمەن لە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران تەنیا لە گیرفانی ١١٠ کەس لە کەسانی نیزیک بە بەرپرسانی ڕێژیم دایە. ئەمیر خۆجەستە، نوێنەری شاری هەمەدان و، بەرپرسی فراکسیۆنی بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵیی ئابووری لە مەجلیسی شوڕای ئیسلامی ئاشکرای کرد: تاقمێک تالانچی و، نیزیک بە بەرپرسانی پایەبەرزی نیزام، لە سەروەت و سامانی خەڵکی ئێران وام و پارەی زۆریان لەلایە، بەڵام لە دانەوەی قەرزەکانیان خۆدەبوێرن و، تەنانەت بریگرتەیەکی واشیان بە بانکەکان نەداوە و لە ڕێگەی دەستوپێوەندییەکانی خۆیانەوە بە میلیارد "وام"یان وەرگرتووە. بەپێی قسەکانی ناوبراو پتر لە ١٥٠هەزار میلیارد تمەن لە سەرمایەی خەڵکی ئێران، چووەتە گیرفانی١١٠ کاربەدەستی ڕێژیم و بەشێکی زۆر لەوان وڵاتیشیان بەجێ هێشتووە.

# حاتەمی تایی و کیسەی خەلیفە

باوان عەلیزادە

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکی ئابووریی درێژماوەدا لەگەڵ سووریە بەرعۆدە بووە کە ٣٠ هەزار ماڵ و خانووبەرە لە پارێزگا شەڕلێدراوەکانی ئەو وڵاتەدا دروست بکا و ئاو و برقیشیان بۆ دابین بکا. ئەو حاتەمبەخشییەی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێک دایە کە عەرەبستان گوتویەتی تەنیا ١٠٠ میلیۆن دۆلار وەک یارمەتی دەداتە سووریە و ئیماراتیش ٥٠ میلیون دۆلاری بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ڕایگەیاندوە لە پێدانی ئەو ٢٣٠ میلیۆن دۆلارەی وەعدی دابوو بۆ نۆژەنکردنەوە و سەقامگیرکردنەوە سووریەی تەرخان بکا، پەشیمان بۆتەوە. ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەڵێ نۆژەنکردنەوەی سووریەی پاش ٨ ساڵ شەڕی نێوخۆیی ٤٠٠ میلیارد دۆلاری پێویستە و ئێرانیش ڕایگەیاندوە کە وەک چۆن لە شەڕدا پشتی بەشارئەسەدیان گرت، لە ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتە کاولبووەشدا لە پشتی ڕێژیمی ئەسەد هەر دەمێنن. ئەمیر ئەمینی، بریکاری پلاندانان و بەڕێوەبەریی سەرچاوەکانی وەزارەتی ڕێگابان و شارسازیی ئێران کە بە سەرۆکایەتیی شاندێک سەردانی سووریەی کردووە، دەڵێ کەرتی تایبەتی ئێران لە خۆی ڕادەبینی لە بەشە ژێرخانەکانی گواستنەوە، هێڵەکانی ئاو و برق و نۆژەنکردنەوەی شوێنە مێژووییەکاندا بە هانای سووریەوە بچێ، ئەوەش لە حاڵێک دایە کە هیچ بەشێکی سەربەخۆ لە کەرتی تایبەت لە ئێراندا نییە کە توانای یارمەتیدانی نۆژەنکردنەوەی وڵاتێکی شەڕلێدراوی هەبێ، مەگەر ئەو بەشانەت سەر بە سپای پاسداران و دامودەزگا مافیاییەکانی ڕێژیم کە هەموو زەرفییەتە ئابوورییەکان و وەبەرهێنان لە ئێرانیان مۆنۆپۆل کردووە.

**لەو پێوەندییەدا ئاماژە بە چەند خاڵ پێویستە:**

**یەکەم؛** سازان و گرێبەست و ڕێککەوتنی کۆماری ئیسلامی بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوچە شەڕلێدراوەکانی سووریە لە حاڵێک دایە کە هێشتا ناوچە شەڕلێدراوەکانی باشوور و ڕۆژئاوای ئێران لە ئاکامی شەڕی ٨ ساڵە لەگەڵ عێراقدا، پاش سێ دەیە لە کۆتاییهاتنی شەڕ نۆژەن نەکراونەوە. هەروەها ئێستاش دوای چوار دەیە لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بەمیلیۆن کەس لە خەڵکی پارێزگا جۆربەجۆرەکانی ئێران قەیرانی ئاوی خواردنەوە بەرۆکی پێ گرتوون و زۆر لە شوێنان ئێستاش برقی بۆ ڕانەکێشراوە. ئێستاش زۆر شوێن لەم وڵاتە هەن ماڵێکی بێهداشت و دوکتورێکی بۆ نەچووە و سەدان شوێن لەو وڵاتە هەن منداڵەکان لە خێوەت و کانێکسدا دەرس دەخوێنن...!

**دووهەم؛** لاکردنەوە لە سوورییەی پاش شەڕی نێوخۆیی ئەو وڵاتە لە حاڵێک دایە کە ناوچە بوومەلەرزەلێدراوەکانی پارێزگای کرماشان دوای نیزیک بە ساڵێک ئێستاش ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و تا ئێستا تەنیا سەدی ٦ی لێقەوماوان و ماڵ کاولبووەکانی ئەم بوومەلەرزەیە شوێنی شیاو بۆ نیشتەجێبوون و حاوانەوەیان دەست کەوتووە. بەڵێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا بڕیاری دروستکردنی ٣٠ هەزار خانووبەرە بۆ ڕێژیمی بەشار ئەسەد دەدا کە ساڵی ڕابردوو ٥٩ هەزار خانووبەرە لە پارێزگای کرماشان کاول بوون کەچی تا ئێستاش بۆ نۆژەنکردنەوەیان چیی وای نەکردووە و ئەو کەمە وادە و بەڵێنەش کە دابووی جێبەجێی نەکردوون و گوێی لێ خەواندوون. خەڵکی کرماشان دەپرسن چۆنە ئێمە ٨ ساڵ لە شەڕدا هەموو جۆرە گوللە و بۆمبێکمان بەسەردا باری، کەچی ئێستا پڕۆژەکانی ئاوەدانی و پێشکەوتنەکان یان بە خەڵکی پارێزگاکانی غەیرە کورد و یان تەنانەت بە وڵاتانی دیکە دەدرێ و؛ دواکەوتوویی و هەڵاواردنەکانیش بە ئێمە دەبرێ. چۆنە بەشی ئێمە لە سنوورەکان کاتی شەڕ، گوللە و خۆمپارە و تۆپباران بووە و؛ ئەمڕۆکەش دواکەوتوویی، خۆڵباران و بەم دواییانەش کاولکارییەکانی بوومەلەرزەشی هاتەسەرێ؛ بەڵام دەوڵەت ناوچەی ئازادی ئابووریی بۆ زۆر شوێن و پارێزگا دابین کردوە کە نە گوللە و تۆپی بینیوە و نە تەپ و تۆز و خۆڵبارین!

**سێهەم؛** کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا لە سامانی خەڵک و لە حسێبی گیرفانی ئەوان دەبەخشێ، کە لەنێوخۆی وڵاتدا دەیان قەیران بەرۆکی خەڵکیان گرتووە کە بەشی زۆریان هۆکارەکەی بۆ ئەم جۆرە سیاسەتەی ڕێژیم دەگەڕێتەوە. لە چوار دەیەی ڕابردوودا ڕێژیم لە جیاتی ئەوەی بە تەرخانکردنی سەرچاوە ماڵییەکانی وڵات بۆ ئاوەدانکردنەوە، بووژاندنەوەی ئابووری و بازاڕی کار، بردنەپێشێی بەرنامەکانی گەشە و پەرەپیدان لە بوارەکانی پەروەردە و بێهداشت و کەرتی نیشتەجێبوون؛ سامان و سەرچاوە ماڵییەکانی وڵات و حوکمەتی خەرجی پشتیوانی لە تێرۆریسم و پشتگرتنی ڕێژیمە هاوپەیمانەکانی کردوە و بووەتە هۆی خولقانی دۆخێک کە خەڵک ناچار بە منداڵفرۆشتن، گورچیلەفرۆشتن و دواجار خۆکوشتن بن، چونکی چیدی دەرقەتی ئەو ژیانە نایەن.

بێگومان هەواڵی ڕێککەوتنی ئێران و سووریە بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو وڵاتە و حسێبکردن لەسەر یارمەتییەکان ئێران، ئەویش دوای ئەوەی ئێران هەر لەو ٨ ساڵەدا بە دەیان میلیارد دۆلار سامانی خەڵکی ئێرانی تێچووی ئەم شەڕە بۆ پشتگرتنی ڕێژیمی ئەسەد کردووە؛ یەک شتمان پێ دەڵێ، ئەویش ئەوەی ئەم ڕێژیمە نە هەژاری و بێ ئەنوایی خەڵکی ئێرانی بۆ گرینگە، نە چارەنووسی وڵاتی بە لاوە باسە، نە خەم لە ژینگە و ئاوەدانیی وڵات دەخوا و نە خۆی بە سێحەبی ئەم وڵاتە و نە وڵات و سامانەکەشی بە ئی خۆی دەزانێ. ئەم ڕێژیمە مافیایەکی سیاسی و سەربازییە کە بینەقاقای خەڵکی ئێرانی گرتووە و پووڵ و سامانی خەڵکی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی لە لوبنان و یەمەن و فەلەستین و عێراق و سووریە دەوێ، سەیر ئەوەیە کە شەرم لە شاردنەوەی ئەم ڕاستییەش ناکەن و حاشا لەوە ناکەن کە ئەمنییەت و سەقامگیریی بەشار ئەسەد و ئاوەدانکردنەوەیان ئەم وڵاتەیان لە خوزستان و کوردستان بۆ گرینگترە!

# لە تێگەیشتن لە بەرژەوەندیی گشتییەوە تا گەیشتن بە کۆنتراکتی سیاسیی هاوبەش



سمایل شەڕەفی

ئەوەی کە تا ئێستاش بزووتنەوەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی تووشی چەندبەرەکی، ناکۆکی و لێکترازان کردووە، تێنەگەیشتنە لە بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەشی خەڵکی کوردستان، یان هەمان «بەرژەوەندیی نەتەوەیی». دیارە ئەم چەمک و دەستەواژانەش بەرهەمی دیاردەی دەوڵەت_نەتەوەن و بەداخەوە ئێمە کورد تا ئێستا دەوڵەتمان نییە کە لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا وەک نەتەوەیەک تێگەیشتنمان لە پێوەرە هاوبەشەکان دروست کردبێ. جا مادام ئێمە دەوڵەتمان نییە کە کار لەسەر شوناسە نەتەوەییەکانمان بە مانا سیاسییەکەی بکا، ئایا دەکرێ پێمان وابێ لە ئێستادا ئێمەی کورد خاوەنی «بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هاوبەش» نین و کاریان لە سەر نەکەین؟



ئەگەری دووپاتبوونەوەی ئەقڵییەت و ڕەفتارێک کە جینایەت و کارەساتەکانی دوای ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٦٨ی هەتاوی لە کوردستان لێ کەوتەوە، ڕەتکراوە نییە. ئێستا دوای نزیک بە چوار دەیە لە حاکمییەتی ڕەشی مەزهەبی بە سەر ئێران و کوردستاندا کە تاقیکاریی خۆی داوە و لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکی سیاسیدا بۆ جارێکی دیکە خەڵکی ئەم وڵاتە توخنی دەسەڵاتێکی لەوچەشنە ناکەون، بەڵام دیسانیش نابێ پێمان وابێ عەقڵییەتی سیاسی و دەوڵەتداری لە تاران لە هەر شکڵ و ساختارێکی سیاسیدا بێ، ئیستعدادی دووبارەکردنەوەی وەها ڕەفتارێکی نییە. بە واتایەکی ڕوونتر ئەگەر پێمان وابێ چیدیکە لە گۆڕانکارییەکانی داهاتووی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا دین و مەزهەب یان هەر چەشنە ئیدئۆلۆژییەک ناتوانێ ببێتە ئامیانی دەسەڵاتی سیاسی لەم وڵاتەدا، بەڵام خۆ ناکرێ حاشا لە پەرەسەندنی بیری خۆبەزلزانی نەتەوەیی، یان هەمان «شۆڤێنیزمی ئێرانی» لە بیرکردنەوە و ڕەفتاری زۆربەی زۆری لایەنە سیاسییە سەرانسەرییەکاندا بکەین.

هەر ئەو تەیف، لایەن و جەریانانەی کە ڕاست ٣٩ ساڵ پێش ئێستا لە ئاکامی بەدڕەفتارییەکانی ڕێژیمی خۆمەینیدا هانایان بۆ کوردستان هێنا و کوردستانیان بە «سەنگەری ئازادیی ئێران» دەزانی و بە بوونیان لە کوردستان کۆڵێک هەزینەی سیاسی و ئەمنیەتییان خستەسەر کوردستان و پرسە سیاسییەکەی، ئێستا دەبینین کە چۆن لە پرسی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەڕوانن! ئێستا کە هیچیان بە دەستەوە نیە و بە هۆی ناکارامەیی سیاسی و تەشکیلاتی و دوور کەوتنەوەیان لە کۆمەڵگەی ئێران بە تەواوەتی دابڕاون و وەک کۆمەڵە چەند کەسێک لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەردەکەون، دەبینین بە عەقڵیەتێکی مەزنیخوازانەوە هێرش دەکەنە سەر ماف و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و هاوئاهەنگ لە گەڵ ژوورە فکری و سیاسییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، کورد بە «جیاییخواز» و، داخوازییەکانی بە هەڕەشە بۆ سەر «تەواویەتی ئەرزیی خاکی ئێران!» دەزانن. ئەی ئەگەر لە ئازادیی سبەینێی ئێراندا هەر ئەمانە تۆزێک پەڕ و باڵ بگرن، بڵێی بە نیسبەت کورد و کوردستانەوە چ فەرمانێکی دیکەی «جیهاد» دژ بە خەڵکی کوردستان دەرنەکەن؟

***

٣٩ ساڵ بەسەر فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر خەڵکی کوردستاندا تێ پەڕێ. لەم وتارەدا باس لە چۆنیەتی عەقڵییەتی پشت ئەم فەرمانە و هۆکارەکانی هێرش بۆ سەر کوردستان ناکەین، بەڵکوو لە سۆنگەی ئەم ڕووداوەوە و، بە سەرنجدان فەزای سیاسیی کوردستان کۆمەڵێک هەڵوێست و ڕەفتاری حیزبەکان لە ماوەی ئەو کەمتر لە یەک ساڵەی حیزب و جەریانەکانی کوردستان، باسێک لە داهاتوو و هەروەها چۆنیەتیی ڕووبەڕووبوونەوەی کورد و حیزبەکانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ ئەگەری دووپاتبوونەوەی وەها ڕووداوێکدا دەکەین.

لە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییەوە تا ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، کوردستان فەزایەکی تایبەتی تەجرووبە کرد کە لە ڕاگەیاندراوی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»دا بە بۆنەی ٣٩ ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان بە وردی ئاماژەی پێ کراوە. ئەم تەجروبانە لە نەوعی خۆیدا کەموێنە و دەوڵەمەند بوون. هەر لە بوونی فەزایەکی دێموکراتیک بۆ تێکۆشانی حیزبەکان، ئازادیی بەیان و ئازادیی چاپەمەنییە بگرە تا کۆنترۆڵی ئەمنیەتی شار و ناوچەکانی کورستان و بەڕێوەبردنی کوردستان لەلایەن هێزی پێشمەرگە و حیزبە سیاسییەکانەوە. بەڵام ئەوەی لەو ماوە کورتەدا و بەتایبەت دواتر زۆر کەم هەستپێکراو دیترا، «کوردستانێکی یەکدەست» بوو. «یەکدەستبوون» بە مانا سیاسییەکەی کە حیزبەکان نوێنەرایەتیی بیر و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کودستان بکەن. لە گەڵ ئەوەیکە لە زەمەنێکی کورتدا و لەژێر ناوی «هەیئەتی نوێنەرانی کورد» بۆ وتوێژ لەگەڵ ڕێژیم، کۆمەڵێک کۆبوونەوەی هاوبەش و سەردانی هاوبەش کران، بەڵام بەداخەوە ئەمە نە تەنیا نەیتوانی لێکیان نزیک بکاتەوە و درێژەی هەبێ، بەڵکوو لە درێژەی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، تا دەهات لێک دوور دەکەوتنەوە کە بەداخەوە لە کۆتاییدا شەڕی نێوخۆیی و براکوژیشی بەدوادا هات.

خێرایی ڕەوتی ڕووداوەکان کە ئاوێتە بە هێرشی دژیگەلیانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان و بەرگریی قارەمانانەی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، لە کۆتاییدا گرتنەوەی شار و ناوچەکانی کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی سیاسیی تارانی لێ کەوتەوە. لەم قۆناغە بەولاوە تا ئێستایشی لەگەڵ بێت، بزووتنەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی، تووشی ئەو کەمایەسییە سەرەکی و جەوهەرییەن کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە گشتی تووشی شکست، لەپەراوێزکەوتن، دابڕان و ناکۆکی و لە دەستدانی دەرفەتەکان و نەناسینی هەڕەشەکان کردوە.

خۆسەرقاڵکردن بە کۆمەڵێک بیرۆکە و جیهانبینیی «نامۆ» و نەگونجاو لەگەڵ واقعییەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و پەلکێشکردنی کۆمەڵێک ڕەوتی ناسالمی سیاسیی ئێرانی بۆ کوردستان لەلایەن هێندێک سازمان و ڕەوتی کەم ئەزموون و، دوور لە بەها و ئەرزش خوێندنەوەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەک و، خۆبەزلزانیی هێندێک لایەنی دیکە، بە تەواوەتی کوردستانیان کردە گۆڕەپانی ململانێیەکی بێ ئاکام و لە هەمانکاتدا مەترسیدار. درێژبوونەی ئەم دۆخە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ نابەرپرسانە ڕەفتارکردنی کۆمەڵێک سازمان و جەریانی ڕادیکاڵ و، لەقەڵەمدانی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بە «کۆنەپەرەستی» و ناونیتکەلێدان لە سیاسەتی ئاشتیخوازانەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ناساندنی ڕێبەرانی بە «سازشکار»ی، لە لایەک بواری لەباری بۆ ناکۆکی و دووبەرەکییەکان لە کوردستان خۆش کرد و لە لایەکی دیکەوە مەجالێکی باشیشی بۆ ڕێژیم ڕەخساند کە خۆی بۆ هێرشێکی سەرانسەری بۆ سەر کوردستان ئامادە بکا.

ئەوەی تا ئەمڕۆیشی لەگەڵ بێ بزووتنەوەی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانی تووشی چەندبەرەکی، ناکۆکی و لێکترازان کردوە، تێنەگەیشتنە لە بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەشی خەڵکی کوردستان، یان هەمان «بەرژەوەندیی نەتەوەیی». ئەوەش دەزانین کە ئەم چەمک و دەستەواژانە بەرهەمی دیاردەی دەوڵەت_نەتەوەن و بەداخەوە ئێمە کورد تا ئێستا دەوڵەتمان نییە کە لە ڕەوتی نەتەوەسازیدا دەرکمان بە شاخسە هاوبەشەکانمان وەک نەتەوەیەک کردبێ. مادام ئێمە دەوڵەتمان نییە کە کار لەسەر شوناسە نەتەوەییەکانمان بە مانا سیاسییەکەی بکا، ئایا دەکرێ پێمان وابێ لە ئێستادا ئێمەی کورد خاوەنی «بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هاوبەش» نین و کاریان لە سەر نەکەین؟

بە خۆشییەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕووی نێوەرۆک و ئایدیاوە ئەوەندە دەوڵەمەند و خاوەنی پاشخانێکی بەرزی ماهەوییە کە دەکرێ بە پشتبەستن بە داخوازیی و خولیا نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی، وەک نەتەوەیەک لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی تێ بگەین. تێنەگەیشتن لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان، وای کردوە کە بەرژەوەندییە چووکە سازمانی و حیزبی و تەنانەت تاکەکەسییەکان، لە سەرەوەی هەموو شتێک ببیندرێن و هەر ئەمەیش بۆتە هۆکاری پەرەسەندنی جۆرێک لە «فرەجۆریی مەنفی».

دیاردەی فرەجۆری لە کۆمەڵگەیەدا کە بەرژەوەندیی گشتی و هاوبەشی تێدا غایب بێت، جیا لە ناکۆکی، چەندبەرەکی، لێکترازان و ئانارشیزم ناتوانێ بەرهەمێکی دیکەی هەبێ. کە هەر ئەم نەبوونی بەرژەوەندیی گشتییە کە دیاردەی فرەجۆریی مەنفی پێک دەهێنێ، دەتوانێ مەترسییەکانی وەک شەڕی براکوژی و خیانەتیشی لێ بکەوێتە کە بەداخەوە کورد لەم پێوەندییەدا ئەزموونی کەمی نییە. کەوابوو بە دەرسوەرگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردوومان کە بەداخەوە لە دووبەرەکی، شەڕی نێوخۆ، لێکترازان و لەبەریەکوەستان و لە کۆتاییدا بێ ئاکام مانەوەدا دەوڵەمەندە، پێویستە پێش هەموو شتێک لە لایەک لە سەر ئاستی کۆمەڵگەدا لە بەرژەوەندە گشتییەکان بگەین و، لە سەر ئاستی حیزبەکانیشدا بزانین کە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانمان کامانەن.

ئێمە لێرە کە باس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین و پێمان وایە پێویستمان بە تێگەیشتن لە بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەیە، سەرەتا دەبێ دەرکێکی واقعیمان لەم کۆمەڵگەیە هەبێ. بەو مانایە کە بە تێگەیشتنێکی قوڵ لە پتانسێلە ئاشکرا و شاراوەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، پێش هەموو شتێک ئیعتراف بە مەوجوودییەتەکانی لە هەموو ڕوویەکەوە بکەین بەبێ ئەوەی ڕوانگە و دەمارگرژیی سازمانی و حیزبیی خۆمانی تێدا دەخیل بدەین. ئەگەر توانیمان «ڕۆژهەڵات وەک هەیە» دەرک بکەین، ئەو جار دەزانین کە ئەم کۆمەڵگەیە بەم پێناسەوە کە لێمان بەدەستەوەیە، چۆن دەتوانین لە پێناو پرسە گەورەکەدا، کە پرسی نەتەوەیی و نیشتمانییە و بەرژەوەندییەکانیشی دەناسین، لە پرۆسەی خەباتی نەتەوایەتیدا ڕێبەری و مودیرییەتی بکەین.

بۆ ئەوەی بە ناسین و کەڵکوەرگرتن لە پتانسێل و زەرفییەتەکانی ڕۆژهەڵات بتوانین لە پێناو دابینکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکاندا هەنگاو بنێین، دەبێ باوەڕ بەوە بهێنین کە هیچ هێز و لایەنێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناتوانێ خۆی بە تەنیا ئەو کارە بکا و تەنیا ڕێوشوێنی ئەو پرۆسەیە، «یەکیەتی و یەکگرتوویی»ی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانە. کەوابوو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەر ئێئتلاف، هاوپەیمانی و بەرەیەکدا کە لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە، پێویستە لە سەر «کۆنتراکتێکی سیاسیی هاوبەش» ڕێک بکەون.

لەم کۆنتراکتەدا پێویستە بەبێ ئەوەی هەوڵی حەزفی لایەن یان ڕەوتێکی دیاریکراو بدەن، بەبێ ئەوەی لایەنێک خۆی بەسەر ئەوانی دیکەدا فەرز بکا، پێویستە لە سەر بنەمای «سازش»- بەڵگەمەند- لە سەر کۆمەڵێک پڕنسیپی تایبەت بە «بەرژەوەندییە گشتییەکان» ڕێک بکەون و ئەوانە وەک «هێڵی سوور» پێناسە بکرێ.

گومانی تێدا نییە کە لە وەها کۆنتراکتێکی سیاسیدا کە «بەرژەوەندی گشتیی خاک و خەڵکی کوردستان» بنەما و ژێرخانی پێچمگرتنی بێ، بەرژەوەندیی هەموو حیزبێکیش کە باوەڕی بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و خەبات لە پێناو خەڵکی کوردستاندا هەیە، دابین دەکا و لە هەمووی گرینگتر، لە ئەگەری هەر ڕووداو و ئاڵوگۆڕێک لە ئێرانی داهاتوودا، کوردستان جێگە و پێگە و قورسایی ڕاستەقینەی خۆی پەیدا دەکاتەوە.

***

کوردستان
ژمارە:۷۳۲
۳۱ی گەلاوێژی ۱۳۹۷ _ ۲۲ی ئاگۆستی ۲۰۱۸

# ئێران لە عێراق بەدووی چیدا دەگەڕێ؟



گەرێت نادا
و لە ئینگلیزییەوە: نەوید قادری



پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەددام حوسێن بەدەست هاوپەیمانییەتی بە ڕێبەریی ئەمریکا لە ساڵی ۲۰۰۳، ئێران وەک کاریگەرترین ئەکتەری دەرەکی لە عێراقدا دەرکەوت. زۆربەی دانیشتووانی ئێران و عێراق شیعەن و پەیوەندیی هاوبەشی کولتوری و ئایینی لە ماوەی چەند سەدەدا، هەروەها سنورێکی هاوبەشیان بە درێژایی نۆسەد «مایل» ئەو دوو وڵاتەی لێک گرێ داوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران لەڕووی سیاسی، ئەمنییەت و ئابوورییەوە، لە بەرژەوەندی خۆیدا کەڵکی لەو پەیوەندییە هاوبەشانە وەرگرتووە. ئێران بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراق، لەسەر سێ هێڵی سەرەکی ڕۆیشتووە:

سەرەتا، داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ۲۰۰۳ لەلایەن ئەمریکاوە، کە بە پێی باوەڕی مایکل ئایزنشتات؛ ئەمە دەرفەتێکی مێژوویی لە پێش ئێران دانا تا وێرای دزەکردنە نێو عێراق، ئەو وڵاتە لە دوژمنێکەوە بکاتە هاوبەش و هەروەها هاوپەیمانێک بۆ خۆی. ئێران و عێراق لەنێوان ساڵەکانی ۱۹۸۰ بۆ ۱۹۸۸ شەڕێکی خوێناوییان لەگەڵ یەکتر بوو کە زیاتر لە یەک میلیۆن قوربانیی لێ کەوتەوە. تاران بە پەندوەرگرتن لەم ئەزموونە، هەوڵی داوە کە بەغدا ئیتر هیچ کات نەبێتەوە مەترسی بۆ سەر ئێران.

هێڵی دووهەم؛ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە ساڵی ۱۲۰۱ لە عێراق بوو. نوری ئەلمالیکی، سەرۆک وەزیرانی_ ئەوکاتی_ عێراق کە هاوکات لەلایەن ئێران و هەروەها ئەمریکاشەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، لە بۆشایی ئەمنیەتیی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بە مەبەستی هێرشکردن بۆ سەر ڕێبەرانی سوونە مەزەب کەڵکی وەرگرت و سوونەکان لە دەسەڵاتی سیاسی و ناوچەکەشیان لە پەرەسەندن بێبەش کران و پەراوێز خران. قووڵبوونەوەی ئەو دوورکەتنەوەیە سازبوونی شەپۆلێکی نوێ لە توونداژۆیی لێ کەوتەوە.

هێڵی سێیەم؛ سەرهەڵدانی داعش لە ساڵی ۲۰۱٤ بوو. تاران _لەوکاتەدا_ بە پیل بەغداوە هات و هەوڵی دا لەڕێگەی ڕێکخستنەوە و بەهێزکردنی میلیشیا شیعە کۆن و نوێیەکان، هێزێکی سەربازی تۆکمە ساز بکا.

وشیار زێباری، وەزیری دەرەوە و هەروەها دارایی عێراق کە لە ساڵی ۲۰۱٦ لە پۆستەکەی دوور خرایەوە، پێی وایە: «کاریگەریی ئێران هەروا بەردەوامە». زێباری لە ساڵی ۲۰۱۷ و لە چاوپێکەوتن لە گەڵ نیۆیۆرکتایمز ئاماژەی بەوە کردبوو کە تەنیا هۆکاری دوورخستنەوەی ئەو لە پۆستەکەی، گومانی ئێران لە پەیوەندیی ئەو لەگەڵ ئەمریکا بوو.

لە ساڵی ۲۰۱٤ بەملاوە، کاربەدەستانی ئێرانی کۆمەڵێک بانگەشەی هاندەرانەیان سەبارەت بە کاریگەرییان لەسەر دراوسێ ڕۆژئاواییەکەیان وروژاندووە. عەلیڕەزا زاکانی (لە نوێنەرانی پاوانخوازی پێشووی پەرلەمانی ئێران) گوتبووی کە پێتەختی چوار وڵاتی عەرەبی -بەغدا، بەیرووت، دەمشق، و سەنعا_ لە ژێر دەسەڵاتدارەتیی ئێران دان. عەلی یونسی، ڕاوێژکاری باڵای سەرۆککۆماری ئێران و هەروەها وەزیری ئیتلاعاتی پێشوو _لە کابینەی دەوڵەتی خاتەمی_ لەسەر ئەو باوەڕەیە «دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا تەنیا بەند نییە بە کەرتی کولتوری». لە وتارێکدا لە ساڵی ۲۰۱۵، ناوبراو چەمکی «ئێرانی گەورە»ی وروژاند و عێراقی وەک «ناوەندی قورسایی میرات، کولتور و شوناسی ئێرانی» ناو برد. دیارە بۆچوونەکانی یونسی هاوکات لەلایەن سیاسەتمەدارە عێراقی و ئێرانییەکان کەوتە بەر پەلاماری ڕەخنە؛ هەڵبەت، زۆربەی ڕەخنەگرانی ئێرانی، ئەو ڕوانینەیان بە بەڵگەیەک و وەک شایەتیدانێک لەسەر ئاشکرابوونی ئامانجی فرەخوازانەی ئێران ناو دەبرد و پێیان باش نەبوو قسەی لێ بکرێ.

### بازرگانی و ئابووری

محەمەد ڕەزازادە، نێردراوی بازرگانیی ئێران بۆ عێراق لە دیسامبەری ۲۰۱۷ ئاماژەی بەوە کردبوو کە «هەناردەی ئێران بۆ عێراق لە ماوەی یەک دەیەی ڕابردوودا ۳٤ هێندە زیادی کردووە». وەحید گەچی، بەڕێوەبەری دەروازەی سنووریی سوماریش لە ۲۰۱۷دا ڕایگەیاندبوو: «عێراق جیا لە نەوت، بۆ هەموو شتێک چاولەدەستی ئێرانە». زۆرترین هەناردەی ئێران بۆ عێراق بریتین لە: خواردەمەنی، سوتەمەنیی ئاوەکی، پێترۆشیمی، کەرەستەی بیناسازی، کەلوپەلی نێوماڵ، و ئۆتۆمبێل.

لە چوار ساڵی ڕابردوو (۲۰۱٤-۲۰۱۸)، ئێران، چین و تورکیە نیزیکترین شەریکەکانی بازرگانی عێراق بوون، هەڵبەت پێگەی هەر یەکەیان بگۆڕ و جیاواز بووە. بۆ نموونە، لە ساڵی ۲۰۱٦ دا، تورکیە ۲۲ لەسەدی بازرگانی دەرەکیی عێراقی بۆ خۆی تەرخان کردبوو، لە کاتێکدا کە چین بە ۲۰ لەسەد و ئێران ۱٦ لەسەد، دوابەدوای ئەم وڵاتە ڕاوەستابوون. ئێران دوای چین، دووهەمین هەناردەکەری کاڵای غەیرە نەوتی بۆ عێراقە. ناسر بێهزاد، نێردراوی بازرگانیی ئێران، لە مارسی ۲۰۱۸دا گوتبووی کە «ڕێژەی بازرگانی ساڵانەی نێوان عێراق و ئێران شتێک لە نیوان ٦/٥ بۆ ۷ میلیارد دۆلارە، کە ئەگەر بەشەکانی تری وەک نەوت، گاز، گەشتوگوزاری ئایینی، و خزمەتگوزاریی ئەندازیاریشی پیوە زیاد بکەین، ئەو ڕێژەیە لە ۱۲ میلیارد دۆلار تێ دەپەڕێ.

### سیاسەت

ئێران پەیوەندیی زۆر نزیکی لەگەڵ زۆربەی سیاسەتمەدارە شیعەکانی عێراق _کە بەشی زۆریان لە سەرەتاکانی دەیەی ۱۹۸۰ و لەماوەی شەڕی ئێران و عێراق پەنایان بۆ ئێران بردبوو_ هەیە. ئەوان، ئەودەم بە هیوای وەدەستهێنانی پشتگیری بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕێژیمی _حوکمەتی سوونەی_ سەددام حوسێن بوون. ئەوان بریتی بوون لە:

- مەجلیسی باڵای ئیسلامیی عێراق کە حیزبێکی سیاسییە و لە ساڵی ۱۹۸۲ و لەسەر دەستی کەسانێکی دوورخراوە دامەزرابوو. بنکەی ئەو حیزبە دوای ڕووخانی سەددام لە ۲۰۰۳ گوازرایەوە بۆ عێراق و لەو کاتەوە ژمارەیەکی بەرچاو لە کورسییەکانی پارلمان لەبەر دەستی ئەم حیزبە دایە
- ڕێکخراوی بەدر، کە لە لقی سەربازیی مەجلیسی باڵای ئیسلامی بوون و ساڵی ۲۰۱۲ لە ڕێکخراوە سەرەکییەکەیان دابڕان. ئەو ڕێکخراوە پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ تاران هەیە. دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی ۲۰۱٤ سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر بوو بە وەزیری گواستنەوە و یەکێکی دی لە ئەندامانی ڕێکخراوەکەیان دواتر بوو بە وەزیری نێوخۆ.
- حیزبی «الدعوة» کە لە دەیەی ۱۹۸۰ بۆ ئێران دورخرابووەوە. ئەو حیزبە ساڵی ۲۰۰۳ گەڕایەوە پانتایی سیاسەت. دوو سەرۆک وەزیر، نوری ئەلمالیکی و حەیدەر ئەلعەبادی لە ئەندامانی ئەم حیزبەن.
- موقتەدا سەدر، کەسایەتیی ئایینی ناسراوی شیعە، پەیوەندییەکی پڕ لە هەوراز و نشێو (جار دۆستانە و جار پڕکێشە)ی لەگەڵ تاران هەبووە. میلیشیاکانی سەدر - سپای بەدناوی مەهدی- لە دەیەی ۲۰۰۰ و بە پشتیوانیی ئێران، هاوکات لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان و هێزە ئێراقییەکانیش شەڕیان دەکرد. موقتەدا سەدر لە ساڵی ۲۰۰۷ ڕای کردە ئێران و دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق خۆی لە ئێران بە دور گرت و ئەمجارەیان وەک ناسیۆنالیستێک دەرکەوت. بە گشتی (سەدر) پەیوەندیی خۆی لەگەڵ ئێران نەپچڕاندوە.

بەگشتی، ئێران لە ڕێگای دزەکردنە نێو ئەم گرووپانە و لایەنە دەسەڵاتدارەکان هەڵوێستی دۆستانەی بەغدای بە نیسبەت خۆی مسۆگەر کردووە. قاسم سولەیمانی، فەرماندەی لقی قودسی سوپای پاسداران، لە دانووستاندنە سیاسییەکانیشدا هەروەک ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان ڕۆڵێکی چارەنووسسازی گێڕاوە. هەڵبەت سەرجەم شیعەکانی عێراقیش لەگەڵ ئێران هاودەنگ نین. بریکاری سەرۆککۆماری عێراق، ئەیاد عەلاوی، یەکێک لە ناسراوترین دژبەرانی دەستێوەردانی ئێران لە کاروباری عێراقدا بووە. عەلاوی لە ساڵی ۲۰۱۷ بە هەواڵدەریی ڕۆیتێرزی گوتبوو: ئێران تەنانەت دەستێوەردان لە پرۆسەی بڕیاردانی خەڵکی عێراقیشدا دەکا... ئیمە دژی هەڵبژاردنێکین کە بنگەیەکی تایفیی هەبێ.. «ئیمە خوازیاری پرۆسەیەکی سیاسیی گشتگیرین... ئیمە هیواداریین عێراقییەکان بۆخۆیان و بەبێ دەستێوەردانی هیچ هێزێکی دەرەکی هەڵبژێرن».

لە دەیەی ۲۰۰۰دا ئێران پاڵپشتی لە کۆمەڵێک میلیشیای وەک: سوپای مەهدی و لقوپۆپەکانی، و ڕێکخراوی بەدر کە هێزەکانی ئەمریکی و هاوپەیمانییان دەکردە ئامانج، دەکرد. ئەم سیناریۆیە، دووپاتکردنەوەی مۆدێلی حیزبوڵڵا (ڕاهێنان، پڕچەککردن، و پاڵپشتی دارایی میلیشیاکانی لۆکاڵی سەر بە ئێران) لە عێراق بوو. هەر لە نێو ئەم گروپانەدا، عەسایب ئەهلی حەق، لە ساڵی ۲۰۰٦ و بە پاڵپشتیی سوپای پاسداران دامەزرا. ئەم گرووپە، بوو بە یەکێک لە بەهێزترین میلیشیاکان و لە ساڵی ۲۰۱۱ ڕا لە پانتایی سیاسەتیشدا دەستی بە چالاکی کرد. هەنووکە، عەسایب ژمارەیەک نووسینگەی سیاسی، کلینیکی دەرمانی و قوتابخانەی ئایینی لە عێراق بەڕێوە دەبەن.

لە ساڵی ۲۰۱٤، کۆمەڵێک لە میلیشیا کۆن و نوێیەکان لە ژێر ناوی حەشدی شەعبی لە دەوری یەکتر کۆ بوونەوە. لە سەرەتاکانی ۲۰۱۸، ژمارەی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە نێوان ۱۰۰۰۰۰ تا ۱۵۰۰۰۰ چەکداری سەر بە زێدەتر لە ٦۰ تیپ مەزەندە دەکرا. لەم بەینەدا، ئەگەرچی حەشدی شەعبی چووە ژێر فەرمانی نووسینگەی سەرۆکوەزیرەوە، بەڵام زۆربەی میلیشیا شیعەکان بە دوای بەرژەوەندیی خۆیاندا بوون و لە هاوکاریی نزیک لەگەڵ سوپای پاسداران بەردەوام بوون. هەروەها بەشێک لەو گرووپانە وەفاداری خۆیان بۆ ڕێبەری ئێران، ئایەتوڵڵا خامەنەیی دەربڕیوە.

بە گشتی، پێواژۆیەکان باس لە هەڵکشانی نیگەرانیی سوننەکان لە نێوەرۆکی فیرقەیی میلیشیا (شیعەکان) و وەفاداریی ئەوان بۆ تاران دەکەن. لە ۲۰۱٦، ڕەعد دەهلەکیی، پەرلەمانتاری سوننە، لە مەڕ ئەوەی کە حەشدی شەعبی ئەو پۆتانسیێلەی هەیە کە ببێتە هێزێکی وەک سوپای پاسدارانی ئێران، هۆشداری دابوو. سەرەڕای ئەمە، ئەم میلیشیایانەی کە ئێران پشتیوانیان دەکا لە پانتایی سیاسیشدا ڕۆڵ دەگێڕن.

### گرێدراوییە ئایینییەکان

ساڵانە، سەدان هەزار زیارەتکەری ئێرانیی ڕوو لە شوێنە پیرۆزەکانی شیعەکان لە نەجەف، کەربەلا، و سامەڕا دەکەن لە پاییزی ۲۰۱۷دا زیاتر لە دوو میلیۆن ئێرانی بۆ ئەربەعین ڕوویان لە عێراق کرد. (بۆنەیەکی ئایینی بۆ وەبیرهێنانەوەی تێپەڕبوونی چل ڕۆژ لە ماتەمینی بۆ شەهیدبوونی ئیمام حوسێن- لە شەڕی کەربەلا لە ساڵی _٦۸۰). هەروەها، ئێران، وەبەرهێنانێکی زۆری لەڕووی دابینکردنی ئیمکاناتی گەشتوگوزار و ژێرخان بۆ زیارەتکەران کردووە. دەگوترێ کە لە ساڵی ۲۰۱٤دا قاسم سولەیمانی فەرمانی لێدانی ڕێگایەکی لە پارێزگای دیالە دا، کە ڕێگای بۆ ئەو زیارەتکارانە کە دەیانویست بەرەو مزگەوتی گومبەزی زێڕین (مەرقەدی دوو ئیمامی شیعەکان) بڕۆن نزیکتر دەکردەوە.

هەڵبەت، کاریگەریی ئێران لەڕووی ئایینیەوە لە عێراق لەلایان مەکتەبە هزرییە ڕکابەرەکانەوە (شیعە) توشی ئاستەنگ بووە. هێدیترین مامۆستا ئایینیەکانی شاری پیرۆزی نەجەف بە گشتی خۆیان لە سیاسەتی پارتیزانی بە دوور گرتووە. دیارترینی ئەوان ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی (هەشتا ساڵە) بە میلیۆنان پەیڕەو لە سەراسەری جیهان، لە لایەنگرانی دیموکراسییە لە عێراقدا. بە گشتی، ئێران لە پەرەپێدانی مۆدێلی خۆی کە حکومەتی مەلاکانە، لە عێراق، سەرکەوتوو نەبووە و زۆربەی لایەنگرانی مۆدێلی ئێران، میلیشیاکانن. ڕێبەری حرکةالحزب الله النجباء، شێخ ئەکرەم ئەلکەعبی، گوتوویەتی: ئەگەر ڕێبەری باڵا عەلی خامنەیی ڕووخانی حکومەتی عێراق بە ئەرکێکی شەرعی بزانێ، لە ڕووخاندنی سڵ ناکەمەوە.

### کولتور و میدیا

لە ساڵی ۲۰۰۳دا ئێران، کەناڵی «ئەلعالەم»_ کەناڵێکی تەلەڤیزیۆنی ۲٤ کاتژمێری بە زمانی عەرەبی کە هەواڵەکانی هەڵگری ڕوانگەی ئێرانە_ی بە مەبەستی گۆڕینی ڕوانگەی سیاسی (عێراقییەکان) دامەزراند. بۆ ئەو مەبەستە، ئێران وەشاندەرێکی وشکانیی لە نیزیک سنوور دانا بۆ ئەوەی خەڵک بتوانن بەبێ سێڵەی سەتەلایت کەڵکی لێ وەربگرن. بەو پێیە، ئەو کەناڵە یەکێک لە یەکەمین کەناڵەکان بوو کە پاش ڕووخانی ڕێژیمی سەددام عێراقیەکان لێی بەهرەمەند بوون. ئەنستیتۆی میدیایی دەوڵەتی ئێران (دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی)، ئەو وێستگەی بۆ دڵنیابوون لە گونجاوبوونی ناوەرۆکی ئەو (پرۆگرامانە) لەگەڵ ڕوانگەی ڕێژیم بە نیسبەت بە گۆڕانکارییە ناوچەیی و جیهانییەکان بەڕێوە دەبا. دەگوترێ کە وێستگەی تەلەفیزیۆنی دیکەش بە پارەی ئێران و بە ئامانجی پێشاندانی ئێران وەک پشتیوانیی عێراق دامەزراون.

***

* گەرێت نادا بەڕێوەبەری ماڵپەڕی «ئێرانی کەون» و ئیسلامگەرایەکان لە ئەنستیتۆی ئاشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانە

# ڕێژیمی تاران لە قەیرانی ڕەواییەوە بەرەو قەیرانی فەرمانڕەوایی

سامڕەند عەتری

ڕێژیمی سیاسیی هەموو وڵاتێک ڕەوایی خۆی لەو یاسا بنەڕەتییەوە وەردەگرێ، کە لە لایەن خەڵکی وڵاتەکەوە پەسند دەکرێ. بەڵام بە سەرنجدان لە مێژووی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ئەو ڕاستییە زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە ئەو ڕێژیمە لە وڵاتی فرەنەتەوە و فرەئایین و ئایینزای ئێراندا هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە ڕەوایی نەبووە. هەرچەند ڕێژیم خۆی ئیدیعا دەکا کە لە ڕیفراندۆمی پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیمدا ۹۸٪ی خەڵکی ئێران دەنگی «بەڵێ»یان بە کۆماری ئیسلامی داوە، کەچی لەو قانوونەدا تەنانەت مافی ئایینزا ئیسلامییەکانیش پێشێل کراوە و لەڕاستیدا بە پێی ئەو قانوونگەلە ڕێژیمی زاڵ بە سەر ئێراندا بە پێچەوانەی ناوەکەی، تەنانەت ئیسلامیش نییە، بگرە ڕێژیمی شیعەی دوازدە ئیمامییە و باقیی ئایینزا ئیسلامییەکانی وەکوو لقەکانی دیکەی ئایینزای شیعە و ئایینزای سوننەی بەتەواوەتی وەپشتگوێ خستووە. خۆ دیارە ئایینە غەیرەئیسلامییەکانیش بێجگە لە حاشانەکردن لە ناوەکەیان هیچ مافێکیان پێ ڕەوا نەدیتراوە، بگرە بەشێکیان وەکوو بەهایی و یارسان و... هەر ناویشیان لەو دەستوورەدا نەهاتووە، هەروەها ئەو ڕێژیمە ڕێژیمی گەلانی ئێرانیش نییە، بەڵکوو ڕێژیمی نەتەوەی فارسە و تەنیا زمانی فارسی ئیمکانی خوێندنی هەیە و زۆر بابەتی ئێتنی و ئایینیی دیکەش لەو دەستوورەدا ڕەچاو نەکراون، هەربۆیە ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە بەلای هەموو گەلانی ئێرانەوە پەسند نەبووە و لەڕاستیدا ڕێژیم لە قەیرانی ڕەواییدا دەستبەکار بووە. نموونەی هەرەبەرچاو، نەتەوەی کوردە کە نە دەنگی بەو دەستوورە داوە و نە هەرگیز بە ڕەواییشی زانیوە.

بەڵام سەرباری قەیرانی ڕەواییەکەی، ڕێژیمی تاران لە سەرەتاوە توانی خۆی بەسەر گەلانی ئێراندا بسەپێنێ. یەکێک لەو هۆکارانەی کە یارمەتیدەری ڕێژیم بوو بۆ ئەوەی سەرباری قەیرانی ڕەواییەکەی لە دەیەی یەکەمی ژیانیدا کەمتر ڕووبەڕووی قەیرانی فەرمانڕەوایی ببێتەوە، جەنگی عێراق و ئێران بوو، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی ئەو جەنگە، نارەوایی ڕێژیم لە نێو گەلانی ئێراندا گەیشتە ئاستێک کە بەشێک لە کاربەدەستانی باڵای ڕێژیم هەستیان کرد بەرەبەرە تووشی قەیرانی فەرمانڕەواییش دەبن، بۆیە لە نیوەی دووەمی دەیەی ۱۳۷۰ی هەتاوییەوە بزاڤی ڕیفۆرمخوازییان هێنایە گۆڕێ و توانییان زیاتر لە دەیەیەک نارەوایی ڕێژیم بە ناوی ڕیفۆرمەوە پەردەپۆش بکەن، بەڵام پاش هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری لە ساڵی ۱۳۸۸ و نارەزایەتییە بەربڵاوەکەی خەڵکی ئێران بە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ئیدی بزاڤی ڕیفۆرمخوازیش تووشی قەیران هات، لە ئەنجامدا نەک هەر ڕەوایی ڕێژیم، بگرە فەرمانڕەوایی ڕێژیمیش کەوتە قەیرانەوە.

قەیرانی ڕەوایی دەستووری و قەیرانی فەرمانڕەوایی ڕێژیم پاش هەڵوەشانەوەی ڕێککەوتننامە ئەتۆمییەکەی ڕێژیم و وڵاتانی ڕۆژئاوایی لە لایەن ئەمریکاوە هێندەی دیکە ڕەوایی ڕێژیمی تووشی قەیران کردووە. ئێستا ڕێژیم وەها سەری لێ شێواوە کە نازانێ چۆن قەیرانە نێوخۆییەکانی لەگەڵ ئەو قەیرانە ڕێک بخا کە بەربینگی بە سیاسەتی دەرەکیی ڕێژیم گرتووە.

ئەو وڵاتانەی کە ڕێژیمێکی سیاسیی ڕەوایان هەیە، سیاسەتی دەرەکییان بە پێی دۆخی نێوخۆی وڵاتەکەیان دادەڕێژن، ئێستا ڕێژیمی تاران ناچار بووە بە پێی ئەو فشارەی لە دەرەوەی سنوورەکانییەوە کەوتووەتە سەری، بیر لە چۆنییەتیی فەرمانڕەوایی نێوخۆی وڵات بکاتەوە. لە کاتێکدا کە لە نێوخۆی وڵاتیشدا بە هۆی کۆمەڵێک قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە تەنانەت بەلای ئێتنی «شیعەفارس»یشەوە ڕەوایی خۆی دۆڕاندووە و گەلانی غەیری «شیعەفارس»یش کە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕێژیمەیان پێ ڕەوا نەبووە. لەبەر ئەمە ڕێژیم لێی ڕوون بووەتەوە کە ئیتر ناتوانێ فەرمانڕەواییەکی دەستووری لە هیچ شوێنێکی ئێراندا بسەپێنێ، بۆیە بەتەواوەتی خۆی بۆ سەپاندنی حکوومەتێکی میلیتاری بەسەر گەلانی ئێراندا ئامادە کردووە و گەلانی ئێرانیش سەرباری سەرکوتی توندیان لە لایەن چەکدارە نارەواکانی ڕێژیمەوە، کە بە زاراوەی سیاسی بەو جۆرە چەکدارانە دەگوترێت میلیشیا، لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا بەردەوامن لە جۆرە جیاوازەکانی خۆپیشاندان و مانگرتن و لێبڕاون کە کۆتایی بەو ڕێژیمە نارەوایە بێنن.



کوردستان
• ژمارە ٧٣٢
٣١ی گەلاوێژی ١٣٩٧ _ ٢٢ی ئاگۆستی ٢٠١٨



## ئیسلامی سیاسی [و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا]

### فازی چەکداریی موجاهیدینی خەڵق و لابرانی بەنی سەدر

حەسەن حاتەمی

موجاهیدینی خەڵق، لە ڕۆژێک پێش وەلانانی بەنی سەدر لەلایەن مەجلیسی شووڕا، لە ٣٠ ی جۆزەردانی ١٣٦٠دا ڕێپێوانی هەزاران کەسیی لە تاران، وەڕێ خست کە لەلایەن هێزە نیزامییەکان، بەتایبەتی سپای پاسدارانەوە کرایە سەر. ڕێبەریی موجاهیدین دژکردەوەی نیشان دا و لەگەڵ ڕێژیمی ئیسلامی چووە نێو قۆناخی چەکداری و پاشان هەوڵدان بۆ بەرەنگاری و ڕووخاندنی. دیارە موجاهیدینی خەڵق هەر لە هاوینی ١٣٥٨وە و سەبارەت بە نووسراوەکانی لەسەر شێوەی بەڕێوەبەریی وڵات و خوێندنەوەی بۆ مافی پێکهاتەکانی ئێران و دەنگنەدانی بە یاسای بنچینەیی کۆماری ئیسلامی ئێران، تا ڕادەیەک حیسێبی خۆی لە دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی هەتا جۆزەردانی ١٣٦٠ جیا کردوە. دوای ئەوکاتیش وەک موخالیف یا دژبەر هەڵسوکەوتی کرد.

بە بڕوای حەمید فەرخوندە لە جۆزەردانی ٦٠دا، توندوتیژی لە خوارێ و لەسەرێ هەبوو. هەم حکوومەت و هەم بەشێک لە موخالیفانی حکوومەت، دەستیان بۆ توندوتیژی برد. ... ئەو ڕۆژە شکستی گومانێک و دەسپێکی ڕەشترین دەیە لە مێژووی دوای شۆڕشی ئێران بوو... ئەو ڕووداوە لەحاڵێکدا بوو کە مەلا دەسەڵاتدارەکان لەبەر ناکۆکیی بنەڕەتییان لەگەڵ ئەبوولحەسەن بەنی سەدر؛ ئەویان بە «بازرگان»ێکی دیکە دەزانی و دەبوو لەسەر ڕێگای خۆیانی لابەرن. ئەوان خۆشەویستیی ڕێژەیی سەرکۆمار لەنێو خەڵک و ئەرتەشییەکان لەلایەک و پێوەندی لەگەڵ موجاهیدینی خەڵق لەلایەکی دیکە، وەک مەترسییەکی بەهێز بۆ دەسەڵاتی خۆیان چاو لێ دەکرد.(١)

پاشنیوەڕۆی ٣٠ ی جۆزەردان، تێکهەڵچوونێکی خوێناوی لە نێوان ئەندام و لایەنگران و «ملیشیا»(چەکدارەکانی موجاهیدین)، لەلایەک و هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی دەسەڵات، بەتایبەتی سپای پاسداران لەلایەکی دیکە دەستی پێ کرد. ژمارەیەک زۆر لە لاوان و مێرمنداڵانی موجاهید گیران و هەر بۆ شەوێ زۆربەی گیراوەکان، تەنانەت بریندارەکانیش ئێعدام کران.

لەو تێکهەڵچوونەدا، گرووپی توندئاژۆی قەرەیەخە (لیباس شەخسییەکان)، هاتە مەیدان کە ئاخوند غەفاری_ نوێنەری مەجلیسی یەکەمی شووڕا_ سەردەستە و فەرماندەریان بوو. ئەوان بەکەیفی خۆیان و بەوپەڕی قین لەدڵیەوە، ئەندامان و لایەنگران و تەنانەت خەڵکی دیکەشیان بە ناوی موجاهیدینی خەڵق پەلامار دەدا.

کەش و هەوای شەڕی نێو شارەکان، نائەمنی لە شەقام و کۆچە و کۆڵان و ماڵەکاندا، زاڵ کرا. هەواڵی زۆربەی ڕاگەیەنەرەکان، گیران، کوژران و ئاخنینی گرتووخانەکان لە ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی موجاهیدینی خەڵق بوو.

ئەسەدوڵڵا لاجوردی _وەک دادستانی دادگای شۆڕش و ئایەتوڵڵا محەممەد محەممەدی گیلانی وەک حاکمی شەرعی ئەو دادگایە- و هاوکار و هاوبیرەکانیان، لە زیندان و لە دادگا داخراو و چەند خولەکییەکانیاندا، زۆربەی گیراوەکانیان بە ئێعدام مەحکووم دەکرد و حوکمە داسەپاوەکەشیان دەستبەجێ جێبەجێ کران. ئەو کردەوانە ئەوپەڕی لە ژێرپێنانی مافی ئینسانی بوون. هەروەک لە کوردستان، تورکەمەنستان و ناوچە عەرەبییەکانی ئەهواز پێشتر کوشتاری تاک و بەکۆمەڵ کرابوو و بەردەوامیش لە ئارادا بوون؛ لە زۆربەی ناوچەکانی ئێران، شەڕ و خوێنڕێژی و بەبەرەکانی هەبوو.

لەو کاتەدا، کاتێک هەواڵنێرێکی خاریجی ڕەخنە لە لاجەوەردی دەگرێ و دەڵێ: کە ئێعدامکراوەکان چۆن بەبێ بوونی پارێزەر مەحکووم بە ئێعدام کراون؟! وەڵامی دایەوە: «تاوانی ئەوان بەڕادەیەک ئاشکرایە کە هیچ پارێزەرێک زاتی ئەوەی نییە، بەرگری لەوان وەخۆ بگرێ. چوونکە ئەگەر ئەو کارە بکەن دەستبەجێ بۆخۆشیان دەچنە ژێر پرسیار».(٢)

#### لابرانی یەکەم سەرکۆمار

بەنی سەدر لەکاتی بەربژێری بۆ سەرکۆماری و پێوانی ماڕاتۆنی بوونی بە سەرکۆمار، هەتا ١٤ی ڕەشەممەی ١٣٥٩_کە ناکۆکیی زۆری لەگەڵ بەشێک لە کاربەدەستان هەبوو_ وەک کەسێکی گرینگ بەدەسەڵاتێکی تایبەت لەگەڵ زۆربەی دەسەڵاتبەدەستانی ڕێژیم سازا بوو. بەڵام لە ١٤ی ڕەشەممە هەتا ١ی پووشپەڕ _کە پرۆسەی لەسەرکار لابرانی گەیشتە ئاکام_ قۆناغێکی پرکێشە و ناکۆکیی تێپەڕ کرد. وەک ناڕازییەک و هێندێک جار وەک ئۆپۆزیسیون لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕووحانییەت، بەتایبەتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و تەنانەت ویلایەتی فەقیهیشدا، ڕاوەستا.

ئیئتلافێکی ڕانەگەیاندراو لە نێوان بەنی سەدر و ڕێکخراوەکانی، موجاهیدینی خەڵق، نێهزەتی ئازادی، جەبهەی میللی و ڕێکخراوی دیکە و کەسایەتییەکانی بە بۆچوونی لیبرالی و میللی_مەزهەبی پێک هاتبوو. لەم بارەیەوە نووسراوە: «هەلومەرجێکی نوێ لە بەربەرەکانیی بەنی سەدر و ئیمام و هێزە شۆڕشگێڕەکان دەستی پێ کرد. موجاهیدین، جەبهەی میللی و نێهزەتی ئازادی و گرووپە چووکەکانی وەک حیزبی میللەتی ئێران و حیزبی مائۆئیستی ڕەنجبەران، چالاکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کێشە خوڵقێنی خۆیان پەرە پێ دا».(٣)

فەزای ئێران لە بەهاری ساڵی ١٣٦٠ هەتاویدا، بەرەو ئاڵۆزیی پترچوو. نێوان بەنی سەدر _وەک فەرماندەری گشتی هێزە چەکدارەکان_ و بەشێکی زۆر لە ئەرتەش لەلایەک و سپای پاسداران و بەسیج کە خومەینی، خامنەیی و ڕەفسنجانییان لەپشت بوو لەلایەکی دیکە، بۆ ئیدارەی شەڕ ناکۆکی هەبوو. بۆ ئیدارەی وڵات و هەڵسوکەوتی حیزبی جمهووری ئیسلامی و دەستێوەردانیان لەکاروباری دەوڵەت و هەوڵدان بۆ یەکدەستکردنی دەسەڵات، دیسان لەگەڵ بەنی سەدر جیاوازی بیروڕا _کە لە سەرتاوە هەبوو_، قوڵتر ببوو. کردوەکانی بەنی سەدر و لایەنگرانی لەنێو خەڵکدا، پشتیوانی بەرچاوی لێ دەکرا. دەسەڵاتدارانی ئاخوندی و لە سەروویی هەموویان حیزبی جمهووری ئیسلامی، بەنی سەدر یان وەک کۆسپێک لەسەر ڕێگای سەرەڕۆیانەی خۆیان دەدی، بۆیە هەوڵی لابردنیان دا.


لەو پێوەندییەدا، لە ١٨ی جۆرەدانی٦٠دا، بە حوکمی دادستانی شۆڕشی ئیسلامیی ناوەند، بڵاوکراوەکانی «آرمانی ملت» (١ ئۆرگانی حیزبی میللەتی ئێران)،»انقلاب اسلامی» _ئۆرگانی بەنی سەدر)، «جبهه ملی» (ئۆرگانی جەبهەی میللی ئێران)، «میزان» (ئۆرگانی نێهزەتی ئازادی)، « نامەی مردم» ( ئۆرگانی حیزبی توودە) و «عدالت» (ئۆرگانی حیزبی ڕەنجبەران) لەبەر گیرەشێوێنی هەتا کاتێکی نادیار وەستێندران.(٤)

سەرچاوەکان:
١ و ٢ـ سی خرداد شصت، روز آغاز سیاهترین سالها، حمید فرخنده، سایت خبری گویا، بیستم ژوئن ٢٠٠٦
٣ـ پیوند سرنوشت بنی‌صدر و سازمان ص ٥٤٥
٤ـ کیهان ١٣٦٠/٣/١٨ ص ٤

# دیاردەی گەندەڵی لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا



ڕەزا محەممەدئەمینی




بوونی دەیان پەروەندەی دزی و گەندەڵی سەدان میلیارد تمەنی و تالانی داهاتی نەوت و گازی ئێران و پاوانکردنی هەناردە و هاوردەی زۆربەی کالا و پێداویستییەکان لەلایەن مافیای سپای پاسداران و بوونی چەندین ڕێڕەوی هەوایی، دەریایی و ویشکانی بۆ قاچاغی ماشێنی گرانبایی و کەلو پەلەکانی دیکە نیشانەی ئەو ڕاستییەن کە گەندەڵی ئاوێتەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بووە و لێکهەڵاوردنیان ڕێی تێناچێ

گەندەڵی لەهەموو ڕەهەندەکانییەوە (ئابووری و ئیداری و یاسایی و...) دیاردەیەکی ناسالم و نەشیاوە کە لە نیزام و دەسەڵاتە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییەکاندا زۆر زوو تەشەنە دەکا و، وەک خۆرە پێکهاتە و هەیکەلی دەسەڵات بە هەموو بەشەکانییەوە دەتەنێتەوە؛ بەچەشنێک کە دەسەڵاتداران لە ئاستی هەرەبەرزدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دیاردەی گەندەڵیدا تێوەدەگلێن و لەئاکامدا سیستەمی دەسەڵاتداری بە شێوەی ئاشکرا لە بەستێنی گەندەڵیدا هەڵ دەسووڕێ. لەو دۆخەدا یاساکان پشتگوێ دەخرێن، دەور لێ دەدرێنەوە، یان دەبن بە ئامرازی دەسەڵاتداران بۆ گەندەڵی و کەڵک و سوودی تایبەت و نابەجێیان لێ وەردەگیرێ و دوو فاکتەری سەرەکی واتە «هێز و پێگەی حکوومەتی» و «پێوەندییەکان» دەبن بە دوو بنەمای سەرەکیی گەندەڵی و هەڵلووشانی داهاتەکانی وڵات.

لەدەرەوەی دەسەڵاتیش و لە نێو کۆمەڵگەشدا گەندەڵی لە هەموو ڕەهەندەکانی خۆیدا شۆڕ دەبێتەوە و کۆمەڵگە نوقمی خۆی دەکا. گەندەڵی دەبێتە هۆی قەیرانگەلێک کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر سیستەمی ژیانی کۆمەڵگە لە هەموو بەشەکانیدا دادەنێ و کەلێنی چینایەتی قووڵتر دەکاتەوە. بەشێوەی ئاشکرا ئابووریی وڵات نەخۆش دەکا و دەبێتە هۆی لاوازبوونی چینی مامناوەندی کە لە ئابووریی سالمدا دەبێ زۆر پتەو بێ و ئەستووربوونی چینی زەحمەتکێشان و کەمداهاتەکان و بەرزبوونەوەی هێڵی هەژاری؛ لەئاستی سەرەوەشدا کەڵەکەبوونی زۆرترینی سەرمایەکان لەدەست کاستێکی ئابووری نیزیک لە دەسەڵاتدا کە لەڕێی گەندەڵی و کەڵکوەرگرتن لە کەلێن و کەلەبەرە یاسایی و نایاساییەکان ڕۆژلەڕۆژ قەڵەوتر دەبێ و وەک «دۆڵپا» بەسەر سیستەمی ئابووری و تەنانەت دەسەڵاتی سیاسیدا زاڵ دەبێ. گەندەڵی نەک هەر بەر بە ڕەوتی گەشەسەندنی کۆمەڵ دەگرێ، بەڵکوو کۆمەڵگە تووشی لاوازی و نەزۆکی دەکا و دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی دەیان دیاردەی نەخوازراو کە لەهەموو ڕوویەکەوە کاریگەریی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ و ژیان و گوزەرانیان دەبێ.

ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی لەهەموو ڕوویەکەوە گەیشتووەتە بینەقاقای و ئەو دیاردەیە وەها پەرەی سەندووە کە ڕێبەران و کاربەدەستانی ڕێژیمی ناچار کردووە بە ڕواڵەت هەڵوێستیان هەبێ و خوازیاری بەربەرەکانی لەگەڵ گەندەڵی بن. ئەوە لەحاڵێک دایە کە هەروەک ئاماژەمان پێکرد سەرچاوەی گەندەڵی لە وڵاتانی وەک ئێران لە هەموو شێوە و شکڵەکانیدا، دەسەڵاتە لە ئاستی سەرەوە و ئەو پێوەندییە ناسالمانەیە کە دەسەڵاتداران بۆ قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان وەک ڕەهێڵەیەکی بەربڵاو تەنیویانە. لەوماوەیەدا خامنەیی و دەزگای قەزایی باس لە پێکهێنانی لێژنەی سێ کەسی لە قازییەکان بۆ دادگایی و سزادانی گەندەڵکاران دەکەن و وا دیارە بۆ ئەو مەبەستە پەت و سێدارەشیان بۆ چەند کەسێک هەڵ خستووە.

شک لەوەدا نییە دیاردەی بەربەرینی گەندەڵی و دزیی هەزاران هەزار میلیاردی و کەڵکورەگرتن لە ڕانتە حکوومەتییەکان بە لەسێدارەدانی چەند کەس و مۆرەیەکی سووتاو لە کاربەدەستانی دەوڵەتی و ئەو کەسانەی کە خامنەیی و دەزگای قەزایی دەبێ بۆ پاراستنی نیزامەکەیان قوربانییان بکەن، نەک هەر ناتوانێ ڕیشەکێشی بکا، بەڵکوو ئەو هەنگاوە، واتە پێکهێنانی لێژنەی سێ کەسی و دادگایی کورتخایەن و دەرکردنی سزای لەسێدارەدان لەلایەک بۆ چاوترساندنی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێرانە و لەلایەکی دیکەش بۆ پووشبەسەرکردنی ئاست و قەبارەی گەورەی گەندەڵی لە «نیزامی موقەدەسی کۆماری ئیسلامی»یە! دەزگای قەزایی و ئەمنییەتیی ڕێژیم توانای خاشەبڕکردنی گەندەڵیان نییە چونکە بۆخۆیان لەگەندەڵییەوە گلاون و لە ڕاستیدا دەبێ لەسەرەتادا بۆخۆیان دادگایی بکرێن و سزا بدرێن. سادق لاریجانی، سەرۆکی دەزگای قەزایی کە لەو چەند ڕۆژەدا بەفەرمی ئیزن لە خامنەیی دەخوازێ بۆ پێکهێنانی ئەو لێژنە سێ قۆڵیانە و دادگایی خێرای گەندەڵکاران، بۆخۆی یەکێک لە گەورەترین گەندەڵکارەکانە و لەکەس شاراوە نییە کە وەک مەحموود سادقی، نوێنەری مەجلیسی ڕێژیم باس دەکا زیاتر لە ٦٠ حیسابی بانکی بە بڕی هەزار میلیارد تمەن لە پارەی متمانەبڕی (وثیقە)ی تۆمەتباران لەسەر ناوی ناوبراو کراوەتەوە و ساڵیانە دووسەت میلیارد تمەن سوودیان دێتەسەری.

لەڕاستیدا سەرچاوەی گەندەڵی لە ئێراندا بەشێوەی گشتی نیزامی کۆماری ئیسلامییە و ئەو جۆری نیزامەکەیە کە ڕێخۆشکەرە بۆ

لەڕاستیدا سەرچاوەی گەندەڵی لە ئێراندا بەشێوەی گشتی نیزامی داتەپیو و ڕزیویی کۆماری ئیسلامییە و ئەو نیزامەیە کە ڕێخۆشکەرە بۆ پەرەسەندنی گەندەڵی و بەشێوەی تایبەتیش سپای پاسداران وەک گەورەترین مافیای زاڵ بەسەر ئابووری ئێراندا و ئەو بنکە و بونیاتە زۆر و زەبەلاحانەیە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و یاساکانی ئەو ڕێژیمە، سەر بە بەناو «بەیتی ڕێبەرین» و وڵامدەری هیچکەس جگە لە خامنەیی نین

پەرەسەندنی گەندەڵی و بەشێوەی تایبەتیش سپای پاسداران وەک گەورەترین مافیای زاڵ بەسەر ئابووری ئێراندا و ئەو بنکە و بونیاتە زۆر و زەبەلاحانەیە کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و یاساکانی ئەو ڕێژیمە، سەر بە بەناو «بەیتی ڕێبەرین» و جگە لە خامنەیی وڵامدەری هیچ کەس و لایەنێک نین.

قەیرانی ئابووری بێوێنەی ئەو چەند مانگە، بەتایبەت پاش هاتنەدەرێی یەکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێککەتنی بەرجام لەلایەک ئابووریی ئێرانی هەڵتەکاندووە و بووەتە هۆی ئاوسان و گرانیی لەڕادەبەدەری سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان و تەنگی بە دەیان میلیۆن لە خەڵکی هەژار و کەمداهاتی وڵات هەڵچنیوە و؛ لەلایەکی دیکەش مەیدانی بۆ باندە مافیاییە ئابوورییەکانی دوور و نیزیک لە دەسەڵات بۆ تەڕاتێن و هەڵلووشینی داهاتی وڵات خۆش کردووە. هەر لەو ماوەیەدا بازاڕی پشک و دراو و زێر هەژانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و کار گەیشتە ئەوەی دۆلارێکی ئەمریکایی بە نیزیکەی ١٢ هەزار تمەن ئاڵوێری پێ بکرێ؛ لەبەرانبەریشدا کەلوپەڵ و پێداویستییەکانی خەڵکی، تەنانەت بەرهەمە نێوخۆییەکانیش، نرخیان بەشێوەی سەرسوڕهێنەر چووە سەرێ و بەم چەشنە گوشارێکی تاقەتپڕووکێن کەوتووەتە سەرشانی خەڵکی، بەتایبەت چینی هەژار و کەمداهاتەکان. بێگومان لە داهاتووشدا و لەپاش قۆناغی دووهەمی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا کە کەرتی نەوت و گازی ئێران دەگرێتەوە، داهاتی فەرمیی کۆماری ئیسلامی زۆر لەوەی کەهەیە کەمتر دەبێتەوە و گوشاری زیاتر دەکەوێتە سەر کۆمەڵانی داماوی خەڵکی ئێران. لەو بەینەدا ڕایەڵی بەربەرینی دزی و گەندەڵی و ڕانتخۆڕەکانی نیزیک بە دەسەڵات بێکار نابن و بەهەموو هێزو توانایانەوە تێ دەکۆشن لەودۆخە شڵەژاوە کەڵک وەرگرن و گیرفانەکانیان بئاخنن.

ئەگەر ئاوڕێک لە دزی و بەفیڕودانی داهاتی گشتیی وڵات و گەندەڵییەکانی چوار دەیە دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی بدەینەوە، دەبینین کە لە زۆربەی ئەو گەندەڵییانەدا دەستی مافیای سپای پاسداران و ئۆرگانەکانی سەر بە خامنەیی پێوە دیارە. بوونی دەیان پەروەندەی دزی و گەندەڵیی سەدان میلیارد تمەنی و تالانی داهاتی نەوت و گازی ئێران و پاوانکردنی هەناردە و هاوردەی زۆربەی کالا و پێداویستییەکان لەلایەن مافیای سپای پاسداران و بوونی چەندین ڕێڕەوی هەوایی، دەریایی و ویشکانی بۆ قاچاغی ماشێنی گرانبایی و کەلوپەلەکانی دیکە نیشانەی ئەو ڕاستییەن کە گەندەڵی ئاوێتەی سیستەمی کۆماری ئیسلامی بووە و لێکهەڵاوردنیان ڕێی تێ ناچێ. هەتا ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆیەش لە دەسەڵاتدا بمێنێ، چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەوە باشتر نابێ و ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بین کە کۆماری ئیسلامی هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی مەینەتییەکانی خەڵکی داماوی ئێران هەڵێنێتەوە. ئەو ڕێژیمە کە چنگی بەسەر چارەنووسی خەڵک و هەموو داهات و سامانی ئەو وڵاتە داگرتووە، نەک هەر ئامادە نییە چاوێک بە سیاسەتەکانی خۆی لە دەرەوە و لە نێوخۆدا بخشێنێتەوە، بەڵکوو زۆر لە جاران مکووڕتر و پێداگرتر درێژە بە کاروکردەوەکانی دەدا و ئەوەی بۆی گرینگ نییە، ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی بێدەرەتانی خەڵکی ئێرانە کە هەژاری و نەداری و دەسکورتی بە چۆکیدا هێناون. گەندەڵی هەوسارپچڕاو کە نیزامی کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی ئێرانی گرتووەتەوە ئاکامی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەیە و بەدڵنیاییەوە هەتا کۆماری ئیسلامی بمێنێ گەندەڵی و داتەپینی ئابووری و لێکەوتەکانی دەمێنن و بگرە زیاتر زەخت لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دادەنێن.

هەر بۆیەشە باشترین ڕێگا بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانە ئەوەیە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە یەکڕیزی و شێلگیرییەوە بۆ گۆڕینی ئەم نیزامە گەندەڵە تێ بکۆشن کە ماوەی چوار دەیەیە دەسەڵات و ژیان و چارەنووسی گەلانی ئێرانی لەپاوانی خۆی گرتووە، بە تایبەت لە ئێستادا و بەلەبەرچاوگرتنی ئەو زەخت و گوشارەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لەسەری داناون، ڕژیم زیاتر لە هەموو کاتێک لەرزۆکتر بووە. بێگومان بە بەردەوامیی ئەم گوشارانە و قوڵبوونەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵکی ئێران، ئەو ڕێژیمە دژی گەلییە هیچ داهاتوویەکی لە ئێراندا نامێنێ و درنگ یان زوو بەرەو هەڵدێری نەمان دەڕوا.

# لەمەودوا ئێران، ڕیاڵی ئەو وڵاتە و ئایەتوڵڵا چیان لێ دێ؟



ئێف ئێکس ئێمپایەر _ باب مەیسن
و لە ئینگلیسییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لە کاتێکدا کە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە نزیک دەبێتەوە، سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان بە پێوانەی مێژوویی سەرقاڵ بووە. شەڕی بازرگانی لەگەڵ چین، ڕێککەوتننامەی ڕاماڵینی چەکی ئەتۆمیی لە کۆرەی باکوور، وەرچەرخان لە پەیوەندییەکان لەگەڵ ڕووسیە کە خەریکە دێتە ئاراوە، دانووستانی بازرگانیی نوێ لەگەڵ یەکیەتیی ئورووپا، وتووێژ لەگەڵ مەکزیک و کانادا و ئابلۆقەی نوێ دژی ئێران لەگەڵ هێرشی ئەم دوایییانەی ئابووری بۆ سەر ئەردۆغان و تورکیە.

لە کاتێکدا کە بەربەستە ئابوورییەکانی ترامپ لە حەوتووی ڕابردوو وەک هەوڵێک بۆ ئازادکرانی قەشە برانسۆن سەیر کرا، لەوانەیە کایەیەکی گەورەتر لە ئارادا بێ.

### ئابلۆقەکانی سەر ئێران

دوژمنی ژمارە یەکی سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ئێران بووە و هێرش بۆ سەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن نیشانەی هۆشداریی ئاڵوگۆڕی هەلومەرج بوو کە دیتمان هەلومەرجەکەش گۆڕا.

یەکگرتوویی لە سەپاندنی ئابلۆقەکانی ئێران لە ڕابردوودا مەودای مانۆڕی ئێرانیان گەلێک سنووردار کردبوو، بەڵام هەلومەرج گۆڕاوە و ئەمە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ویستی ترامپ بۆ تۆراندنی هەموو کەس لەبەر بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

دوو ساڵ لە هەڵگیرانی ئابلۆقەکانی ئێران و گەڕانەوەی بۆ نێو گۆڕەپانی جیهانیی و حەزی کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان بۆ وەدەستهێنانی بەشێک لە دۆلارە نەوتییەکانی ئێران تێپەڕ بووە.

شتەکان بە گوێرەی هیوای ڕێژیمی ئێران نەچوونە پێش کە خۆبواردنی سەرۆککۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پەسەندکردنەوەی ڕێککەوتنی ئەتۆمیی و سەپاندنەوەی ئابلۆقەی نوێ لە حەوتووی ڕابردووی لێ کەوتەوە.

لە کاتێکدا کە ئێران بە هەستکردن بەو ڕاستییە کە هیچ ئاڵوێرێکی بازرگانیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکان نابێ درێژەی بە ژیانی ئاسوودە داوە، بەڕێوەبەرایەتیی ئامریکا هەم هاوپەیمانان و هەمیش دژبەرانی وشیار کردۆتەوە کە ئابلۆقەی سزادەرانە دەخاتە سەر هەر وڵاتێک کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران بکا و ئەمە کاردانەوەی لەسەر ئابووریی ئێران هەبووە؛ بە لەبەرچاو گرتنی ئەم ڕاستییە کە ئامانج ئەوەیە لە مانگی نۆڤامبردا بڕی هەناردەی نەوتی ئێران بگاتە سفر، کە لانیکەم ئەمە بۆ ئێران جێگای نیگەرانییە.

نیگەرانیی گەورەتری ئێران شەڕی بازرگانی و ویستی ترامپ بۆ سەپاندنی گومرگ دژی سەرجەم وڵاتان و لایەنەکانە [کە بە پێچەوانەی ئابلۆقەکان ئاڵوێری بازرگانی لەگەڵ ئێراندا دەکەن] بەبێ لەبەرچاوگرتنی مێژووی پەیوەندییەکانیان [لەگەڵ ئامریکا].

هەڕەشەی شاراوە دژی ئێران هەن، بەڵام زۆرتر بۆ ڕێژیمێک کە لە ١٩٧٩ دەسەڵاتی بەدەستەوەیە و لە کاتێکدا کە یەکیەتیی ئورووپا و زلهێزە جیهانییەکانی دیکە نارەزایەتی بەرامبەر بە دوایین هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەر دەبڕن، ستراتێژیی ترامپ وێدەچێ یەکێک لەم دوو ئاکامە دەستەبەر بکا، یەکیان گەلێک بەسوود دەبێ بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان و ئەوی دیکە کارەسات بۆ گشت لایەک.

### ئێران تووشی تێکڕمانی ئابووری دەبێ؟

ئابووریی ئێران لەبەر یەک هەڵوەشاوە، ڕیاڵی ئێران بۆ نزمترین ئاست بەرامبەر بە دۆلار دابەزیوە، زۆربەی تێکڕمانەکە لە ماوەی ئەم هاوینە بە هۆی دەستپێکردنەوەی ئابلۆقەکان لە مانگی ئاگوست هاتۆتە ئاراوە و هەڵاوسانی نرخەکان گەیوەتە ئاسمان لە کاتێکدا کە سەردەمێک بازرگانە گەشبینەکان گریمانەی دوورەدیمەنی تاهەتاییەکی دیکە لە بیابانیان دەکرد.

دوایین جار کە ئاسەواری ئابلۆقەکان دەرکەوت لە نێوەڕاستی شەڕێکی سەخت لە نێوان ئێران و جیرانەکەی عێراق بوو کە کوژرانی یەک میلیۆن کەسی لێ کەوتەوە. ئەمجارە، هیچ شەڕێک لە ئارادا نییە، تەنیا گەشەسەندنی ئابووریی جیهان و خۆشگوزەرانی بۆ ئەو لایەنانەی کە لە بەری دروستی پەرژینەکەن.

هەواڵی خۆپیشاندانی ١٠٠ هەزار کەسی لە شەقامەکانی ئێران بەدوای دوایین ئابلۆقەکان کە هاوار دەکەن مردن بۆ دیکتاتۆر ئەمجارەیان بە مانای چەرمەسەرییە. بێکاری، بەرزبوونەوەی دوو هێندەی نرخی میوە و سەوزەمەنی و دابەزینی بەرچاوی نرخی ڕیاڵ لە بەراورد لەگەڵ دۆلار پاشلەرزەی ئابلۆقەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان هیوای ئەم وڵاتەیە تا ببێتە هۆی لێدانی دوایین بزمارەکان لە تابوتی ڕێژیم. ئەویش لە کاتێکدا و لە ئێستادا کە نرخی هەر بۆشکە نەوت سەروو ٧٠ دۆلارە و پاش ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران بۆ ماوەی پتر لە دوو ساڵ لە دۆلاری داهاتی نەوت و پارەی وەبەرهێنەرانی بیانی بەهرەمەند بوو. بەڵام لە ئێستادا نرخی فەرمیی دراو لە دۆلاری ١٢٠٠٠ ڕیاڵ ڕا لە کاتی نووسینی ئەم بابەتە گەیشتۆتە ٤٤٠٠٠ ڕیاڵ. بەڵام بە گوێرەی هەواڵی مەیدانیی لە چەند حەوتووی ڕابردوودا نرخی نافەرمیی ١ دۆلار گەیشتۆتە ١١٢٠٠٠ ڕیاڵ.

جیاوازیی نێوان نرخی فەرمیی و نرخی سەر شەقام بەڕوونی لەبەر چاوی خەڵکی ئێرانە. لە کاتێکدا کە ئەمساڵ نرخی فەرمیی دۆلار لە ٣٦٠٠٠ ڕیاڵ ڕا گەیشتۆتە ٤٤٠٠٠، نرخی سەر شەقام لە ٤٤٠٠٠ بۆ سەرووی ١١٠٠٠٠ بەرز بۆتەوە، کە قەڵەمبازی سەرەکیی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی ئاپریل.

شتێکی سەرسوڕهێنەر نییە کە ڕێژەی فەرمیی هەڵاوسانی نرخەکان لە گەڵ هی سەرشەقام جیاوازە و فرۆشیاران نرخەکان بەرز دەکەنەوە تا قەرەبووی چوونە سەرێی نرخی دۆلار لە سەر شەقام بکەنەوە.

لە کۆتایی مانگی جولایەوە، ڕێژەی هەڵاوسانی نرخی ساڵانە ٢٠٠٪ی تێپەڕ کردووە، لە کاتێکدا کە ڕێژەی فەرمیی هەڵاوسان لە لایەن کاربەدەستانەوە ١٠٪ باس کراوە کە جیاوازیی نێوان نرخی فەرمیی و نرخی ڕاستەقینە لە ژانوییەوە مەودای نێوانیان بێ پسانەوە زیاتر بووە.

### لەمەودوا چ شتێک چاوەڕوانی ئێران دەکا؟

ئابلۆقەکانی سەر نەوتی ئێران تا مانگی نۆڤامبر دەست پێ ناکەن، بەڵام هەر لە ئێستاوە وڵات تێک ڕماوە و [کاربەدەستانی] ڕێژیمی ئیسلامی لێک نزیک بوونەوە، تەنانەت ڕووحانی ڕیفۆرمخواز لە پشت ئایەتوڵڵا خامنەیی سەنگەری گرتووە.

چەند مانگ پێش دەستپێکردنی ئابلۆقەی هەناردە کردنی نەوت، گەڕانەوەی سەرۆکی ڕیفۆرمخواز ڕووحانی بۆ نێو توونداژۆکان وێدەچێ ببێتە هۆی توورەیی زۆرتری جەماوەر، تەنیا بژاردەی ڕێژیمی ئێران گەڕانەوە بۆ مێزی وتووێژە کە دژی سەرجەم بۆچوونەکانی ڕێبەر بەرامبەر بە ویلایەتە یەکگرتووەکانە.

ئاڵترناتیوەکە ئەمەیە کە [ڕێژیم] بەرەوڕووی شۆڕشێکی نێوخۆ ببێتەوە و ناڕازییان زۆرتر سەرکوت بکا، لە کاتێکدا کە بە دوای ڕێگاچارە بۆ وەستاندنی دابەزینی نرخی دراو و چارەسەری گیروگرفتی ڕێژەی هەڵاوسانی نرخەکاندا دەگەڕێ، هێچکام لەوانە مومکین نین تاکوو ئێران پێداچوونەوە بە دۆخی دراو نەکا و بەدوای ڕێگاچارەی شیاودا نەگەڕێ و لە هەمووی گرینگتر مەسەلەی ئابلۆقەکان چارەسەر نەکا.

ئاخۆ ڕۆژئاوا شۆڕشێکی نێوخۆی [ئێرانی] دەوێ و ئەمە چ کاردانەوەیەکی لەسەر دینامیزمی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لە کۆتاییدا لەسەر نرخی نەوتی خاو دەبێ؟

ئێران دەورێکی دەستێوەردەرانەی لە خۆرهەڵاتی ناڤین هەبووە و لەبەر شەڕی دەسەڵات بێگومان ئەگەری هەڵایسانی شەڕ هەیە، تەنانەت بە دەستنیشانکرانی دەوڵەتی ئینتیقالی لە لایەن ڕۆژئاواوە یا گەڕانەوەی شازادەی جێنشین و کوڕی شای پێشوو، ڕەزا پەهلەوی لە تاراوگە، کە لەگەڵ ئیسرائیل و دوژمنانی دیکەی ڕێژیمی ئێستا بۆ پشتیوانیی لە گەڕانەوەی پاشایەتیی بۆ ئێران دانووستانی کردووە.

هەرچۆنێک بێ، سەردەمێکی بەژان دەست پێ دەکا، و ڕەوتی دابەزینی نرخی ڕیاڵ لە کۆتاییدا تا چەند مانگی دیکە سەقامگیر دەبێ، درێژەکێشانی نارەزایەتییەکان و هەڕەشەی شۆڕش وێدەچێ پێش سەقامگیر بوون ببێتە هۆی دابەزینی زۆرتر، لە کاتێکدا کە گۆڕینی ڕێژیم دەتوانێ ببێتە هۆی گەشەسەندنی دەستبەجێی بازاڕەکان، چونکە گریمانەی پەیوەندیی نزیک لەگەڵ ڕۆژئاوا و لە هەمووی گرینگتر ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکرێ.

لە پەیوەندی لەگەڵ نەوتی خاو و وەستانی گەیشتنی ئەو بەدەست کڕیاران، لە کۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لەگەڵ ئابلۆقەکان و ئاخۆ سپای پاسداران دەگەڕێتەوە بۆ سەر عادەتی کۆنی پێشگرتن بە هاتووچۆ لە گەرووی هۆرمز. سەرۆک کۆماری ئێستای ویلایەتە یەکگرتووەکان وێناچێ ئەم تاکتیکە قبووڵ بکا، کە دەتوانێ ببێتە هۆی بەرەوڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامیی لەگەڵ دژکردەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و گرەوەکەی بۆ ترامپ دەتوانێ سەرانگرێ کردنی ڕێژیم بێ. عەجایب دەستکەوتێک دەبێ ئەمە ....

دریژەی:

## لە ٣٩ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستاندا

لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا وێنا کرد و هەتا ئێستایشی لەگەڵ بێت خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە مافخوازەکەی جیدیترین و لێبڕاوترین دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.

ئەمساڵ کە ٣٩ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان تێپەڕ دەبێ، لە سەروبەندێکدا ڕێز لە خۆڕاگریی مێژوویی خەڵکەکەمان دەگرین، کە زۆربەی نزیک بە تەواوی شوێنە جیاجیاکانی ئێران بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە هەر کامەیان بوونەتە کوردستانێک و خەڵکی زۆربەی شارەکانی ئێران دژی ئەم دەسەڵاتە هاوهەڵوێستی خەڵکی کوردستانن و داوای ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی لە نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دەکەن.

لەدوای نزیک بە ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتداریێ ئەم ڕێژیمە بە سەر خەڵکی ئێران و کوردستاندا، هەتا ئێستایش ناو و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خولقێنەر و وەبیرهێنەرەوەی تێرۆر، مەرگ، زیندان، سەرکوت و بەرەو پاشگەڕانەوەیە. بەرهەمەکانی ئەم نیزامە بۆ خەڵک لەم چوار دەیەدا بەشی زۆری بریتین لە: ”هەژاری، برسییەتی، گەندەڵی، بێکاری، پەرەسەندنی مەسرەفی مادەهۆشبەرەکان، کەمئاوی، تەڵاق، خۆکوشتن و دەیان دیاردەی دزێوی دیکەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی“. سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکانی تەنیا یەکساڵی ڕابردوو خەڵکی ئێران بەگشتی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە خەڵک بەتەواوەتی لەم ڕێژیمە بێزراون و خوازیاری لاچوون و کۆتاییهاتنی ئەم نیزامەن.

لەسەر ئەم شێوە دەسەڵاتانە پێشتریش مێژوو بڕیاری خۆی داوە، هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و دژەگەلیی نەیتوانیوە و ناتوانێ هەتا سەر لە بەرنانبەر ئیرادەی خەڵکەکەی خۆی ڕابوەستێ. کۆماری ئیسلامیش لەو قاعیدەیە بەدەر نییە. سەروەریی بۆ ئەوانە دەمێنێتەوە کە بەرانبەری وەستانەوە و ئیلهامی ئازادی، سەربەستی و کەرامەتی مرۆڤ هانی دان بۆ دوارۆژێکی گەش کە تێیدا دەسەڵاتێکی دێموکراتیک زامنی مافی هەمووومان بێت.

ئێستا کە کۆماری کۆنەپەرەستی تێرۆر و سێدارە ڕووبەڕووی دەیان قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی بووەتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لێبڕاوانەتر لە هەمیشە بەرانبەری ڕاوەستاون، ئێمە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستمان لە نێو دەستی یەکتر، بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک، بە ئیرادەیەکی قورسترەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشاوە یەککەوتووین و خۆ ڕێک دەخەین تاکوو هەنگاوەکانمان پتەوتر لە هەمیشە بەرەوپێش بهاوێین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی**



## لە حوجرەوە

## مامۆستا مەلاخدر دۆڵەگەرمی

عادل مەحموودی



ئەگەر بە مێژوی دوور و نزیکی نەتەوەکەماندا وەگەڕێین و وەردی دەینەوە، دەبینین مامۆستایانی ئایینی ڕەمز و پێشەنگی خەبات و بەرخودان بوون. ئەوان بۆ کۆمەڵگەی ئەودەم نەخشی ڕووناکبیران و خوێندکارانی ئێستایان گێراوە و هەنووکەش کەم نین ئەو مامۆستا خەباتکار و نەتەوەپارێزانەی لەنێو خۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو کۆری خەباتی ئاشکرادا لە چاوی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێراندا نەخشی چقڵ دەگێرن، بەردەوام بەرپەرچی سیاسەتی دوژمنکارانە دەدەنەوە.

بەدڵنیایەوە چ ئەو مامۆستایانەی ئەو دەم و چ ئەوانەی ئێستا لە حوجرەکاندا فرچکیان بە بیری کوردایەتی و ئازایەتی گرتووە، ئامۆژگاریی مامۆستاکانیان لە کەڵکەڵەیاندا بۆتە هەوێنی بەرەنگاری و فیداکاری. بەشێکی زۆری مامۆستایانی ئایینی خۆڕسکانە قۆڵی هیممەتیان هەڵماڵیوە و چاکیان بەلا داداوە و خۆیان هاویشتۆتە نێو کۆڕی خەبات.

بەکردەوە کەم نین ئەو مامۆستایانەی وەک فەرماندەی چاو نەترس تەنگیان بە سپای پۆشتە و پەرداخی دوو دەستەڵاتی «شا» و «شێخ»ی حاکم هەڵچنیوە و نەترەی هێزەکانیان بردوون! ئەمڕۆش یەکێک لەو توێژە بەرچاوەی کۆمەڵگەکەمان کە بۆتە ڕوانگەی گەل، مامۆستایانی ئایینین کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەبێ ئەرکی کادری لێهاتوو بگرنە ئەستۆ، هەروەک لە پێشوودا نیشانیان داوە و زۆر لەوان گیانیان لە پێناویدا داناوە کە مامۆستا مەلا خدر دۆڵەگەرمی یەک لەوانە.

مامۆستا مەلا خدر ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی دۆڵەگەرم کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای سەردەشت چاوی بە دونیا هەڵ هێنا. ئەو لە بنەماڵەیەکی هەژاردا لەدایک بوو و بە حوکمی ئەوەی تاقانە بوو، لای دایک و باوکی زۆر خۆشەویست بوو و هەموو هەولی ئەوان بەتایبەتی دایکی بۆ ئەو بوو وەبەر خوێندن بنرێ و پێ بگا.

سەرەتای دەستپێکردنی مامۆستا بەخوێندن دەگەڕێتەوە بۆ مزگەوت و لەلای مامۆستا مەلا مەحموود، مامۆستای ئاوایی دەست بە خوێنی وانە ئایینییەکان دەکا و بەرەبەرە هەموو قۆناغەکانی خوێندنی دینی دەبڕێ هەتا ئیزنی مەلایەتی وەردەگرێ. مامۆستا هەم شارەزاییەکی زۆری لە سەر دین و ئیسلام هەبووە و هەم تا بڵێی مرۆڤێکی خۆش فکر و ئازدیخواز بووە. ئازادیخوازی لای مامۆستا تایبەتمەندییەکی یەکجار بەرچاو بووە و ئەوینی خاک و نیشتمان و کوردایەتی و خەبات بەشێکی گرینگ لە کەسایەتیی ئەو بوون. مامۆستا کە کەسێکی وردبین و هەڵسووڕ بوو، بۆ خەبات و تێکۆشانی بە کردەوە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەڵبژارد و ساڵی ١٣٤٤ شەرەفی ئەندامەتیی ئەم حیزبەی وەرگرت.

بڵاوکردنەوەی سیاسەتی خەڵک لەنێو خەڵک و هاندانی خەڵک بۆ مافخوازی و خەبات دژی زۆرداری ئەرکێک بوو کە مامۆستا شەو و ڕۆژی بۆ نەدەناسی و زۆر قازانج و بەرژەوەندیی شەخسی و بنەماڵەیی کردە قوربانیی سەرخستنی ئامانجە بەرزە نەتەوەییەکانی.

مامۆستا یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەم لە سەردەمی محەممەدڕەزا شا و هەم لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا دژی ستەمکارییان وەستا و لەو ڕێگەیەشدا ڕووبەڕووی زۆر لە کێشە و سەختییەکانی ژیان بۆوە.

لە ڕاپەڕینی چەکداریی ساڵانی ٤٧_٤٦ی تێکۆشەرانی دێموکراتدا مامۆستا مەلا خدر وەک یەکێک لە باوەڕپێکراوانی مەلا ئاوارە هەڵسووڕانی بووە و یارمەتیی شۆڕشی داوە و دواتر لە ژێر فشاری ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی شادا ناچار بە بەجێهێشتنی زێدەکەی دەکرێ و لە باشووری کوردستان درێژە بە ژیان و خەباتی پێشمەرگانەی دەدا.

مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کە هاوڕێی سەردەمی فەقێیەتی و خەباتی پێشمەرگانەی مەلا خدر بووە، لە بارەی ئەم ڕۆژانە و تێکۆشانی مەلا خدرئاوا دەنووسێ: «کاک مەلا خدر لەو مەیدانەشدا زۆر جێی متمانە، زۆر جێی ئۆمێد و زۆر چالاک بوو. بۆ ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی و نیشتمانی ماندوویی نەدەناسی و شەو و ڕۆژی نەدەزانی. دەگەڵ هەموو مەترسییەکانی سەر ڕێی خەبات و دەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی جەهەننەمیی پاشایەتی هەموو ناوچەکان، بە تایبەتی ناوچەی سەردەشتی بە هێزی سەربازی و ژاندارم و بەکرێگیراوی هەرزان قیمەتی خۆوڵاتی تەنیبوو، مەلا خدر هەروەک هاوڕێکانی دیکەی بێ ترس لە دوژمن خەریکی ئەنجامدانی ئەرکە حیزبی و نیشتمانییەکانی بوو و بە ڕۆژ فەقێ و بە شەو پێشمەرگە بوو.»

مەلا خدر لە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دەستپێکردنەوەی وەرزێکی نوێ لە شۆڕش و خەباتی سیاسیی کورد لە ئێران، وەک کادرێکی بەوەجی حیزبی دێموکرات شان وەبەر بەرپرسایەتییەکان دەدا و هەموو کاتەکانی ژیانی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرکە حیزبییەکانی تەرخان دەکا.

مامۆستا مەلا خدر کە بەشداریی چەند کۆنگرەی حیزبی کردبوو و لە ڕەوتی دوو دەیە خەباتی ئاشکرا و نهێنیدا خەرمانێک ئەزموونی سیاسیی وەسەر یەک نابوو، لە کۆنگرەی نۆی حیزبی دێموکرات_ڕێبەرایەتیی شۆڕشگێڕ_ دا بە ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەڵبژێردرا و پتر لە جاران شانی دا بەر ئەرک و بەرپرسایەتییەکان.

دوا قۆناغی ژیانی نەمر مەلا خدر ئەو کاتە دەست پێ دەکا کە بەهۆی هێندێ گیروگرفتی ژیان و لەشساغییەوە ناچار بوو لە ساڵی ١٣٧٨ی هەتاویدا نیشتمانە خۆشەویستەکەی بەجێ بێڵێ و لە وڵاتی نۆرویژ بگیرێسێتەوە. لەو قۆناغەشدا مەلا خدر هەر بە جەستە لەوێ بوو، ئەگینا بیر و هۆش و فکر و خەیاڵی هەر لەلای کوردستان و کوردستانییەکان بوو. هەر بەو هۆیەشەوە هەموو توانای خۆی بەکار دێنا تا بتوانێ کەلێنێک لە ژیانی خەباتگێڕانەی حیزبەکەی پڕ بکاتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی هەنگاوێک لە سەرکەوتن نزیک بکاتەوە.

مامۆستا مەلا خدر بە داخەوە لە دواساڵەکانی تەمەنیدا تووشی نەخۆشیی بێ ئامانی شێرپەنجە هات و هەر چەندی لە بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو دێوەزمە سامناکەشدا ئەوپەڕی ورە و یازایەتیی لە خۆی نیشان دا، بەڵام سەرەنجام ساڵی ٢٠٠٨ نەخۆشییەکەی بڕستی لێ بڕی و بە دنیایەک ئاوات و ئارەزووی بەدینەهاتووەوە ماڵئاوایی یەکجاریی لە بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوسەنگەرەکانی و گەل و وڵاتەکەی خواست.

ڕووحی شاد و یادی هەرمان.



# سێ پێشمەرگە و زەبوونیی سوپایەک

برایم چووکەڵی

پاییزیساڵی ١٣٦٢ی بەفر و باران وەک ساڵانی پێشوو زۆر وڵاتی دانەگرتبوو، بەڵام ویشەکەسەرمایەکی وابوو کە کەم کەس دەیتوانی خۆی لەدەرێ ڕابگری. لەو سەروبەندەدا حیزبی دێموکرات بەرەو کۆنگرەی ٦ی خۆی هەنگاوی دەنا و لەناوچەی مەهەباد فەرماندەری لک، نوێنەری کۆنگرە بوو و دەبوا تا ئەو لە کۆنگرە دەگەڕێتەوە کەسیک کاروباری لکەکە بەڕێوە بەرێ، بۆ ئەم مەبەستەش فەرماندەری لک یەکێک لەپێشمەرگە ئازاکانی بەناوی سەید سمایل بۆ ئەو ئەرکە دیاری کرد. سەید سمایل کە پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا و نەترس بوو، بڕیاری دا بەبۆنەی گرتن و تەواوبوونی کۆنگرەی ٦ی حیزب عەمەلیاتێک لە ناوچەی چۆمی مەجیدخان بەڕێوە ببا. ئەو سەرەتا بۆ شناسایی شوێنەکە لەگەڵ چەند کەس وەرێ کەوتن و بە پاییزی سارد، شیو و دۆڵ و بەندەنەکان و جوگە و جۆیباری ناوچەیان بەرەو چۆمی مەجیدخان بڕی. لەسەر بەرزاییەک وەستان و فەرماندە شوێنی کاری داهاتوویانی کە دەبوو عەمەلیاتی لێ بکەن بۆ هەر کام لە تیمەکان دیاری کرد پاشان بە شێوەیەکی زۆر نهێنی لە ماڵێکی ئاوایی قەرەگۆل وەژوور کەوتن و دوای پشوودان بەرەو لای ئاتابڵاغی و سریلاوە گەڕانەوە. لەنێو ئاوایی ئاتابڵاغیدا، یەکێک لە پێشمەرگەکان پارێزی پێویست ناکا و شوێنی مانەوەیان ئاشکرا دەبن، ئەویش لە کاتێکدا کە لە پشت ئاوایی پایەگا بەسەر ماڵانەو بوو. بۆیە سەید سمایل بڕیار دەدا ئاوایی بەجێ بێڵن و بەرەو گوندی سریلاوە بچن. پێشمەرگەکان کاتژمێر ٩ی بەیانی ڕەخت دەبەستن و باڵتە بەسەر تفەنگەکانیاندا دەدەن و بەنیزیک پایەگادا تێ دەپەڕن و دەچنە سریلاوا. لەو کاتەدا لە مزگەوتی ئاوایی سەرەخۆشییەک دەبێ و پێشمەرگەکان بۆ چەند دەقە دەچنە مزگەوتەکە. خەڵک بە دیتنی پێشمەرگەکان شاگەشکە دەبن، بەڵام دوایەش ئەگەرچی خەبەریان دەدەنێ کە هەموو ڕۆژێک تویتایەکی پڕ چەکداری ڕێژیم لە میاندواو ڕا دێنە ئاوایی، کەچی ئەوان بە تێڕادوویی لە خۆیان گوێ نادەنێ. بۆ نیوەڕۆ سەید سمایل و پێشمەرگەکان دەچنەوە ماڵی سێحەب پرسەکە، بێ خەبەر لەوەی پاسدار گەیشتوونە سەریان و شوێنەکەیان زاندراوە و هەتا پاسدار لێیان وەژوور نەکەوتن بە خۆیان نەزانی. پێشمەرگەکان لەگەڵ خاوەن ماڵ خەریکی قسە و باس بوون کە پاسدارێک لوولەی چەکەکەی لە دەرگایە هێنا ژووری و بە فارسی بە سەیدی گوت: «بلند شو پدر سوختە...» سەید باوەڕی نەدە کرد کە ئاوا ئاسان پاسدار هاتبێتە سەریان. پاسدارەکە دەستی بە ماشەوە نا و ڕەگبارێکی لە ژووری کرد. سەید سمایل بەر نەهات. بەڵام یەک لە دانیشتووانی ژوورەکە بە توندی بریندار بوو. لەگەڵ تەواوبوونی خەشابی پاسدارەکە بابیز و سەید بەر دەستڕێژیان دا و کەلاکی پاسدارەیان خست. تەنیا سێ پێشمەرگە لە ژوورێک و حەوشە پڕ لە پاسدار. سەید دوو نارنجۆکی پاسدارە کوژراوەکەی لێ کردەوە و فڕێی دایە حەوشە و ڕەوە پاسداری بەر ڕەگباری تفەنگ دا و گوڕاندی: «لەبەرتان مردم لێیان دەن شێرە کوڕانی دێموکرات...»

بەو ئاوربارانە و بەو نرکەی شێرانەیە ورەی پاسدار ڕووخا و ئەوی کوژرا، کوژرا و، ئەوەی دیکە خۆی پێ ڕانەگیرا و هەڵات. سەید بەوەش ڕاوەنەستا و لە سەربانی ماڵێش پاسداری ڕاو ناو و لەوێش دوو کەلاکی لێ خستن و لە کووچە و کۆڵانیش ماشێنی پاسداری لە کار خست و چەند جەندەکێکی دیکەی لێ خستنە سەر عەرزی. پێشمەرگەکان پێیان وابوو کە دەبێ خۆیان حەشار بدەن، بە تایبەت کە سریلاوا کەرێزێکی تایبەتیی بۆ خۆحەشاردان هەبوو. بابیز هەوڵی دا خۆی بگەیەنێتە ئەو شوێنە؛ بەڵام بە چوونەدەرێ لە حەوشە کەوتە بەر دەستڕێژ و شەهید بوو. جەلال و سەید لە شەڕێکی سەختدا مابوونەوە و تا ئەو کاتە کەلاکی زیاتر لە دە پاسداریان خستبوو. نرکەی پڵنگئاسا و ئازایەتی و دەستوبردیان وایکردبوو دوژمن پێی وابێ زیاتر لە بیست پێشمەرگەن کە سەنگەریان لێ گرتوون... سەید سمایل و جەلال لە هۆڵی مەڕەکاندا بوون. چەند پاسدار بەرەو حەوشە و دوو پاسداریش بەردەرگای کادێنی لێ گرتبوون. سەید تەنیا یەک نارنجۆکی پێ مابوو و پێشی حەیف بوو کە تەنیا دوو پاسداری پێ بکوژێ، دەنگی نەکرد تا پاسدارەکان گەیشتنە بەر دەرگای کادێن و لە یەکتریان دەخوڕێ کە کامیان پێش کەون...، لەپڕ سەید قامکی بەتفەنگ داهێنا و یەکیان کوژراو و ئەوەی دیکە بە برینداری ڕای کرد و سەید ڕەگبارێکیشی بۆ سەربان کرد کە بووە هۆی ڕاکردن و کشانەوەی کاتیی پاسدارەکان. ئەوانیش جێگەیان گواستەوە بۆ هۆڵێکی دیکە کە پڕ لە مەڕ و بەرغەڵ و حەیوان بوو. بڕیاریان دا کە مەڕەکە لە هۆڵەکە دەر بکەن و دەست لە بەرغەلەکە نەدەن. وردە وردە لە سەعات ٣ نزیک دەبوونەوە. سەید سمایل ئەو تەرحەی عەمەلیاتییەی کێشابوون و مۆری لک و هێندێک بەڵگەنامەی دیکە کە پێی بوون تاقەتی کردن و بە خاوەن ماڵەکەی گوت: «ئەگەر شەهید بووم لە خاتوونباغ بە دایکم بڵێن کە بۆم نەگری، مەردانە شەڕی خۆمم کردوە و سەرم بۆ دوژمن نەوی نەکردووە...» سەید ڕووی کردە جەلال و گوتی تا دوا فیشەک شەڕ دەکەین و دوایە بە نارنجۆکێک خۆمان دەتەقێنینەوە و نابێ بە زیندوویی بکەوینە بەردەستیان. هێزی ڕێژیم بە زیاتر لە ٢٠ ماشێن هەموو ئاوایی داگرتبوو. پاسدارێک خۆی گەیاندە بەردەرگای هۆڵەکە و ڕەگبارێکی تێ هەڵکردن. جەلال بریندار بوو. ئەوان خۆیان مات دا تا پاسدار بەنووکی تفەنگەکە دەرگای کردەوە. جەلال دابێژدابێژی کرد و سەیدیش چووە حەوشە و دوانارنجۆک کە پێی مابوو پێی دادان. پاشان زوو تفەنگی پاسدارەی هەڵ گرت و گەڕاوە و لاقی جەلالی بە ئاغابانوو بەست. ماوەی دە دەقیقە وڵات بێدەنگ بوو. سەید لە کولانەی هۆڵەوە سەری کێشا و چاوی لێ کرد پاسدارەکان هەموو خەڵکی ئاواییان کۆ کردۆتەوە و بە لێدان و تەقەکردن خەڵکیان وەپێش داوە و بەرەو لایان دێن. پاسدارەکان لەو تەقەکردنەدا کەسێکیان کوشت و سێ کەسیشیان بریندار کرد. سەید بەوە زۆر ناراحەت بوو. خەڵک و پاسدار بەتەواوی نزیک بوونەوە. سەید لە پڕ دەرگای کردەوە و هاواری کرد: خەڵکینە دانیشتن... ئەوەی گوت و دوو ڕەگباری لە پاسدارەکان کرد. هەر خەڵک و پاسدار بوون بە سەر یەکدا دەکەوتن. بەڵام پاش ماوەیەک پاسدارەکان سەربانیان لی گرتن و دەستیان کرد بە نارنجۆک بارانکردنی هۆڵەکە. سەید و جەلال خۆیان لەقوژبنێکدا مەلاس دابوو، بەڵام بە دەیان بەرخۆڵەی تازە کەلاکیان بەسەر یەکدا کەوتبوو و خوێن جۆگەلەی بەستبوو. لەپڕ نارنجۆکێک کەوتە نیزیک جەلال. ویستی هەڵی گرێتەوە بەڵام تەقییەوە و جەلالی بە توندی بریندار کرد. پاش ماوەیەک چەند نارجۆکێکی دیکەش هاتنە خوارێ و سەید سمایلیش بەتوندی بریندار بوو، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو برینەکانی خۆی بپێچێ و جارجاریش بۆ ئەوی دوژمن بزانێ ماون تەقەی دەکرد. زەردەی خۆر مابوو کە هەموو شتێک بێدەنگ بوو. دەنگی هیچ بوونەوەرێک نەدەهات سەید و جەلال پێیان سەیر بوو کە بڵێی چ ڕووی دابێ. فەرماندەی میحوەری دوژمن کە لە ئاتابڵاغی نیشەجێ بوو، هێزەکەی کێشابۆوە دەرەوەی ئاوایی و چەند کەسی لە کەیخودا و خەڵک ئاوایی بانگ کردبوو. ئەو بێزاریی خۆی لە سیخوڕەکانی خۆیان لە ئاوایی دەربڕیبوو و گوتبووی: «ئەو دووانە قارەمانن و حەیفە بکوژرێن. باشە مەگەر پێمان نەگوتن ئەگەر هاتن نانیان بدەنێ با بڕۆن؟ نە ئەوان بەدەست ئێمە بە کوشت دەن و نە ئێمەش بەدەست ئەوان.. ئێمە دەڕۆین... حەیف نییە سیخوڕی بەسەر ئەواندا لەگەڵ و بۆخۆتان ڕاپۆرتیان لێ دەدەن»؟ هێزی دوژمن بەزی و مەیدانی چۆڵ کرد، ئەوەی مایەوە ئازایەتی و نەبەردیی سێ پێشمەرگە بوو کە لەو ڕۆژەدا حەماسەیەکی تاهەتاییان بە ناوی خۆیان و بۆ حیزب و گەلەکەیان تۆمار کرد.

# لە بارەی ڕۆڵەی بەناوبانگی کورد «قاچاغ نەبی»



لەتیف مەممەد(١)
و لە ڕووسییەوە: د. کامران ئەمین‌ئاوە



**پێشەکیی وەرگێڕ**

نەتەوەیەک کە دەوڵەت و کیانی خۆی نەبێ، نەک هەر لە ژیانێکی بەختەوەرانەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی بێبەش دەبێ، بەڵکوو پێناسە فەرهەنگییەکەشی لێ زەوت دەکرێ. زەوتکرانی مافی نووسین بە زمانی زگماکی دەبێتە هۆی ئەوەی کە نووسەر و شاعیر و بە گشتی ڕووناکبیری نەتەوەی ژێردەست بە زمانی نەتەوەی دەسەڵاتدار بیر بکەنەوە، بنووسن و لە جیاتی خزمەتی زمانی خۆیان، یاریدەی گەشەسەندنی زمان و بیر و فەرهەنگی نەتەوەی داگیرکەر بدەن. لە لایەکی دیکەشەوە شوڤێنیزمی دەسەڵاتدار هەوڵ دەدا حاشا لە بوونی ئەم نەتەوانە بکا یاخود مێژوو و کەسایەتییەکانیان چەواشە بکا.

کوردیش بە هۆی دابەشکرانی نیشتمانەکەی لە نێوان چوار وڵات و بڵاوبوونەوەی بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکەی لە ئازەربایجان و ئەرمەنستان و کازاخستان و بە گشتی لە باشوری قەفقاز، بەرەورووی ئەم دیاردەیە بۆتەوە و لەم سۆنگەیەوە گەلێک کارەساتی تووش بووە. کاتێک «نیزامیی گەنجەوی»، شاعیری بە ناوبانگی سەدەی ١٢ی کورد لەلایەن ئێرانییەکانەوە وەکوو فارس و لە لایەن ئازەرییەکانەوە وەکو تورک یان ئازەری پێناسە دەکرێ، یان ڕەگەزی کورد بوون لە قارەمانە ئەفسانەییەکانی کورد وەکوو «کوێرئۆغلی» و «قاچاغ نەبی» زەوت دەکرێ، بەشێک لە مێژووی کورد چەواشە دەکرێ و، هەوڵ دەدرێ کولتوری ئەم نەتەوەیە لەو کەسایەتییە ناودارانەکە هێمای ئازادی، دادپەروەری، فیداکاری و لەخۆبردوویی لە پێناوی گەلەکەیان دان، بێبەش بکرێ.

لە کۆماری ئازەربایجان پاش لە نێوبردنی کۆماری سووری کوردستان[١٩٢٩-١٩٢٣]، بە پێچەوانەی بیر و هزری مارکسیستی کە دەبوو ڕێز لە مافی نەتەوەکانی دیکە بگیرێ، بەداخەوە هەلومەرجێک خولقا کە هەتا ئێستاش حاشا لە ڕەگەزی بەشێک لە کەسایەتییە کوردەکانی ئەم وڵاتە دەکرێ و مێژوونووسە ئەدەبی_ سیاسییەکانی ئەم وڵاتە نکۆڵی لە کوردبوونی شاعیر و نووسەرە بەناوبانگەکانی دانیشتووی ئەم وڵاتە وەکوو «نیزامی گەنجەوی»، «سلێمان ڕەحیمۆف»، «شامۆ عارف»، «عەلی وەلیۆف»، «سەمەد وەرغون»، «حوسێن کوردئۆغلو»، «شامیڵ عەسکەرۆف» یان قارەمانە نەتەوەییەکانی وەکو «کوێرئۆغڵو» و «قاچاغ نەبی» و هتد دەکەن. بە داخەوە دابەشکرانی کوردستان و نەبوونی دەوڵەت و کیانی کورد ئەم دەرفەتەی بۆ ئێمەی کورد نەڕەخساندوە کە زانایان و پسپۆڕانمان لەم بوارانەدا چالاک بن و بە پشتیوانیی دەوڵەتێکی نەتەوەیی هەوڵ بدەن ڕووناکی بخەنە سەر خاڵە نادیارە و شاراوەکانی مێژووی ئەدەبیی کورد و ئەم چەشنە کەسایەتییانە بە خەڵکی بناسێندرێنەوە.

لە نێو کورداندا چەند دڵسۆزێکی ئەدەب و کولتوری کورد جێ پەنجەیان بە ناساندن و بە خاوەنکردنەوەی ئەو جۆرە قارەمانانەوە دیارە. مامۆستا ئەنوەر سوڵتانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە (ئایا کوێرئۆغڵو کورد بووە؟)، «لەتیف مەمەد» لەدایکبووی ئەرمەنستان (دەربارەی کەسایەتیی کوێرئۆغڵو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی_ڕزگاریخوازانەی کورد؛ سەبارەت بە ڕۆڵەی بەناوبانگی کورد «قاچاغ نەبی»)، «تاهیر سلێمان» لە دایکبووی کۆماری ئازەربایجان (نامەی سەرئاوەڵا بۆ ئاکادێمی زانستیی ئازەربایجان: نیزامیی گەنجەوی کورد بووە و بە زمانی کوردییش نووسیویەتی) لەو توێژەر و نووسەرانەن کە لە پێناوی دۆزینەوە و ناساندنی ئەم کەسایەتییانەدا گەلێک هەوڵیان داوە و زەحمەتیان کێشاوە کە جێگای ڕێز و پێزانینن.

***

لە نێو کورد و ئازەرییەکانی باشووری قەفقاز «قاچاغ نەبی» گەلێک بەناوبانگە. ئەوان گۆرانییان بەسەردا هەڵ گوتوە، کتێبیان لەسەر نووسیوە و فیلمگەلی هونەرییان لێ دروست کردووە. ئەو هەتا ئەمڕۆ، بۆ زۆرکەس هێمای خەباتی دژ بە دەستەڵاتدارانە. قاچاغ نەبی لە ساڵی ١٨٥٤ی زایینی لە بنەماڵەیەکی هەژاری کورد لە گوندی ئاشاخی مۆللو(٢) سەر بە ناوچەی زانگزور (Zangezur) (ناوچەی قوباتلیی(Qubadli District) ئێستا، کە پێشتر سەر بە کوردستانی سوور بووە) لە ئازەربایجان لەدایک بووە. ڕۆژێک، کە باوکی دەکەوێتە ژێر پەلاماری بەگێک، بۆ بەرگریکردن لە باوکی هێرش دەکاتە سەر فێیۆداڵەکە. لەم پێوەندییەدا دەیگرن و حوکمی زیندانی بۆ دەبڕنەوە، بەڵام ئەو دەتوانێ ڕابکا و بگەڕێتەوە زێدی خۆی. قاچاغ نەبی بە کۆکردنەوەی هاوبیرەکانی، چەک بەدەست، ماوەی ٢٠ ساڵ دژ بە حکوومەتی دەستەڵاتداران و مەئموورەکانی تێزار خەباتی کرد. وێرای چالاکی لەمبەر و ئەوبەری چۆمی ئاراس، یاریدەی وەرزێرە هەژارەکانی دەدا. ئەوانیش بە نۆرەی خۆیان یارمەتی و هاوکارییان دەکرد. هەر ئەوان بوون کە گۆرانی و ئەفسانەیان بۆ دروست کردبوو.

لە درێژایی تەواوی ئەو ساڵانەدا هەجێ (هاجێ، هاجەر)ی هاوخەباتی کە لەبەکارهێنانی چەک لە هاوژینەکەی کەمتر نەبوو، لەوپەڕی دلێری و بوێریدا لە تەنیشتی قاچاغ نەبی بوو.

توێژەری ئەرمەنی ک. خاچاتوروۆڤ ئاوا دەنووسێ»... «ژنەکوردێکی چەکدار دەتوانێ دەرەقەتی چوار پیاوی گەلێکی دیکە بێ. هیچ گەنجێک ئامادە نابێ زەماوەند لەگەڵ کچێک بکا کە دایکێکی ترسەنۆکی هەیە. ئەم چەشنە تێڕوانینە دەربارەی ژنان تا ڕادەیەک کۆنە و، بەم پێیە لە نێو کوردەکاندا چەشنەکاراکتەرێکی ژنانەی بوێری پێک هێنا کە لە هیچ بوارێکدا لە پیاوان بەجێ نامێنن.» (بڕوانە: سەرجەمی بەڵگەکان بۆ شیکردنەوەی شوێن و هۆزەکانی قەفقاز – ژمارەی ٢٠، تفلیس، ١٨٩٤، لاپەڕەی ٨٥)

دوژمن کە لە بەرەی شەڕی ئاشکرادا دەرەقەتی ئەو نەدەهات، پەنای بردە بەر چەکی ئەزموونکراوی خۆی واتە فێڵ و دەهۆ. لە ساڵی ١٨٩٥ فەرماندەری ناوچەی نەخجەوان، بازرگانێکی ئۆردوبادی بە ناوی پاشا حاجی فەرەج کە لە شاری ورمێ خەریکی بازرگانی بوو، بۆ کوشتنی نەبی لەو کاتەی لە دیوی ئێرانێ بوو، ڕاسپارد. پاشا حاجی فەرەج توانی دوو کەس لە لایەنگرانی نەبی بۆ جێبەجێکردنی ئەم پیلانگێڕییە ڕابکێشێ. شێخ حوسێن و کەربەلایی ئیمام لە لایەن ئەم بازرگانەوە بەکرێ گیران هەتا قاچاغ نەبی لە ڕێگای گەڕانەوەی لە شاری کەربەلایی بکوژن. (بڕوانە: ئەنسیکلۆپیدیای ئازەربایجان، بەرگی سێهەم، لاپەڕەی ١٠٤). نەبی لە ڕێکەوتی ١٢ی مارسی ١٨٩٦ لە گوندی لارین لە باشووری ئازەربایجان کوژرا.

بەڵام قاچاغ نەبی هەتا ئەمڕۆش لە بیرەوەرییەکانی خەڵکی ئەمەگداردا زیندووە. ئەو گۆرانییانەی سەبارەت بەو گوتراون هەتا ئەمڕۆش هەروا بە دڵی جەماوەرن. سولێمان ڕەحیمۆف نووسەری بە ناوبانگی ئازەربایجان کە بە ڕەگەز کوردە، ڕۆمانی «هەڵۆی قەفقاز» و جەلال بەرگوشاد ڕۆمانی «بە سواری بۆزات» یان نووسیوە، بەڵام سانسۆری ئازەربایجان ئیجازەی بە نووسەرەکان نەدا تا باسی ئەو نەتەوەیە بکەن کە قارەمانەکەی ئەوانی لێ هەڵکەوتووە. لە تەواوی ئەو بەرهەمانەی لەلایەن نووسەرانی دیکەوە نووسراون (بۆ وێنە: شانۆی»قاچاغ نەبی» نووسراوەی سولێمان ڕۆستەم) بە تایبەتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن کە نەبی ئازەربایجانی بووە، لەم حاڵەتەشدا مەبەستیان زۆرتر تورک بوونیەتی، هەرچەند سەرچاوەکان بە تایبەت شایەتی بۆ ڕەچەڵەکی کوردیی ئەو دەدەن. بۆ وێنە س. پ زیلینسکی لە بابەتی»ژیانی ئابووریی وەرزێڕەکانی سەربەدەوڵەت لە ناوچەی زانگزوری هەرێمی ئەلیزاوێتپۆڵ(٣) بە ڕاشکاوی دەنووسێ کە خەڵکی مۆللو بە تایبەتی بە زمانی کوردی قسە دەکەن. هەروەها لە تەواوی ڕۆژژمێرەکانی قەفقاز کە لە تفلیس چاپ و بڵاوبوونەتەوە (بڕوانە بۆ وێنە ساڵی ١٨٩٥، لاپەڕەی ١٨٤؛ هەروەها ساڵی ١٩٠٧)، گوندی ئاشاخی «یوخاری(٤)»، مۆللو لە هەرێمی ئەلیزاوێتپۆڵ، ناوچەی زانگزور وەک ناوچەیەکی کوردی پێناسە دەکرێ.

هاجەر پاش مردنی مێردەکەی ماوەیەکی زۆر بێوەژن مایەوە، پاشان مێردی بە هەمزەی گۆرانیبێژ کرد کە گەلێک گۆرانیی بەسەر قارەمانەتیی قاچاغ نەبیدا هەڵگوتبوو. ئەوان بوون بە خاوەن کچێک بە ناوی زێنەب کە مێردی بە کوڕی موحەڕەم کرد. زێنەب و کوڕی مەحەرەم کوڕێکیان بوو بە ناوی عاشق مەحەڕەمۆڤ کە هەتا کاتی داگیرکردنی قوباتلی لە لایەن هێزە چەکدارە ئەرمەنییەکانەوە، لە گوندی ئاشاخی مۆللو(هەروەها گوندی مۆللوی پێشوو) ژیا. هەتا ئەمڕۆش ناوی نەبی پێوەندیی بەم شوێنەوە هەیە («بەردی خۆزان»، «ڕێگای نەبی» و هتد).

گەلی کورد بەحەق شانازی بە کوڕ و کچە ناودارەکانی خۆیەوە دەکا. کرداری ئەوان، ئێمە بەرەو پاڵەوانەتی، دلێری و بوێری بانگ دەکات و هانمان دەدات بۆ ئەوەی لە خەبات بۆ ڕزگاری کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی دادپەروەر و دیموکراتیک لە سەر خاکی مێژووییمان بەشدار بین.

**سەرچاوە و پەراوێز:**

* ماڵپەڕی:Kurdist.ru ٦ی فوریەی ٢٠٠٨

١ـ لەتیف مەممەد بروکی(لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٨ لە ناوچەی ئاراراتی ئەرمەنستان) کوردێکی توێژەر، مێژووناس، کوردناس و بەرپرسی سایتی www.kurdist.ru، لە ڕووسیە و ئەندامی یەکێتی ژۆرنالیستەکانی ڕووسیە و فدراسیۆنی نێونەتەوەیی ژۆرنالیستەکانە. لەتیف مەممەد پێشتر لە ساڵانی ٢٠٠١/٢٠٠٠ سەرنووسەری گۆڤاری کۆمەلایەتی – سیاسی» دروژبا – دۆستی» لە مۆسکۆ بووە.

٢ـ مۆللوی خواروو

٣ـ Elisabethpol Governorate or Elizavetpol Governorate

٤ـ یوخاریی خواروو

زیادکراوی وەرگێڕ:

نموونەی بەندی «قاچاغ نەبی» لە سەر یوتیووب:

https://www.youtube.com/watch?v=scD87hxc2Q4

https://www.youtube.com/watch?v=AhbdQyMsHpk

https://www.youtube.com/watch?v=x3QNsvCQfFE

https://www.youtube.com/watch?v=d2NZpVxWq_0



لەیلا سالحی

# هەڵاڵە و ئارەزوویەکی ترساو

## خوێندنەوەیەکی ڕۆمانی «گرەوی بەختی هەڵاڵە»ی «عەتا نەهایی»

(٣-٢)



**ژن لە بەشێک لە دەقە فۆلکلۆرییەکانی کوردیدا**

کاتێک بمانهەوێ وەدوای گێڕانەوەیەک بەر لە دەقەکەی مەم و زین بکەوین، ئەوە جگە لە فۆلکلۆر واتە بەیت و چیرۆک و چیرۆکی منداڵان چیی ترمان لە دەستدا نییە هەتا بۆ پشکنینی جێگە و پێگەی ژن لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین. بەڵام هەر ئەو دەقانەش دەتوانن لەمەڕ دۆخی ژنەوە زۆر شتمان بۆ روون کەنەوە:

کاتێک چاو لە بەیتی «سەیدەوان» دەکەین ناوی هیچ کاراکتەرێکی ژن ناهێندرێ. لەو بەیتەدا جگە لە بووکە بێ ناو و نیشانەکەی «عەبدولعەزیزی داسنی» کە تەنیا لە خزمەت بە ئاکام گەیشتنی تراژێدیاکە دایە و دەستەوەستانە و بێ هیچ دەنگ و کردەوەیەک پاش ئەنجامی ڕیوایەتەکە، لە سەر سێ کوڕان بە جلی سوورەوە دەچێتەوە ماڵی باوانی و ئیتر باسی دەبڕێتەوە. هەر بەو شێوەیە کاتێک چاو لە یەکێک لە جوانترین بەیتەکانی کوردی واتە «خەج و سیامەند» دەکەین ڕاست بە وێنەی تراژێدیی مەم و زین، خەج مافی ئەوەی نییە لە گەڵ ئەویندارەکەیدا ژیانی هاوبەش پێک بێنێ بەڵام خەج، خەجێکی دەستەوەستان و نەبەگە نییە و هەوڵ دەدا فەرمانی کۆمەڵگەی دەستەڵاتدار قەبووڵ نەکا و سەری بۆ دانەنوێنێ و بە کردەوە، دژی خواستی ئەوان دەبێتەوە. کەچی دیسانیش کۆمەڵگای شاراوەی نێو ڕیوایەتەکە ئیزنی ژیانی پێ نادا و بە تایبەت پاش کوژرانی «سیامەند» ئیتر نابێ بمێنێ، چون ژیانی ئەو بایەخێکی نییە و تەنیا ئابڕووچوونەکەی پێ ماوە.

سەرەڕای ئەوانەش کاتێک لە فۆلکلۆردا چاو لە بەشی ئەدەبی منداڵان دەکەین کە لەو وتارەدا ناگونجێ، بۆ وێنە هەر لە چیرۆکی «میرخوناوەکە»دا کە لە «گرەوەی بەختی هەڵاڵە» دا باسی دەکرێ، کاراکتەری ژن هیچ کردەیەکی لێ نابیندرێ و تەنیا وەک خەڵات پێشکەشی میرخوناوکە دەکرێ. لە باقی چیرۆکەکانی منداڵانیشدا کردەوەی ژن جگە لە ئاستی ئاشقانە و بەختەوەریی بنەماڵەیی ناترازێ کە ئەویش تەنیا بە شازادەیەک یان پاڵەوانێک جێبەجێ دەبێ و کچە هیچ بەشێکی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆی نییە و جگە لەوەش، مێیینەکانی دیکە یان لە قالبی بوونەوەری ناحەز و جادووگەر و پرِ و پیرێژندا خۆیا دەبن یان یەخسیری تەلیسمی دێو و درنج و جادووگەرانن و چاوەڕوانی شۆڕەسوار و عاشقێکی دلێرن. ئیتر دەکرێ بگوترێ بە تەواو مانا ڕەگەزی مێیینە لاواز و بەرکار و بێ دەسەڵاتە، تەنیا کاتێک دەتوانێ بژی کە پیاوێک کێشەکەی بۆ چارەسەر بکا و جگە لەوە هەر کاتێک بەرهەڵستی کۆمەڵگە بێتەوە ناپارێزرێ و دەبێتە قوربانی.

**ژن لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا**

ئێستا بزانین لە گرەوی بەختی هەڵاڵەدا قارەمانی ژن بە شوێن چییەوەیە و بە کوێ دەگا؟ ئایا نووسەری ئەو ڕۆمانە توانیوێتی ئەوەندە یارمەتیی قارەمانەکەی بکا کە لە چاو ئەو قارەمانە ژنانەی باسمان کرد هەندێک پێشکەوتووتر بێ و ئارەزوویەکی دیکەی بەدەر لە بەختەوەریی بنەماڵەیی هەبێ؟

بە ڕستەیەک لە ڕۆمانەکەوە دەچینە نێو بابەتەکەوە:

«باوکی گوتی: ئەمن کچم ناوێ، کچێک کە شەو و ڕۆژ لەبەر ئاوێنە خۆی بڕازێنێتەوە و لە نێو پەنجەرەدا چاوەڕوان بێت هەتیوێک بە کۆڵانەکەدا تێپەڕ بێت و چاوی لێ بقرتێنێ...من کوڕم دەوێ... هەڵاڵە دەیگوت خۆ من کچ نیم، من کوڕم.»

قارەمانی ڕۆمانەکە لێرەدا بە پێی چاوەڕوانییەک کە باوکی وەک سیمبولی کۆمەڵگەی پیاوسالار لەوی هەیە، تەنانەت حاشا لە ڕەگەزی خۆی دەکا و هەوڵ دەدا بە دڵی ڕوانگەی پیاوسالارانە بجووڵێ، وەک ئەوان بپۆشێ و کرداریشی لە گوێن کرداری ئەوان بێ. بەڵام هەڵاڵە گەورە دەبێ و خۆی دەبینێتەوە و باسکێکی یاریدەدەریش هەیە کە زیندووی دەکاتەوە. هەڵاڵە تا ساتێک کە لەگەڵ باسکی یاریدەدەری نێرینە و ئەوینداری خۆی واتە «برایمۆک» ڕووبەڕوو نەبێتەوە هەرگیز بڕوا بە کچێنیی خۆی ناکا، بەڵام ئەوە برایمۆکە، کە وەبیری دێنێتەوە و بۆ سەرکەوتن ڕێی پێ دەنوێنێ. هەر ئەو جۆرەی کە بە گوتەی « ئێریگارای» ژن وەک سووژە، شوێن و پێگەیەکی چەوساوە و زوڵملێکراوەی هەیە و تەنانەت بۆ دەستەبەرکردنی ناسین لە هەمبەر کەسایەتی خۆشییەوە دەبێ لەلایەن پیاوان و زمانی پیاوانەوە یاریدەی بدرێ.

ژنان لە دەلاقەی ئەدەبەوە زۆربەی جاران بەو دوو جۆرە دەردەکەون:

**یەکیان:** ئەو جۆرە ڕوخسارانەیە کە هەڵگری شکۆن و کاری گەورە و بە بایخ ڕادەپەڕێنن، کە هەڵبەت ئەو کارە گەورەیە بایی ژیانی ئەوانە و خۆیان بە هۆی گەیشتن بەو پلەیە دەبنە قوربانی.

**جۆری دووهەم:** خۆیابوونی ڕوخساری ئەو ژنانەی وا فیداکارانە وەک قوربانی درێژە بە ژیانیان دەدەن، کەچی زیندوون. هەڵبەت ئەو جۆرە ڕوخسارانە دەبێ یەکجار بە تابشت و داوێنپاک و چاکەکار بن، ئەوجار دەتوانن لە ڕۆمانەکەدا بە زیندوویی بمێننەوە.

ئەو ڕوخسارە ژنانانەی وا تەمەنێکی زیاتریان هەیە لە ڕۆمانەکاندا و بە بەراورد لە گەڵ ژنە غەدرلێکراوەکان زیاتر دەمێننەوە. تەنیا ئەو ژنانە وا بە هیوای بەختەوەری بنەماڵەیین و هیچ ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتییان نییە هیوا و ئاواتیان لە ئاستی بنەماڵە ناترازێ. تەنانەت ئەو ژنانەش وا ناتوانن ئەو ئاقارە ئەزموون بکەن و بەڵام بواری ژیانیان لە ڕۆمانەکەدا هەیە زۆربەی جاران بە تەواوی چارەڕەش و بەدبەخت دیار دەکەون. ئایا ژنان تەنیا لە پانتایی بەختەوەریی بنەماڵەییدا بە ئارامش و شکۆ دەگەن؟

لە پاش سەدەی هەژدەهەمەوە ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی وا ژنان تێیاندا ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە زۆربوون دان. لەو نووسراوانەدا دوو خاڵ زۆر بەرچاوە، یەکیان ئەوەی کە ژنان سەرەڕای دەستکورتیی کۆمەڵایەتی، لە ژیانی ڕاستەقینەدا، ڕۆڵێکی گرینگ لە ئەدەبیاتدا دەگێڕن و لەلایەکی دیکەشەوە لە دونیای خەیاڵیدا بە هەڵکەوت تا کۆتایی دەقەکە زیندوو دەمێننەوە و زۆربەی جاران بە مردنێکی ناوادە و چاوەڕواننەکراو تێدا دەچن. هەڵاڵە بەرهەمی کۆمەڵگەیەکی هەژارە، چ لە باری سیاسی و چ لە باری هێمنایەتی و ئاوەدانیشەوە. سەرەڕای ئەوانەش کەڵکەڵەی سەرەکیی هەڵاڵە بەختەوەریی بنەماڵەیی یان گەیشتن بە دڵدارەکەی نییە. ئەو ژنێکە کە لە وڵاتێکی پێشکەوتوودا ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە ڕادیۆ کار دەکا و هیوای ئەوەیە درێژە بە خوێندن بدا. جگە لە کوردی سوئێدی و ئینگلیسیش بە باشی دەزانێ و بۆ پێشکەوتن هەوڵ دەدا و زۆر جار «شێرزاد»ی مێردی بەوە سەرکۆنە دەکا کە ناتوانێ پێشکەوتن قەبووڵ بکا و ناشتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو. وەک لە ڕۆمانەکەدا هاتووە ئەو توانیوێتی مافەکانی خۆی لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا بناسێ و ئامادە نییە ئازادی و پێشکەوتنی خۆی بگۆڕێتەوە بە بەختەورەیی بنەماڵەیی. سەرەڕای ئەوەش ئەو لەگەڵ کەسێکدا دەژی کە بنەماڵە بەسەریاندا سەپاندووە و ئەو تەنیا بۆ پاراستنی شەڕەفی باوکی و خواستی ئەو پێمل بووە شووی پێ بکا. شێرزادی مێردی، کەسێکە کە بە تەواوی بەرهەڵستی خواست و ئارەزووەکانی هەڵاڵە دەبێتەوە و هەرگیز ئەوەی پی قەبووڵ ناکرێ و بە وتەی هەڵاڵە: «ئەو دەترسێ لە من دوا بکەوێ.»

بەر لە سەدەکانی ١٦ و ١٧ لە ئوروووپادا، لە ئینجیل بەدەر هیچ کتێبێک شایستەی خوێندنەوە نەبوو. بەڵام پاشان خوێندنەوەی کتێب واتە فێربوون لە ڕێگەی دەورکردنەوەی کتێبەوە (کە ئارەزووی هەڵاڵە بوو) لە ئورووپاشدا لە سنووری مەزهەب دوور کەوتەوە و پاشان چێژوەرگرتن لە فێربوون ئیزنی بە مرۆڤ دا هەست و خواستی خۆی بنوێنێ. بەڵام خوێندن و خوێندنەوە تا ئەو کاتەش هەر بۆ ژنان کارێکی ناشیاو بوو و زیاتر وەک ئیشێکی پیاوانە دەهاتە ئەژمار. چونکە بە ڕای پیاوانی ئەو سەردەمە، ژنان بە خوێندنەوەی کتێب تووشی خەیاڵپەروەری و خواست و ئارەزووی نەشیاو دەبوون و ئەرکی دایکایەتییان لە بیر دەچۆوە. سەرەڕای ئەوەش کتێب خوێندنەوە، زەینییەتی ژنانەی لە یاسا ناجۆرەکانی کۆمەڵگەی پیاوسالار ئاگادار دەکردەوە، کەوابوو لە ڕوانگەی پیاوانەوە ژنانی خوێندەوار، مەترسیدار بوون. بەڵام ژنان لە سەدەی هەژدەهەم بەولاوە، بە خوێندنەوەی بەردەوام گەیشتنە ناسینی ناخی خۆیان. خوێندنەوەی کتێب ئیدەی نوێی بەوان بەخشی و کۆبوونەوە ئەدەبییەکان، بواری وتووێژی پێ دان بۆ گۆڕینی جیهان و ئەوەش نیگەرانی و ترسی پیاوانی بە دواوە بوو. پیاوان هەستیان بەوە دەکرد کە خەریکە هەڕەشە لە پێگەیان دەکرێ و هەوڵیان دەدا ژنانی خوێندەوار پەراوێز خەن. تەنانەت لە ئورووپا سێینەی (ژن_کتێب_ هیستری) واتە نەخۆشی دەروونی ببووە دەنگۆ. هەروەها لە تابلۆکانی ئەو سەردەمەشدا بۆ وێنە تابلۆیەک لە «فرانس ئی بێل» لە ١٨٥٠، وێنەیەک خوڵقاوە کە داکۆکی لە سەرەڕۆیی ژنانی هۆگر بە خوێندنەوە دەکا. وێنەکە وێنەی کچێکی لاوە کە کتێبەکەی بەرەوڕووی خۆی گرتووە، بەڵام شانێکی ڕووتە. جگە لەوەش زۆرن ئەو تابلۆیانەی ئەو سەردەمە کە تێیاندا خوێندنەوەی ژنان وێڕای ڕەنگ و بۆیەکی سێکس هاتووە. واتە خوێندنەوە دەبێتە هۆی بێ ڕەوشتی و بێ چاو و ڕوویی ژنان. ئەو نیگەرانییەی باسمان کرد لە قسەکەی هەڵاڵەدا کە دەڵێ: «ئەو دەترسێ لە من دوا بکەوێ» بە تەواوی دەبیندرێ.

شێرزاد هەر لە چەشنی ئەو پیاوانە ناتوانێ قەبووڵ بکا هەڵاڵە بچێتە زانکۆ و لە گەڵ دکتۆر سەعید باسی چیرۆک و ئەدەبیات بکا. ئەویش پێی وایە ئەوە ڕاست دەبێتە هۆی بێ چاو و ڕوویی و بێ ئەخلاقی هەڵاڵە و بۆی ناسەلمێندرێ کە ژنێکی ئاوەهای هەبێ. دەکرێ بڵێین ئەو پەتایەی زەینی پیاوانی سەدەی هەژدەهەمی ئورووپای داگرتبوو، ئێستا کەوتۆتە گیانی شێرزادی نوێنەری کۆمەڵگەی کوردەواری.

* لە ماڵپەڕی ئەنجومەنی ئەدەبیی بۆکان وەرگیراوە




# چریکەیەک لە بێستوونەوە



ئەنوەر عەزیزیان



حوسێن سەفامەنش هونەرمەندی بوێر و گەل خۆشەویستی کورد ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی لە پارێزگای کرماشان، مەڵبەندی مێژوو و ئەوین لەدایک بووە و بە ئەوینی نیشتمان فرچکی گرتووە.

حوسێنی تازەپێگەیشتوو هەر لە دەورانی خوێندنی سەرەتاییدا سۆز و هەستی خۆشەویستیی گۆرانیی لەلا دروست دەبێ و، هومێدی تەمەن و خۆلیاکانی تێدا دەبینێتەوە. ئەم ئارەزووە ڕەنگینە حوسێن قووڵتر پەلکێشی گۆڕەپانی ئاواز و مۆسیقا دەکا و پاشان دەنگی هونەرمەندی ئوستوورەی کورد ناسر ڕەزازی دەبێتە سەرچاوە و، هەڵ دەڕژێتە پێدەشتی هونەری سەفامەنشەوە و ڤەژەنی ئاواز لەو سیمایەوە دەگەشێتەوە و ڕووحی پتر بە ناخی مێلۆدی و زمانی گەلەکەیدا ڕۆدەچی و، لە شنەی ئەم خەیاڵەوە تەیری هومێدی باڵ دەگرێ و لە شاری مەهاباد دەگیرسێتەوە...

سەفامەنش دواتر لەگەڵ هونەرمەندان موحسێن گوڵپەرست، نەوزاد خەتات و لاوک لەتیف، ئاشنا دەبێ و یەکەم بەرهەمی هونەریی خۆی بەناوی «خوێشگە خاسەکەم» تۆمار دەکا کە دەبێتە مایەی دڵخۆشیی ئۆگرانی هونەر. دەنگدانەوەی دەنگخۆشییەکەی زیاتر دنەی حوسێنی لاو دەدا و بە شوێن بەستە و مەقامات و هۆنراوەدا دەخولێتەوە و، وەک ئاشقێکی بێقەرار ئارامیی لێ هەڵ دەگیرێ و لە ڕاوێچکەی ئێوارانی خەو و خەیاڵی بە دەوری ئەو سۆزەدا دەسووڕێتەوە...

حوسێن سەفامەنش لە ساڵی ١٣٧٩دا دەگەڕێتەوە کرماشان و کونسێرتێک بە شێوازی پاپ پێشکەش دەکا، ئەم جارەشیان سەرنجی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ و چریکەی دەبێتە سەمفۆنیایەک و ئارامی بە کۆمەڵگەی وڵاتەکەی دەبەخشێ و بە ئەزموونێکی کامڵترەوە شۆڕ دەبێتەوە نێو زەریای هونەر و سەر بە گێژاو و شەپۆلەکاندا دەکا و لە ڕاز و لرفە و هاوار و هەڕەشیان تێ دەگا و هیوایەتێکی گەورەی تێدا بەدی دەکرێ و ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی بە ئاڵبۆمی «ئێوارە» لە کازیوەدا دەگەشێتەوە.

سەفامەنش لە درێژەی ئەم چالاکییە هونەرییانەدا لە زۆربەی شارەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا کۆڕ و کۆنسێرت دەگێڕێ و لە فستیڤاڵی مووسیقیی سۆنەتی شاری تاراندا خەڵاتی یەکەم وەدەست دێنێ، پاشان سروشتی وڵاتەکەی بێشکەی ئارامی ڕادەژێنێ و باگکڕاوەندی تێروتەسەل لە ژێی ساز و پەردەی مووسیقا و ئاوازی گەلەکەی دەبنە تریفەی ئەستێرە و هەیبەتی نیشتمانەکەی، زینەتی گۆرانی و تەحریری سۆزی دەگەشێنێتەوە. ئیتر شەوارەی ترس و تۆقان شەفەقی گلێنەی پێدا نایە و، ڕۆچنەی ئاسۆی داناپۆشێ و وەک سروەی بەیانی زاگرۆس لە زمانی شیرینی لەکی،کەڵهوری، سۆرانی، هەورامی و، کرمانجییەوە دەشنێتەوە...

ئاخر هونەری حوسێن ناسنامەی نیشتمانێکە، کە میراتگری مێژووی گاتاکانی زەردەشت و سیمای شارستانیەتی کەونارای یارسان لە ژێیەکانی تەلموورەوە دەنوێنێ، ئەو گەلەی ماد لە ئاوێنەی ڕواڵەتیدا دەدرەوشێتەوە، دەستی پێ لە شکۆی خۆی هەڵناگیرێ و ناهێڵێ گەردەلولی پیلان و دەهۆی داگیرکەران دیمەنی سروشتی بشێوێنێ و ڕۆڵەی وڵاتپارێز و تۆرەمەی لە خوێنی خۆی دەخاتەوە.

حوسێن لە گرکانی لاوژەی ئەم ئەهوورایەوە سەری هەڵ داوە و، هەستی لە فۆڕم و نەوای مێژووی سەرسەخت و لە ئاونەچووی سیاچەمانەوە هەڵ قوڵاوە و لە سەنگەری چیا و هەیبەتی کوردایەتیدا باڵای کردووە و، دژ بە هەژموونیی دەسەڵاتی چەوتی ئاخووندەکان و بنەبڕکردنی قەڵافەتی ئازادی ڕاساوە و حاشا لە پاوانخوازە نەریتییەکان دەکا و لە ڕوانگەی یاسایەوە بۆ مافی ڕەوای دەڕوانێ و هانا دەباتە بەر ویژدانی مرۆڤایەتی و داوای تەبایی جیهان دەکا و، بانگەوازی ئاشتیخوازانەی گەلەکەی دەسەلمێنێ...

ماوەی چل ساڵە کۆماری ئیسلامی بە هەموو جورێک دژی زمان و هونەری گەلی کورد وەستاوەتەوە و بە هەر چەشنێک بۆی کرابێ لە هەوڵی سڕینەوەی مێژووی وڵاتی کورداندا بووە، بەڵام هونەرمەندان و ئەدیبانی ئەم زێدەزێڕینە مۆڵەتی پاستاوکردنی خاکەکەیان بەو دەسەڵاتە هونەرڕەتێنە نەداوە و زمان و هونەریان لە قەوارەی شکۆی خۆیدا هێشتووەتەوە و، بەختەوەرانە یەم بوارانە لە شوناسی نەتەوەییمان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی خۆشەویستدا هەروا لە گەشەکردن دایە...

ئەوینی ئەم ڕێبازە پیرۆزیی خۆی پاراستووە و، بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەوە و تەرت و هەڵەمووتەکانی بڕیوە و بەرەو لووتکەی هیواکانی هەڵ کشاوە، بۆیە ئاسۆی لێ نیزیکە و تیشکی خۆری تێ ڕژاوە. ئەم هۆنەرە تەنیا لە خەیاڵ و وشەدا ڕیسالەتی کۆ ناکرێتەوە و ڕستەی کورتی ئەم بابەتەش دەستی بە باڵی هەڵناگا و قامووسی زمان و هەستی پێ نانووسرێ و ڕازی دڵی ناکاتەوە، هەر ئەوەندی لێ دەزانێ بەرامەی ئەو تۆپە گوڵە چوار سنووری داگرتووە و ڕەنگی هەڵگورد و، کوچکەڕەش و، بێستوونی لێ نیشتوە...

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 732 22 August 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی



# منداڵانی تەمەن ٨ ساڵ و گەمەیان بە ماددەی هۆشبەر

عەلی بداغی

لە کاتێکدا دەنگوباسی سیاسی و هەواڵ لەسەر بارودۆخی نالەباری ئابووری لە ئێران سێبەری خستووەتە سەر زۆر دیاردە و ڕووداوی دی، ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن توشبوون بە مادەی هۆشبەر گەیوەتە قۆناغی تەقینەوە و؛ ئەوەی گرینگە دابەزینی تەمەنی گیرۆدەبووان بۆخوار ١٠ ساڵە.

بەرپرسی ناوەندی دەرمانی ئێعتیاد سەر بە ڕێکخراوی بێهزیستیی وڵات دەڵێ توشبوون بە مادەی هۆشبەر لە منداڵانی تەمەن ٨ تا ١١ ساڵدا پەرەی سەندووە و زۆرترین منداڵانی موعتادیش لە پارێزگای سیستان و بەلوچستاندا دەژین.

فەرید بەراتی وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم ئامارە وەک پیشەی زۆربەی کاربەدەستانی دەوڵەت بەرپرسایەتیی دەرمان و وازپێهێنان بە منداڵانی بێ سەرپەرستی گیرۆدەی ماددەی هۆشبەری لە ئەستۆی ڕێکخراوی بێهزیستی داماڵیوە و حەواڵەی وەزارەتی بێهداشتی کردوە.

ناوبراو دەڵێ هیچ ناوەندێک لە پارێزگای سیستان و بەلووچستان منداڵانی موعتاد وەرناگرن، چونکی لە کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان وەزارەتی بێهداشت و ستادی بەربەرەکانی لەگەڵ ماددەی هۆشبەردا لەسەر ئەوە بڕیاریان داوە کە کردنەوەی ناوندی وەرگرتن و هێشتنەوەی منداڵانی موعتاد پێویست نییە و پێویست بە خەواندنیان ناکا و بۆ دەرمان وچارەسەر دەبێ خۆیان هاتوچۆ بکەن.

بەپێی ڕێککەوتنەکانی ئەو دوو لایەنە وەزارەتی بێهداشت دەبێ ١٦ نەخۆشخانە لە ئاستی ئێراندا بۆ وەرگرتن و دەرمان و چارەسەری منداڵانی موعتاد بە ستادی بەناو بەربەرەکانی لەگەڵ مادەی هۆشبەر و هەروەها ڕێکخراوی بێهزیستی بناسێنێ، بەڵام وەک فەرید بەراتی باسی دەکا؛ هەتا ئێستا لەو بارەوە هیچ نەکراوە و ڕوون نییە کە بەرنامەی وەزارەتی خوێندن و پەروەردە بۆ دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی منداڵانی موعتاد چۆنە و چ دەبێ. هەروەها وەزارەتی بێهداشت هێشتا بڕیاری نەداوە کە ئەو بەرنامەیە ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئاخۆ منداڵانی کار، منداڵانی سەرشەقام و هەروەها منداڵانی کۆچبەر و پەناخوازیش دەگرێتەوە یان نا؟

بەرپرسی ناوەندی دەرمانی ئێعتیاد سەر بە ڕێکخراوی بێهزیستیی وڵات لەبارەی ئاستی تەمەنیی منداڵانی گیرۆدەی مادەی هۆشبەر دەڵێ ئێعتیاد هەموو گرووپە تەمەنییەکانی منداڵانی داگرتوە، منداڵ هەیە زگماک کە لەدایک دەبێ بەهۆی موعتادبوونی دایکی ئەویش موعتادە، هەتا دەگاتە منداڵانی سەروو ١٠ ساڵ و خوار ئەو تەمەنە. بەڵام زۆرترین ڕێژەی گیرۆدەبووان بە مادەی هۆشبەر لە منداڵان لە نێوان ٨ ساڵ بۆ ١١ ساڵ دایە.

ئیسنا، هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێرانیش لە ڕاپۆرتێکدا کە لەبارەی ژنان و منداڵانی کارتۆن خەو لە تاران بڵاوی کردووەتەوە، دەڵێ: تەنیا لە کەلاوەکانی شاری تاراندا مانگانە بەشێوەی مامناوەند ١٢٠ منداڵی گیرۆدە بوو بە مادەی هۆشبەر لە دایک دەبن کە زۆربەیان لە هەمان یەکەم ڕۆژەکانی دوای لە دایکبونیاندا بەهۆی ئێعتیادەوە دەمرن، یان دەفرۆشرێن و یان گیرۆدەی چارەنووسی دایکە موعتادە کارتۆنخەوەکانیان دەبن. چاوەدێرانی سیاسی دەڵێن هیچ پلان و بەرنامە و ئیرادەیەک بۆ چارەسەری ئەم دیاردەیە و دەرمانکردنی منداڵانی موعتاد و بەرگرتن لە دووگیانبوونی ژنانی موعتادی کارتۆن خەو لە ئێراندا نییە.

کارناسانی کۆمەڵایەتیش دەڵێن هیچ ئۆرگانیزم و پلانێک لە ئێراندا نییە ڕێ بگرێ لەو ژنانەی کە گیرۆدەی مادەی هۆشبەر و کارتۆنخەو و دایکی چەند منداڵن، هەتا جارێکی دی منداڵی دییان نەبێتەوە، منداڵێک زگماک موعتاد لە دایک دەبێ.

ئەوان دەڵێن دەوڵەت هیچ بەرنامەیەکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی لە دایکبوونی منداڵانی موعتاد نییە. دەوڵەت چاوەڕێیە منداڵ بە موعتادی لە دایک بێ ئەمجارەیان ئەگەر کرا هەوڵی دەرمان و چارەسەری بۆ بدا. ئەویش لە کاتێکدا کە ئەگەر سەدا ١٠ی حەشیمەتی موعتادەکانی وڵات ژن بن و لە ساڵدا تەنیا یەک لە چواری ئەو ژنانە دووگیان بن، لە داهاتوویەکی نیزیکدا و لە نەبوونی بەرپرسایەتیی حوکمەت و دەوڵەتدا ئامارێکی ترسناک لەو دیاردەیە بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرێ.

ئامارەکانی ئۆرژانسی کۆمەڵایەتی لە ئێران دەڵێن لە ئێستادا و لە ڕۆژدا لە نێوان ٢٠ هەتا ٢٠٠ منداڵی موعتاد لە دایک دەبن کە دەبێ لە بەشە تایبەتییەکانی نەخۆشخانەکاندا بخرێنە ژێر چاوەدێری، بەڵام لە هیچ نەخۆشخانەیەکی وڵاتدا شوێن و دەرەتانی ئەو پێڕاگەیشتنە نییە.

پەرەسەندنی دیاردەی ئێعتیاد و هەڵکشانی ئاماری منداڵانی موعتاد لە کاتێک دایە کە تا ئێستا کاری بەرپرسان هەر تاوانبارکردنی یەکتر و حەواڵە بە گەواڵەکردنی بەناو پلان و بەرنامەکانی بەرەنگارییە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە دوو دەیەی ڕابردوودا بەرەوڕووی کۆمەڵێک قەیران و خەساری کۆمەڵایەتیی وەک بێکاری، تەڵاق، ئێعتیاد، خەمۆکی، خۆکوژی و زۆربوونی حەشیمەتی ژنانی سەرپەرست بۆتەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر جێیان لە کۆمەڵگەدا خۆش کردوە و هەمووشیان بە جۆرێک شوێنکاریان لەسەر یەکتری هەیە.

کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن ماکە و سەرچاوەی سەرەکیی هەموو قەیرانەکان بێکاری و هەژارییە و لەگەڵ ئەو ڕادە هەژارییەی لە ئێستادا کۆمەڵگەی تەنیوە، زۆر زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ خۆی لەو خەسارانە بەدوور بگرێ.

خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەیەکن کە تایبەت بە هەموو کۆمەڵگەیەکن، بەڵام چەندی و چۆنییەکەیان بەپێی نێوەرۆکی ئەم کۆمەڵگانە لێک جیاوازن. دیارە لە هەر حاڵدا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان شتێک نین کۆنترۆڵ نەبن، یان چارەسەریان نەبێ و بنەبڕ نەکرێن، بەڵام ئەوەش پێوەندیی بە سیستمی بەڕێوەبەریی وڵاتان و پێکهاتەی کۆمەڵگەکان هەیە. لە کۆمەڵگە کراوەکاندا دەسەڵاتی کۆمەڵگە لە سیاسەت زیاترە و سیاسەتی بەڕێوەبەریی کۆمەڵگەش لەڕێگەی سیستمی پەروەردەوە دەخزێتە هەناوی کۆمەڵگە و دەسەڵات کەمترین دەستتێوەردانی لەو بوارەدا هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگە داخراوەکان و یەک لەوان ئێراندا ئەوە سیاسەت و هێزی دەسەڵاتە کە هەموو قانوونەکان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێنێ و هۆکاری سەرەکیی هەموو قەیران و دیاردە و خەسارەکانە.

بەو پێیە لە کۆمەڵگە کراوەکاندا خەسارە کۆمەڵایەتییەکان زۆر زوو کۆنترۆڵ دەکرێن، چونکی ئەوە خەڵک و ڕێکخراوە مەدەنی و نادەوڵەتییەکانن کە ڕێگاچارەکانی بەربەرەکانی لەگەڵ خەسارە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکەن و بە گژیاندا دەچنەوە، بەڵام لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا ئەوە نیزامی سیاسیی زاڵ بەسەر وڵات دایە کە نەتەنیا هەوڵێک بۆ چارەسەری کێشەکانی کۆمەڵگە نادا، بەڵکوو خۆی خەسارخوڵقێنە و خەسارە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک چەکێک لە پێناو مانەوەی خۆیدا بەکار دێنێ.

# ڕێوڕەسمەکانی یادی ٢٥ی گەلاوێژ لە دەرەوەی وڵات



**فینلاند**

ڕۆژی شەممە، ٢٠ی گەلاوێژ لە شاری تۆرکۆی وڵاتی فینلاند ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ بەڕیوەچوو. لەو ڕێوڕەسمەدا نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستان و سەدان کەس لە ئەندامان، دۆست و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات و کوردانی دانیشتووی ئەو شارە بەشدار بوون. خوێندنەوەی پەیامی کۆمیتەی حیزب، پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان و، سروود و گۆرانی چەند بڕگەیەکی ئەم ڕێوڕەسمە بوون.





**ئوتریش**

ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ی گەلاوێژ لە ڕێوڕەسمێکدا کە لە شاری ڤییەن و بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و، هەروەها نوێنەری چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی گیرا، یادی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزب بەرز ڕاگیرا. لەو ڕێوڕەسمەدا وتاری کۆمیتەی ئوتریش و پەیامی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە یادەکە خوێندرایەوە و بەرنامەکە بە چەند بڕگەیەکی هونەری و ئەدەبی درێژەی پێ درا. لەو بۆنەیەدا جیا لە حیزب و لایەنە سیاسییە کوردییەکان، دوکتۆر یوسف سترانیگ، ئەندام پارلمان لەسەر لیستی حیزبی سۆسیال دیمۆکرات؛ دوکتۆر کریسپەر، ئەندام پارلمان لەسەر لیستی پارتی لیبڕال، پەیامی ناوندی کولتوری ئیسرائیلیەکان، پەیامی ڕێکخراوی Stop the Bombو، پەیامی خاتوو سیسی دانینگەر، ڕۆژنامەنوس و دۆستی کورد پەیامیان پێشکێش کرد.



**دانمارک**

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٧ی گەلاوێژ لە شاری خۆسکیلدە لە وڵاتی دانمارک، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و نوێنەری لایەنە کوردستانییەکان یادی ٢٥ی گەلاوێژ بەرز ڕاگیرا. ئەو ڕێوڕەسمە بە داگیرساندنی مۆمی ٧٣ ساڵەی دامەزرانی حیزب دەستی پێ کرد و پەیامی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بەو بۆنەیە خوێندرایەوە. خوێندنەوەی پەیامی هاوبەشی یەکیەتیی ژنان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو بۆنەیە، بەشە ڕەنگاڵە هونەرییەکان و خوێندنەوەی پەیامی نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشدار، چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

# یەڵدا عەباسی چووە سەردانی منداڵانی قوربانیی مین لە سنە و مەریوان



یەڵدا عەباسی، هونەرمەندی ناسراوی کوردی خەڵکی خۆراسان و باڵوێزی ماف بۆ جیهانی دوور لە مین، سەردانی پارێزگای سنەی کرد و چاوی بە منداڵانی قوربانیی مین کەوت. ئەو هونەرمەندە کوردە لەبارەی سەردانەکەی بۆ کوردستان گوتی: «لە کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەریی دامەزراوەی ماف، باس لە کۆنسێرتێک کرا کە بۆ منداڵانی قوربانیی مینی بگرین و هەموو داهاتی ئەو کۆنسێرتە بۆ پشتیوانیی پزیشکی و ڕاوێژکاری و دەروونناسیی منداڵانی بەرکەوتووی ناوچەکانی بە مین چێندراوی کوردستان تەرخان دەکرێ.»

یەڵدا عەباسی هەر لەو سەردانەدا چاوی بە منداڵانی بەرکەوتووی مین لە گوندی «نشکاش»ی مەریوان کەوت و هاوخەمیی خۆی سەبارەت بەو کارەساتەی بەسەریان هاتووە، پێ ڕاگەیاندن.

# ئێوارەشێعری «پلوورەوارانی دەنگەکان» لە پاوە




لە لایەن ئەنجومەنی ئەدەبیی «قەڵەمی هاوچەرخی کورد» لە شاری پاوە ئێوارە شێعری «پلوورەوانانی دەنگەکان»ی بەڕێوە برد. لەم ئێوارە شێعرەی ڕۆژی پێنجشەممە، ١٨ی گەلاوێژی ئەنجوومەنی پاوەدا دەیان کەس لە شاعیرانی زۆربەی شارەکانی کوردستان بەشدار بوون. لەم ئێوارەشێعرەدا سەرەتا پەیامی ئەنجوومەن بەبۆنەی کۆچی دوایی مەعسوومە خانم، خێزانی مامۆستا هەژار خوێندرایەوە و دواتر کۆمەڵێک لە بەشداران وەک ژوان ڕەحیمی لە هەورامانی تەخت، ماهپارە ئەمینی لە سەقز، عەتا وەلەدی لە مەریوان، ئیسماعیل عەزەمی لە دیواندەرە، فەریدوون ئەحمەدی لە جوانڕۆ، ژیکاڵ مەریوانی لە پاوە، سەحەر مەعێزی لە سنە، عومەر محەممەدی لە شنۆ، ئاشنا عەباسمەنش لە کرماشان، ب. م شارۆ لە دزڵی و تاهیر ئاهەنگەری لە مەهاباد شێعرەکانیان خوێندەوە. لە کۆتایی بەرنامەکەدا لەوحی پێزانین بەو شاعێرانە درا کە لەو ئێوارەشێعرە شێعریان پێشکەش بە بەشداران کرد.

